# شانۆکار

10

## گۆڤارێکی شانۆیی وەرزییە

خاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەر: **نیهاد جامی**

بەڕێوەبەری هونەری: دلێر ڕەفیق



**پێکهاتەکانی تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکوك**



**مەلەفێکی ڕەخنەیی بۆ قەقنەسێکی شانۆ**

ئیمەیلی شانۆکار:

shanokar@hotmail.com

سایتی شانۆکار:

www.dengekan.com/shanokar.htm

# لەم ژمارەیەدا ١٠


**سەروتار، سەرنووسەر**..........................................................ل٥

پێکهاتەکانی تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکوك، **سدیق عەزیز**............................ل٧

کۆمیدیای ئەنتیك گاڵتەئامێز نەبووە، **و: دانا رەئوف**.................................... ل١٣

یوجین ئۆنیل هونەرمەندێکی گەڕۆك، **و. : بابەك سەحرانەوەرد**............................ل٢٧

چەمکی دراماتۆرگی وکاری دراماتۆرگ، **و: یاسین قادر بەرزنجی**.........................ل٣٧

شانۆیەك بۆ نەوەکان ، **فرمێسك مستەفا**...................................................ل٤٣

دروست کردنی ئەکتەر و رزگار بوون...، **حەیدەر عەبدولڕەحمان**..........................ل٤٧

هاملێت وەك عاشقێکی دۆراو.. ، **گۆران عەلی کەریم**......................................ل٥١

بوونەوەرێکی شانۆیی ، **کاردۆ**.................................................................ل٥٥

مەلەفێکی ڕەخنەیی بۆ قەقنەسێکی شانۆ،.......................................................ل٥٧

چەند دێرێك بەدوای نمایشی ( قەقنەس)ی گەزیزە، **حەمەسوار عەزیز**....................ل٥٩

مانای سێیەم لەپرۆسەی دەقئاوێزان.. ، **نیهاد جامی**.......................................ل٦٥

ئایا گەزیزە شانۆکەی وەك قەقنەس سوتاند؟، **شکۆ عومەر**................................ل٧٥

سرووت و پیرۆزیەکان وەك بە شێك لەنمایشی..، **سدیق عەزیز**............................ل٨٣

فیگەری حەز لە نمایشی "دەبا هەڵسم"، **بەیان سەلمان**...................................ل٨٩

باکۆ سۆرانی:'، **دیمانە : کامەران سوبحان**.................................................ل٩٥

نیگار حەسیب و شەماڵ عومەر خەڵاتی تایبەتیان لە ئوردون پێ بەخشرا................ل١٠١

سیستمی نوێی جیهانی، و: مەجید سالح ....................................................ل١٠٧

## سەرووتار

# ماڵئاوایی لەخەون

**سەرنووسەر**

ئێمە گەڕاینەوە کەرکوك تاوەکو شانۆکەمان بگەیەنینە ئاستی خەون.. نەوەیەك هەبوو خەونەکانی زەوتکرابوو، ویستمان شانۆ وەك شانۆ بێت نەك وەك ئارەزووی لاسایکردنەوە ودیاردەو بۆنەکان بێت.

هەر لەسەرەتای دامەزراندنی تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکوك ئەو سیما ئەزموونکاری و خەونەمان بەم شێوەیە خستە ڕوو.. ئەوسا ئێمە بەسەر وێرانەدا هاتین.. کەچی سارد نەبووینەوە، بەپێی قۆناغی ئەزموونکاریی ئەو تیپە لە سێ قۆناغدا کارمان کرد قۆناغی یەکەم پێنج ئەزموونی شانۆیی لە قەلاو قشلەو ژوورو ڕاراوەکان بەرهەم هێنا ئەوانیش (پرۆڤەیەکی شانۆیی بۆ چاوەڕوانی گۆدۆ، خاچ، سەگ ودەف، زولێخا لەخەونی یوسفدا، هاملێتی کەرکوك) ئەو قۆناغەمان ناونا ئەنترۆپۆلۆژیای شانۆ ئیشکردنێکی جەستەیی بوو لە شوێنەوارە ناشانۆییەکان وگواستنەوەی بۆ ڕووبەری شانۆیی.

قۆناغی دووەمان ئیشکردن بوو لەسەر دەنگ و سرووت وکولتورە جیاوازەکان ئەو قۆناغەمان ناونا سۆسیۆلۆژیای شانۆ: میتۆدی دەنگ میتا حیکایەت کە جگە لەشاری کەرکوك لەچەندین شوێنی تریش ئەزموونی جیاوازمان نمایش کرد لەوانە لە شاری کەرکوك (یادەوەری دە نگ، ئۆدیب زەردەشت، حیکایەتی لم، ئەنتیگۆنای قەڵا) لە کۆیە (یادەوەری دەنگ/ ٢) لە دەربەندیخان (تونێل) لە هەڵەبجە (شەرابی سێو) لە ڕانیە (جوانترین) مردن

دواتر هەوڵماندا ئەم دو قۆناغە بەیەکتر بگەیەنینەوەو ناومانن شانۆی پۆلیڤۆنی و چوار نمایشی شانۆیی لێکەوتەوە (دەستنووسێکی شانۆیی، پارانەوە، هاواری پیاوێکی سەر پێی، مۆسیقارێکی ماندوو( کە ئەزموونەکە گەیشتە ترۆپك هەڵوەشاندنەوەی ئەو تیپەو خۆ ڕێکخستنەوەمان لەناو گروپێك کە ئیشکردنەوەی تر بێت بەناوی (گروپی شانۆی کولتوریی) درێژەمان بەکارەکاندا و شانۆگەری (تەنیایی خۆرئاوابوون) مان نمایشکرد ئەوە جگە لە بوونی پەیجی تایبەتی گروپەکە لە تۆری کۆمەلایەتی فەیس بوك کە تەواوی چالاکی و وتاری شانۆیی تەواوی شانۆکارانی کوردی گرتۆتە خۆی، هەروەها بلاگەرێکی تایبەت بە گروپ و لەپاڵ گۆڤاری شانۆکار.

ئەمرۆ کە دەبینین نەوەکان خەونی تازەتریان هەیە، چیتر شانۆی کەرکوك بەرهەمی وێرانە نیە، ئەو هەنگاوەی دەبوو بنرابوایە سەرکەووتوانە دەستپێشخەریمان تیای کرد بۆیە ئومێدی گەورەمان بەوەیە کە نەوە نوێکانی ئەمرۆی شانۆی کەرکوك بتوانن هەنگاوی جدیترو عەقلانیتر بنێن..

لەم سۆنگەیەشەوە هەست بەوە دەکەین چیتر ئەو گروپەی ئێمە پێویستیەکی دۆخە شانۆییەکە نیە بۆیە ڕایدەگەیەنین لێرەوە ماڵئاوایی لەو خەونە شانۆییە دەکەین وگروپی شانۆی کولتوریی هەڵدەوەشێنینەوە وەك چۆن پەیجی گروپەکە لە فەیس بوك پەکدەخرێت بەهیوای ئەوەی گەنجان بتوانن لەم قۆناغە نوێیەدا هەوڵی باشتر لە ئێمە بنێن.. هەر هاوکاریەکیش لەتوانای ئێمەدا بێت ئەنجامی دەدەین، هەرچی سەبارەت بە بلاگەری گروپەکەیە ئەگەرچی هیچ بابەتی تازەی تیا بلاو ناکرێتەوە بەلام وەك ئەرشیفێك جێی دێلین کە بمینێتەوە.

ئەوەی لەم پرۆژەیەدا بەردەوام دەبێت تەنیا گۆڤاری شانۆکارە کە پێی توانا هەوڵ ئەدەین گۆڤارەکە وەك گۆڤارێکی شانۆیی تایبەت بە لێکۆلینەوەو ڕەخنەی شانۆیی بەردەوامی هەبێت.

لێرەوە جێی خۆیەتی سوپاسی هەموو ئەوانە بکەین کە عاشقانە کاریان لەگەلدا کردووین ئەوانەش هەمیشە هاوکارو پاڵپشتی خەون و کارەکانمان بوونە.. ئێمە هیچمان نیە بیلێین جگە لەخۆشەویستیەکی بێ سنوور بۆ هەر هەمووان ئومێدمان وایە بتوانین لەهەوڵی تاکە کەسیدا و لەدەرەوی گروپ پێتان بگەیننەوە، ئەگەر دەرفەتی ئەوەش نەمابوو بمانبەخشن گرنگ ئەوەیە لە تەمەنێکی یادەوەری شانۆی ئەم شارە بونمان هەبوبێت.. کە خۆشمان بەسەربەرز دەبینین چونکە لەماوەی ٢٠٠٦–٢٠١٢ توانیمان (١٨) شانۆگەری بەرهەم بێنین .



سدیق عەزیز

# پێکهاتەکانی تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکوک

ئەگەر چی من تا ئێستا هیچ بەرهەموو چالاکیەکی تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکوکم نە بینیوە،وە هیچ ئاشنایەتی و یەکتر ناسینێك لە بەینی من و ئەندامانی ئەو تیپەدا نیە،بەڵکو لەڕیگای نوسین و گۆڤاری شانۆکار و ئەو سایتە ئەلکترۆنیەی کە هەیەتی توانیومە ئاشانا بم بە کارو بەرهەموو ئامانجی ئەم تیپە، بەتایبەتی لە لایەن تیۆریەوە. لەبەر ئەوەی هیچ کارێکی ئەم تیپەم نەبینیەوە ،نەڕیگا بەخۆم ئەدەم و نە ئەشمەوێت سەبارەت بە لایەنی هونەری و کاری پراکتیکی تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکوك قسەبکەم .ئەگەر چی قسەکردنیش لەو بارەیەوە بفە نیەو ئەتوانرێت لەڕیگای ئەو لێکۆڵینەوە و نوسین و بابەت تیوریانەی کە هەیانە لە گۆڤارو سایت و ڕۆژنامەکاندا ، بتوانرێت خوێندنەوە و هەڵسانگاندن بۆ کارەکانیان بکرێت، لەبەر ئەوەی زۆری ئەو کەسانەی کە لەسەر ئارتۆ و کرۆتۆفسکی و ئابیاو پیتەر بروك وەك نمونە لێکڵینەوە و باس و نوسینیان هیە ،هیچ لەبەرهەمەکانی ئەو دەرهێنەرانەیان نەبینیوە، بەڵکو لەڕیگای نوسین و بەرهەمە تیۆریەکانیانەوە توانراوە خوێندنەوە ولێکۆڵینەوەی تایبەتیان بۆبکرێت .نمونەشمان زۆرن





لەکوردوستاندا کە چەندین نووسین و بابەت و کتێب لەسەر ئەو دەرهێنارانە نوسراون و بێئەوەی کەسێك تەنها بەرهەمێکی ئەو دەرهێنەرانەی بینی بێت. یان لەم ساتە وەختەدا ئەم جیلە نوێیە لە شانۆکاران نمایشەکانی ساڵانی ٥٠ و ٦٠ تەکانی نەبینیوە ،بەڵام لەڕیگای هەندێك نوسینو ئەرشیفەوە باس هەڵسانگاندن بۆ ئەو بەرهەمانە دەکرێت. یەکێك لەهەر کێشە سەرەکیەکان هونەری شانۆ ئەوەیە کە هونەری شانۆ هونەرێکی کاتیە یان (زەمەنیە ) بەو مانایەی کەوەك هونەری شێوەکار جێگای (مەکانی) نیە کە هەرکات و هەروەختێك بمانەوێت بتوانین تابلۆیەك بیهێنینەوە پێش چاوی خۆمان و قسەی لەسەر بکەین ،یان بتوانین لە ڕێگای وێنە گرتنەوە بیگەیەنینە کەسێکی تر تا بتوانێت قسەی لەسەر باکات ، لەهەمان کاتیشدا وەك پارچە موسیکێك نیە کە لە ڕیگای ئامێرێکەوە بتوانێن چەندین جارو کەی بمانەوێت گویٚ لبگرین. دیارە ئەمە سیفەتە لە هونەری شانۆدا کێشەیەکیتری بە دوای خۆیدا هێناوە کە ئەویش کێشەی ڕەخنەو ڕەخنەگرە لە بواری شانۆدا ،لەبەر ئەوەی کە ڕەخنەگر دەبێت ئامادەگی ڕاستەو خۆی هەبێت لە نمایشێکی شانۆیدا تا بتوانێت قسەی لەسەر بکات و خوێندنەوەی خۆی هەبێت لەسەر نمایشکە. هونەری شانۆ چەندێك بە هونەرێك ئاسان و سادە دێتە پێش چاو بەڵام لە ڕوو زانستیەکەیەوە یەکێە لە هەرە هونەرە ئاڵۆزو بەیەکدا چوەکان کە لە چەندین چەمکو گۆشەنیگای جیوازەوە دەتوانرێت خوێندنەوەی بۆ بکرێت .

دیارە ئەم ڕونکردنەوەی سەروە لەسەر چۆنیەتی نوسین لەسەر کۆمەڵێك بەرهەمی نەبینراو، ئەوە ناگەیەنێت کە ڕێگا خۆشەکەربێت بۆ کەسانێك کە بیانەوێت بە بیٚ بوونی بنەمایەی زانستیو هۆشمەندی شانۆییەوە خۆیان لەقەرەی ئەو جۆرە کارانە بدەن ، تۆ کە خاوەنی زەمینەیەکی تیۆری نەبیت ناتوانیت لەڕێگای نوسینەوە لە چۆنیەتی پراکتیکی پرۆسەیەکی شانۆی تێبگەیت.

ئەوەی مەبەستی منە لەم نوسینە ئەم بابەتە زیاتر قسەکردنە لەسەر پێك هاتەی تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکوك ، کە ئەم تیپە تەنها لە ڕووی میتۆدۆدو شێوەی کارکردنەوە جیواز نین لە تیپە شانۆییە تقلیدی و سونەتیەکان، ،بەڵکو ئەم تیپە لەڕووی ئیدارەو شیوەو فۆڕمی بەڕێوەبردنەوە وەك تیپێکی شانۆیی توانیویانە گۆڕانکاریو ئەزمونی نویٚ بهێننە ناو شانۆی کوردیەوە. دیارە من



لەم چەمکەوە مافی ئەوەم هەیە لەسەر ئەم تیپە قسەبکەم لەڕێگای ئەو گۆڤارو سایتە ئەلکترۆنیەی کە تیپەکە هەیەتی وەك ئەرگومێنتکو بونێك مادی کە لەبەر دەستماندا هەیە.ئەم تیپە تەنها لە رووی میتۆدی کارکرکەدن و بانگەشەکردن بۆ ئەزمونگەری نایەنەوێت خۆیان لە تیپەکانی تر جیاکەنەوە،بەڵکو ئەم تیپە دەیەوێت لەو ڕووی چۆنیەتی ئیدارەو بەڕیوەبردنی تیپەکەشدا خۆیان لەو شێوە فۆڕمو بەڕیوەبردنە کالاسیکەیە باوە بەدوربگرن کەبۆتە عادەتێکی باوی سونەتی لەناو تیپەکانی تردا. تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکوك تەنها تیپێك نیە کە بیر لە ژمارەی بەرهەمو ئەندام کۆکردنەوە بکاتەوە ، بەڵکو تیپەکە کە هەوڵی گۆڕنکاری و تێکشاکاندی شانۆی باوو هێنانە ناوەوەی چەمکی نوێ و بە زانستکردنی شانۆیە لە رووی فۆرمو ناوەرۆکەوە.

لەم تیپەدا سێ بنەمای گرنگو بنەڕەتی بەدیدەکرێت کە بونەتە خاڵی پتەوی پێکهاتەی ئەم تیپە،هەر ئەم سێ خاڵەگرنەگشە وای کردووە ئەم تیپە لەفۆڕمێکی نوێی سەردەمیانەدا خۆی نیشاندات ،ئەو شێوە فۆرمو پێکهاتەیەی کە ئەمڕۆ لە تیپی شانۆی ئەزمونەگەری کەرکودا هەیە ،هەر ئەو شێوە پێکهاتەییە کە لە زۆربەی تیپە شانۆییە ڕۆژ ئاواییەکاندا بەدی دەکرێت.

/1ئەم تیپە توانیویەتی بەسود وەرگرتن







لە و پیشکەوتنە زانستی و تەکنەلۆژیایەی کە لەم ڕۆدا هەیە ،سایتێکی ئەلکترۆنی بۆ خۆیان دروست بکەن و بتوانن لە ڕێگای ئەم سایتەوە بەشێوەیەکی بەرفراوان پەیوەندیەکانی خۆیان بە هەموو کوردستان و دەروەی کوردوستانیش گربدەن. دروستکردنی پەیوەندی وناساندنی خۆت بە دنیای دەرەوە و تێپەڕاندنی سنورەکان ،یەکێکە لە خاڵە گرنگەکانی دنیای یەکتر ناسین و ئاشنا بوون بەکارو بەرهەمی یەکتری. ئەم هەنگاوە گرنگەی تیپی شانۆی ئەزمونگەری تێکشکاندنی سنورەکانەو تێپەڕاندنی ئەو فۆڕمە تەقلیدیە کە لە ناو تیپەکانی تردا بەدیدەکرێت. لەڕاسیدا بوونی سایتێکی ئەلەکترۆنی بۆ تیپ و گرووپە شانۆیەکان بۆتە پێویستەیکی ڕۆژانە لە هەموو دنیادا. بوونی سایتێك جگە لەوەی کە هاوکاریەکی گەورەت دەکات تا بتوانیت لە کەمترین وەختدا و بە ئاسانترین شیوە زۆرترین زانیاری لەسەر شوێنێك یان گرووپێکی تایبەتی کۆبکەیتەوە ،لە هەمانکاتیشدا ڕێگایە بۆ بە جیهانیکردنی خۆت و ناساندنی خۆت بە زۆر شوێنی ئەم دنیایە. دروستکردنی سایتتێك نە کارێکی هیندە گرانە و نە تەکلیفێکی هێندە زۆر دەبات تا تیپێك خۆی بکاتە بخاوەنی سایتێك کە بتوانێت خۆی بە دنیای دەرەوە ئاشنابکات. بەبڕوای من هیچ پاساوێك نیە بۆ ئەم




حاڵەتە ،جگە لە نەبوونی خەمخۆری بۆ بۆ بەهای شانۆ بە شێوەیەکی گشتی و وە نەبوونی بەهاش بۆ خودی تیپە خۆی. بە راستی جێگای پرسیارە کە هەندێك تیپ خاوەن مێژوویەکن ،کەچی تائێستا نەیان توانیوە وەك سایتێك بکەنەوە کە تەنها بۆ لایەنی ئەرشیفی کارەکانیان بەکاری بهێنن تا هەرکات و هەرکەسێك ویستی بە ئاسانی باکارەکانی ئەم تیپە ئاشنا بێت ، یەکێك لەو تیپانە کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کورد لە سلێمانی وەك نمونە ،کەمن خۆم ئەندامی ئەو تیپە بومو وە تا ئێستاش خۆم بە ئەندامی ئەو تیپە دەزانم، وە شانازیش بەو زەمەنەوە دەکەم بەهەموو خۆشی و ناخۆشیەکانیەوە کە لەگەڵ ئەو هاوڕێ و دۆستە خۆشەویستانەدا بەسەرم بردووە. لەڕاستیدا ئەمە جێگەی پرسیارە تیپێکی لەو شێوەیە خاوەن سایتێکی خۆی نەبێت. لێرەدا ناکرێت باس لە هەوڵو تواناکانی تیپی شانۆی سالار نەکرێت لەو بووارەدا ،کە ئەوانیش هەوڵی لەبەر چاویان هەیەو توانیوانە لە رێگای ماڵپەڕەکەینانەوە خۆیان بەدنیا دەرەوە ئاشنابکەن.

تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکوك لە ریاگای ئەو سایتەوە توانی ئەو سنورە تێپەڕێنێت،توانیویەتی ئەم سایتە بکاتە پلاتفۆرمێك بۆ کاری تیوری و توێژینەوە ورەخنەی شانۆیی، جگە لەوەی





کەتوانیویانە زۆرترین هونەرمەند لە خۆیانو لە سایتە کۆبکەنەوە. ئەوەی سەرنج و تێبینی منیش بێت بۆ ئەو سایتە ئەوەیە کە ئەو برادەرانە بتوانن بەشێك بۆ زمانی ئینگلیزی تەرخانبکەن ،ئەوەندەی بۆیان دەکرێت هەندێك لە هەواڵەکان و بەشێك لە بابەتەکان بکەنە ئینگلیزی، تا بتوانن لە رێگای ئەم بەشەوە زیاتر شانۆکارانی سەر بە میلەت و وڵاتانی تر بە خۆیان ئاشنابکەن.

2/ئەم تیپە خاوەن گۆڤارێکی شانۆییە،کە ئەتوانم بڵێم زۆر کەم لە تیپ وگرۆپەکانی رۆژ ئاوا گۆڤارێکی لەوە شێوەیان هەبێت. توانای دەرکردنی گۆڤارێك تەنها لە توانای هەندێك سەنتەر و دەزگای شانۆیدایە کە خاوەن توانایەکی مادی و مەعنەوی زۆرن جگە لەبوونی ژمارەیەکی بەر چاو لە کارمەندو هاوکار بۆ راپەڕاندی کارەکان.

تیپی شانۆی ئەزمونگەری کەرکوك لە رێگای ئەم گۆڤارەوە جارێکی تر لە رووی توانای تیۆری و فروانکردنی پانتاییەك بۆ دروستکردنی دیالۆگی جدی و توانای لێکۆڵینەوەو رەخنەی شانۆی ئەزمونێکی تر بخاتە سەر پرۆسەی بە زانستکردنی هونەری شانۆ.

لە رێگای ئەم گۆڤارەوە توانیویانە کۆمەڵێك بابەتی سەرنج ڕاکێش و تازە بورژێن کە لەخزمەتی ئەمرۆی دنیای ئەزمونەگری و شانۆی کوردیدا بێت.

3/یەکێکی تر لەو پێکهاتە گرنگانەی کە ئەم تیپەی لەسەر بنیاتنراوە توانای قسەکردن و نوسینو راڤەکردنی ئەندامەکانی خودی تیپەکەیە، کەهەر یەکەیان وەك پێویست توانای قسەکردنی هەیە لە رووی تیۆریو زانستی شانۆوە، وە ئەمەش هۆکارێکە بۆ لەدایك بوونی شێوە زمانێکی لەیەکتر تێگەشتن ، زمانێك کە بتوانن پێکەوە لەمانای ئاماژەو سیمبولەکان تێبگەن. بە تایبەتی نیهاد جامی وەك سەرۆکی تیپەکە بۆتە خاوەن زمانێکی تایبەت بە شانۆ. کە ئەمە یەکێکە لە خاڵە پۆزەتیف و گرنگەکانی لێپرسراوێك کە بیەوێت لە بوارەکەی خۆیدا سەرکەوتوبێت ،دەتونم بڵێم دەبێت ئەم خاڵە وەك مەرجێك سەیربکرێت بۆ هەرکەسێك کە بیەوێت لە بوارەکەی خۆیدا کاربکات.

ئەم تیپە لە رێگای کارو بەرهەمەکانیانەوە دەیانەوێت پێمان بڵێن کە ئەتوانرێت لە نەبوو بوون دروست بکرێت ،بەڵام تواناو هۆشیاری دەوێت ،ئەوە ئیرادەو بەرەنگار بوونەوەیە کە ئەتوانێت هەموو سنورو بەربەستەکان بروخێنێ.



دانا رەئوف

لە سوێدییەوە کردوویەتی بە کوردی و پەراوێزی بۆ نووسیوە

# کۆمیدیای ئەنتیک گاڵتەئامێز نەبووە

ئەریستۆ لە یەکێك لە نووسینەکانیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە مرۆڤ (تاکە بوونەوەرێکی زیندووە پێ دەکەنێت) ئەم وتەیەی ئەریستۆ بۆ جۆرە هاوبەشییەك لە گاڵتەوگەپ و نوکتە و قسەی ڕەخنەئامێزی کۆمیدی ڕامانده‌کێشێت، کە بە درێژایی مێژوو لە هەموو کولتورەکاندا هەبووە و هەیە. بۆ نموونە ئێستا ئێمە بەهەمان شت پێ دەکەنین، کە خەڵکی لە سەردەمی گرێکەکان، ساڵانی سەدەی ١٧٠٠-ەکان، یان لە چاخەکانی ناوەڕاستدا پێی پێکەنیون .

)ماری بێرد) پسپۆرێکی ئینگللیزییە لە بوارەکانی لێکۆڵینەوەی سەردەمی گرێك و ئەنتیك، دووپاتی ئەوەی کردۆتەوە کە گرێکیەکان لە ساڵەکانی ٣٠٠ ی بەر لە زاییندا، ئەنتۆلۆژیایەکی گاڵتەوگەپیان بڵاوکردۆتەوە زیاتر لە ٢٦٠ نوکتە و ڕەخنەی کۆمیدیئامێز و قسەی نەستەقی لەخۆگرتووە، ئەم نوکتەوگاڵتەوگەپانە هەر هەموویان بۆ ڕۆژگاری ئەمڕۆمان دەگونجێن و هەندێك لە هونەرمەندە (ستانداپ) کۆمیدییەکانی ئەمڕۆ لە نەمایشەکانیاندا بەکاری دەهێنن .

ئەگەر خودی ئەم ئەنتۆلۆژیایە لەلای زۆربەمان نەناسراو بێت، ئەوە شانۆنامە کۆمیدیا پڕ لە ڕەخنەو گاڵتەو گەپەکانی ئەرستۆفانیس لای زۆربەمان ناسراون.<١> ئەرستۆفانیس لە کۆتایی ساڵەکانی ٤٠٠ و سەرەتاکانی ٣٠٠ی بەر لە زاییندا، شانۆنامەکانی نووسیوە، لە کۆی بەرهەمەکانی تەنها یانزەیان بە تەواوەتی بەدەستمان گەیشتوون.<٢>

شانۆنامە کۆمیدیاکان، بە شێوەیەکی گشتی هەمان سترکتوری شانۆنامە تراژیدییەکانیان هەیە، مەبەست لە هەمان سترکتور ئەوەیە کە شانۆنامەکە یان نەمایشەکە، بەهاوبەشی کۆرس" سەرەتا ئەکتەرەکان لە دیالۆژەکایناندا لەگەڵ یەکتری و دواتریش کۆرس گۆرانی دەڵێن و سەما دەکەن. ئەوەی کۆمیدیاش لە تراژیدی جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە ناوەڕۆکی شانۆنامە تراژیدیاکان چیرۆکەکانیان لە میتۆلۆژیا دێرینەکانەوە وەرگرتووەو بابەتەکانیان گوزارشت لە کەسایەتی پاڵەوان، پادشا و خواوەندەکان... هتد دەکەن و زیاتر بەرجەستەی جیهانی گرێکییەکان لە دەرەوەی سنورەکانی ئەسیناوە دەکەن، بەڵام کۆمیدیا باسی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ئاسایی، لە خۆشی، ناخۆشی و گیروگرفتەکانیان، بە تایبەتی لەو ڕۆژگارەی ئەسینادا، کردووە. لەبەر ئەوەی کۆمیدیا باسی خەڵکی ئاسایی و گیروگرفتی ژیانی ڕۆژانەو هەندێك جار ڕووداوی ڕاستەقینەی خەڵکی ئەو ڕۆژگارەی کردووە،بۆیە دەبێتە دۆکیومێنتێکی چرو دەوڵەمەند و گرینگ بۆ تێگەیشتن و زانینی چۆنیەتی گوزەران و ژیانی خەڵکی و جۆری بیرکردنەوەیان، لەو ڕۆژگارەی گرێکییەکان بەگشتی و شاری ئەسینا بەتایبەتی. هاوتەریب لەگەڵ بەشێك لە دیالۆژەکانی ئەفلاتوندا، ئەو پرسیارە خۆی قوت دەکاتەوە، کە ئێمە لە نێو تێکستەکانی ئەنتیك- دا، دەتوانین بەم شێوەیە لە ژیانی گرێکییەکان نزیك ببینەوە. لەبەر ئەوەی کۆمیدیاکانی ئەرستۆفانیس، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی ئەو ڕۆژگارەن و پابەندن بە کەسایەتی و ڕووداوەکانەوە، لەوانەیە بۆ بینەرێکی ئەمڕۆ شانۆنامە کۆمیدیاییەکان، بە بەراورد لەگەڵ شانۆنامە تراژیدیاییەکان، کە باسی کەسانێك دەکەن کە لەو ڕۆژگارەدا ژیاون، یان ڕووداوێك کە زۆر تایبەتمەند بووە بەو ڕۆژگارە، گران بێت، چ بۆ خوێندنەوە و چ بۆ بینین .



هەموو ئەو شانۆنامانەی ئەرستۆفانیس کە بەدەستمان گەیشتوون، جگە لە دوو شانۆنامە کە لە کۆتایی تەمەنیدا نووسیوونی" لەکاتی شەڕی سی ساڵەی نێوان ئەسینا و سپارتا، ئەو شەڕە خوێناوییەی لە ساڵی ٤٠٤ی بەر لە زاییندا بەکەوتنی ئەسینا کۆتایی هاتووە، نووسیوونی. هەر لەبەر ئەوەشە، ئەرستۆفانیس لە زۆربەی شانۆنامەکانیدا،باسی شەڕ و ئاشتی دەکات و خەونی ئاشتی و کۆتایی هاتنی شەڕ بابەتێکی سەرەکی و لەبەرچاوی شانۆنامەکانییەتی. بۆ نموونە لە شانۆنامەی Acharnernaکە یەکێکە لە دێرینترین کۆمیدیاکانی شارستانیەتی ئەوروپا بە تەواوەتی بە دەست ئێمە گەیشتبێت، لەم کۆمیدیایەدا جووتیارێکی گوندنشین بەناوی (دیکیە ئێوپۆلیس) دەتوانێت خۆی بەتەنها لەگەڵ سپارتەدا پەیمانێکی ئاشتی مۆربکات. لە شانۆنامەی (ئاشتی) یشدا، کارەکتەری سەرەکی ئەم کۆمیدیایە دەچێتە سەر (ئۆلیمپن) تا خواوەندی ئاشتی، کە لەو شوێنەدا بەندکراوە ڕزگار بکات. <٣> بەڵام دیارترین شانۆنامەکانی ئەرستۆفانیس، لەم بوارەدا شانۆنامەی (لیسیستراتا Lysistrate )یە، لەم دەقەدا ئەرستۆفانیس سێکس و جووتبوون لە نێوان ژن و پیاودا، دەکاتە چەکێکی گرینگی وەستانی شەڕ" ژنان مانگرتنێکی تەواوەتی ڕادەگەیەنن و پیاوەکانیش ناچار دەکەن، لە ڕێگای ئەوەوەی کە تا شەڕ بە تەواوەتی نەوەستێت و ئاشتی بڵاونەبێتەوە، بە هیچ شێوەیەك نەچنە لای مێرد و پیاوەکانیان و جووت نەبن لەگەڵیاندا.

لەناو بەرهەمەکانیشیدا تەنها شانۆنامەی (بۆقەکان)ە کە باسی شەڕ ناکات، ئەم شانۆنامەیە ساڵێك بەر لە چەك دانانی و کەوتنی تەواوەتی ئەسینا نووسراوە.<٤> (بۆقەکان) بەراوردکارییەکی ورد، شایستە و بە بەهای نێوان ئێسخیلوس و







یۆریبیدس-ە ، تراژیدیاکانیان دەخاتە ژێر تیشکی ڕەخنە و شاکارەکانیان بەراورد دەکات. هەرچەندە شانۆنامەکە بە زمانێکی ساکار و ڕاستەوخۆ نووسراوە و چەندین دیمەنی کۆمیدی و گاڵتەوگەپ لەخۆدەگرێت، دونیایەکی فەنتازی ئامێزیش دەخولقێنێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر سەختە ئەم شانۆنامەیە لەم ڕۆژگارەی ئێمەدا نەمایش بکرێت، هۆکاری سەرەکی و گرینگی نەمایشنەکردنی (بۆقەکان) دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە شانۆنامەکە بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە زانیاری و قووڵبوونەوەیەکی تەواوەتی دەبەستێت سەبارەت بە بەرهەمە تراژیدیەکانی ئەم دوو نووسەرە و ستایلی کارەکانیان، ئەمە جگە لە ڕەوتی ژیانیان کە تووخمێکی سەرەکییە.<٥> لەوانەیە ئەم هۆکارانەش لەگەڵ ئاستی هۆشیاری و زانیارییەکانی بینەری ئەمڕۆ نەگونجێت و هەموو کەسێك ئەو تێگەیشتن و لێکۆڵینەوە قووڵەیان سەبارەت بەو سەردەمە دێرینەو نووسەرەکانیان نەبێت. بەڵام لە هەندێك نەمایشی (بۆقەکان)دا بە تایبەتی ئەو نەمایشانەی کە لەم سەردەمەو لە لەندەن پێشکەش کراون، ئامادەکردنێکی وردییان لە شانۆنامەکەدا کردووە و هەوڵیان داوە لەم ڕۆژگارەی نێزیك بخەنەوە" بۆ نموونە ئێسخیلۆس و یوریبیدس-یان گۆڕیوە و لەبری ئەوان بەراوردکارییەکە لە نێوان شەکسپیر و بەرناردشۆدا بووە، بەم




چەشنەش لە بینەری ئەمرۆی ئینگلیزیی و رۆحی ئەم چەرخە نزیك بوونەتەوە .

لە شانۆنامەی (باڵندەكان)دا كە زیاتر لە هەموو بەرهەمێكی تری ئەرستۆفانیس بە نەفەسێكی شیعری بەرز و زمانێكی قووڵی پڕ لە وێنە نووسراوە، دوو كەسایەتی دانیشتووی شاری ئەسینا، داوا لە باڵندەكان دەكەن كە لەگەڵ ئەوان مەملەكەتێكی تایبەتمەند بە خۆیان لە ناو هەورەكان دروست بكەن، هەروەها شانۆنامەی (پلوتۆس) كە یەكێكە لە دوا بەرهەمەكانی، جۆرێكە لە ئامۆژگاری و بەرجەستەكردنی مۆراڵ و رێگا پێشاندان، بۆ نموونە ئەرستۆفانیس لەم شانۆنامەیەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەكات و ئەو پرسیارە دەورووژێنێت، ئەگەر دەوڵەمەدەكان كوێر نەبوونایەو چاو و ویژدانیان كراوە بوایە، ئەوا دیاری و پاداشتەكانیان دەبەخشییە ئەو كەسانەی كە پێویستیانەو شایەنی ئەوەن .

لەم چەند ساڵەی دوایدا چەندین كتێبی دانسقە لەسەر ئەرستۆفانیس و شانۆنامەكانی، بۆ نموونە، ڕۆڵی كۆمیدیایەكی سیاسی لە كۆمەڵگاو سیاسەتی ئەو ڕۆژگارە و پێگەی ئەرستۆفانیس بڵاوكراونەتەوە، لە ناو ئەو كتێبانەدا كتێبی (ئەرستۆفانیس: سێكس، گاڵتەجاڕی و سیاسەت) لە نووسینی نیكلاس هۆڵتسباری، پرۆفیسۆری فەلسەفەی كلاسیكیی لە زانكۆی میونیش جێگای ئاماژەو لەسەر وەستانە.<٦>









ئەوەی جێگای سەرنجە، لەم كتێبەدا لێكۆڵینەوەی بنەما كۆمیدییەكانی ئەرستۆفانیس دەروازەیەكە بۆ فەلسەفەی گرێكی و لە هەمانكاتدا تیشك خستنە سەر ئەو دید و ڕەخنە ساتەوەختەو هەنووكەییانەیە كە شیكردنەوەیان گرانە و پێویستی بە لێكۆڵینەوە و ڕۆچوونە خوارەوەیەكی قووڵ هەیە. ئەم نووسەرە دووپاتی ئەوە دەكاتەوە كە بنەما كۆمەڵایەتی و سیاسییەكانی شانۆنامەكانی ئەرستۆفانیس، لە كۆنتێكستەكانی خۆی و زەمەن و دەوروبەرەكەیدا ڕوون دەكرێنەوە، هەر لەبەر ئەوەشە كۆمیدیاكانی ئەرستۆفانیس لە دەروازەكانی نزیك بوونەوە بەو سەردەمەوە، وامان لێ دەكەن ئاسانتر تێیان بگەین و لە هەمانكاتدا سەیركردن و خوێندنەوەشیان، وەك كۆمیدیا خۆشتر و پڕ لە خەندەتر دەبێت .

لەم كتێبەی نیكلاس هۆڵتسباریدا، شیكردنەوەكە بەو ئاڕاستەیەدا دەروات كە ئەرستۆفانیس بە پلەی یەكەم مەبەستی ئەوە بووە بینەران بهێنێتە پێكەنین. ئەم بۆچوونەش چەندین كێشە و گرفت دەخولقێنێت، بۆ نموونە پەیام و ڕۆڵی كۆمیدیا هاوشان دەبێت لەگەڵ جۆرە (فاش) ێك كە هیچ جۆرە گرفتێك، ڕەخنەو پەیامێك لەخۆناگرێت و تەنها پێكەنین و تەهریج دیدو بنەماكانی ئەم جۆرە كۆمیدیا (فاش)ە پێك دەهێنێت. فاش بنەما سەرەكییەكانی كۆمیدیا، خستنەڕووی



گرفته کۆمەڵایەتی، سیاسی، خودییەکان و پەردە هەڵماڵینی بارودۆخە نالەبار و دژوارو چەوتەکان، بەشێوەیەکی کۆمیدی لەخۆناگرێت، بەڵکو زیاتر لە دنیایەکی گاڵتەئامێزی پێکەنیناوی، بەبێ هیچ پەیامێك دەسوڕێتەوە. هەرچەندە ئەرستۆفانیس (فاش) یشی نووسیوە و چەند دانەیەکیشی بە دەست ئێمە گەیشتوون و پارێزراون، لە وانە :
بەڵامa la Georges Feydeau ئەرستۆفانیس توانیوویەتی لەم (فاش) ە دا لەسەر چەندین ئاست ڕەخنە و گاڵتەی کۆمیدی لە ڕووی سیاسەت، ئیرۆتیك و دیمەنی پڕ لە جۆش و خرۆشەوە ئاوێزانی بەرهەمەکەی بکات،هەروەها بە زمانێکی لیریکی و لە هەمانکاتدا توندوتیژەوە، دیمەن بە دیمەن شانۆنامەکەی داڕشتووە و وێنەیەکی قووڵ و لە هەمانکاتدا ساکار و پڕ لە چێژی (فاش)مان پێشکەش دەکات .
نیکلاس هۆڵتسباری لە لێکۆلینەوەکەیدا جەخت لەسەر ئەو ناو و کەسایەتیانەی لەو سەردەمەدا ژیاون دەکاتەوە، کە ئەرستۆفانیس لە کۆمیدیاکانیدا بەکاری هێناون و دەیانکات بە نوکتەو ڕەخنەی توندی گاڵتە ئامێزیان لێدەگرێت، زۆرجار وا ڕێکەوتووە کە ئەو کەسانەی بەو شێوەیە هێرشیان کراوەتە سەر، لەناو بینەراندا دانیشتون و سەیری شانۆنامەکەیان کردووە. بێگومان تیرە ژەهراوییەکانی ئەرستۆفانیس هەمیشە



گیراوەتە سیاسەتمەدار، سەرکردە سەربازییەکان، شانۆنامەنووسەکان، کاربەدەستانی باڵای وڵات و کەسە دیارو ناسراوەکانی ئەو ساتەی ئەسینا، بە تایبەتی ئەو کەسانەی کە ستایلی ژیان و گوزەران و کەسایەتییەکانیان جیاواز بوون و هەوڵیان داوە لە خەڵکی ئاسایی جیاوازتر بژین .
نیکلاس هۆڵتسباری بۆ لێکۆڵینەوەکەی پەنا دەباتە بەر لێکۆڵینەوەکانی نووسەرێکی تر بە ناوی (ماڵکۆم هیس) و باسە ناوازەکەی (کۆمیدیای سیاسی لەلای ئەرستۆفانیس ( Political comedy in Aristophanesئەم نووسەرەش پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە ئامانجی کۆمیدیای گرێکی تەنها ئەوە بووە خەڵکی بخاتە پێکەنین. ئەرستۆفانیس لە ڕەخنەکانیدا چەندە توندوتیژ بووبێت، چەندە مەسەلەی دەسەڵاتی خستبێتە ژێر پرسیارەوە و پەردەی لەڕووی سیاسەتمەدارەکان هەڵماڵیبێت، دواجار ئامانجەکانی هەر ئەوە بووە بینەران بخاتە پێکەنین. پیاوی دەوڵەت و سەرکردەیەکی سەربازی بەناوی (کلیۆن) ەوە، بەشێوەیەکی بێ بەزەیی کەوتۆتە بەر شاڵاوی شانۆنامەکانی سەرەتاو دەستپێکی بەرهەمەکانی ئەرستۆفانیس، تەنانەت دوای مردنیشی وازی لێناهێنێت، ئەم (کلیۆن) ە لە ساڵی ٤٢٢ی بەر لە زایندا، لە یەکێك لە بەرەکانی جەنگدا کوژراوە. ئەرستۆفانیس بەشێوەیەکی بەردەوام گاڵتە بەم کەسایەتییە (کلیۆن) دەکات و ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێر ڕەحمەتی ڕەخنەو تەنانەت جنێوەکانیشییەوە .
یەکێك لە خاڵە لاوازەکانی تێز و بۆچوونەکانی نیکلاس هۆڵتسباری و کتێبەکەی (ئەرستۆفانیس: سێکس، گاڵتەجاڕی و سیاسەت) ئەوەیە کە ئەو هۆکارانە ڕوون ناکاتەوە بۆ چی ئەرستۆفانیس هەندێك لە سیاسەتمەدارەکان ڕیسوا دەکات و هێرشی توندیان دەکاتە سەر، بەڵام بە هیچ شێوەیەك لە هەندێکی تریان نزیك نابێتەوە و ناویان ناهێنێت. هەرچەندە هەندێك لە جنێو و گاڵتەکان بێکینەیە و هیچ ڕقێکیان تێدا نییە، بەڵام لەلایەکی ترەوە ڕەخنەکانیش یەك لایەنەیەو بە شێوەیەکی تەواوەتی حسابیان بۆ کراوە، شتێکی سەیرە گەر لە پشت ئەم هێرش و ڕەخنەو جنێوانەوە، مەبەستێکی سیاسی نەبووبێت. ئەرستۆفانیس هەمیشە پەیامی سیاسی خۆی هەبووە، لە یەکێك لە کۆمیدیاکانیشیدا ڕەخنەیەکی توند لە جەماوەری ئەسینا دەگرێت، لەبەر ئەوەی



دەنگیان داوە بە کلیۆن، هەرچەندە ئەو، واتە ئەرستۆفانیس لە شانۆنامەی (ئەسپ سوارەکان) دا پەردەی لەسەر هەموو کەم و کوڕی و هەڵەکانی کلیۆن هەڵماڵیوە. ئەرستۆفانیس لەم شانۆنامەیەدا، وێنەیەکی ساکارو خراپی کلیۆن–ی وەکوو (پێستە خۆشکەر) کێشاوە (کلیۆن ئەم پیشەیەی لە بنەماڵەکەیانەوە بۆ ماوەتەوە و لەم ڕوەشەوە بازرگانی پێستەی کردووە) ئەمە جگە لەوەی وێنەیەکی کاریکاتێری، لە چەشنی سەرکردەیەکی بێ کەڵك و مەترسیداری ئەسینا دروست کردووە. نیکلاس هۆڵتسباری هیچ بەهایەك بۆ ئەم پەیامە سیاسییەی ئەرستۆفانیس دانانێت و دەڵێت: کلیۆن وەك هەموو ئەو سیاسەتمەدارانەی بەر لێشاوی ڕەخنە کەوتوون، ئەو ڕەخنە و گاڵتەو گەپانەیان بە سنگێگی فراوانەوە وەرگرتووە و لەگەڵیا پێکەنیوون. بەڵام کلیۆن بەو ڕەخنانە بێزا بووە و ئاماژەی ئەوەی کردووە کە ئەرستۆفانیس هەموو سنورەکانی بەزاندووە، هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە دواتر ئەرستۆفانیس ڕادەکێشێتە بەردەمی دادگا، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی ئەرستۆفانیس و لەیەکێك لە شانۆنامەکانی سەرەتای ڕەوتی نووسیندا،





بەناوی (بابلییەکان) ەوە، هێرشێکی توندی کردۆتە سەر.<۷>

لەم باسەدا جێگای سەرنجە بزانین ئەرستۆفانیس لە شانۆنامەی (هەور) دا چۆن باسی سوکرات دەکات. ئەرستۆفانیس لەم شانۆنامەیەدا وێنەی سوکراتێکی فەیلەسوف و قوتابیەکانی، وەکوو کۆمەڵە کەسێکی سەیر و مەخسەرە و گێل بەرجەستە دەکات: سوکرات دەبێتە ئەو پیاوە زانستە سوفوستائییەی کە زۆربڵێیەو قسە زۆر دەکات، بەبێ ئەوەی هیچ بڵێت و خۆیی و قوتابیەکانی لە کۆمەڵە دیمەنێکی کۆمیدی شپرزە ئاساو سەرلێشێواودا دروست دەکات. سوکرات لە وتاری بەرگرییەکەی خۆیدا، کە لەساڵی ۳۹۹ ی بەر لە زایینیدا، لە بەردەم دادگادا (ئەو دادگایەی کە دواتر بە بڕیاری مەرگی سوکرات کۆتایی هاتووە) هەر وەکوو ئەفلاتون دواتر بڵاویکردۆتەوە، وتوویەتی: سوکرات دوو جۆر دادوەری گشتی هەبووە، یەکێکیان ئەوانە بوون ئەویان ڕاکێشاوەتە بەر دەم دادگا، ئەوانەشی کە هەر لە دەمێ ساڵەوە ئەویان تاوانبارکردووە. سوکرات لێرەدا مەبەستی لە شانۆنامەی (هەور) بووە کە لەوێدا وەکوو فیگورێك خولقێنراوە قسەی بێ مانا دەکات، تەنانەت خۆشی نە دەزانێت چی دەڵێت و نەئاگاداری ئەو شتانەشە کە باسیان دەکات. ئاشکرایە سوکرات و ئەفلاتون هەستیان بەو تۆنە زبر و ڕەخنە ئامێزەی هێرشی نووسەرە کۆمیدیاکان کردووە، هەروەها ئەو کەسانەشی دواتر سەیری ئەم مەسەلانەیان کردووە و لێی وردبوونەتەوە، درکیان بەهەمان شت کردووە، هەر بۆ نموونە تەنها چەند ساڵێك لەمەوبەر و لە گۆڤاری Magazine Litteraireئەم مەسەلەیە لە وتارێکدا بە ناوی (سوکرات بە دەستی ئەرستۆفانیس مردووە؟) وروژێنراوە .

خاڵێکی تری لاوازی لێکۆڵینەوەکەی نیکلاس هۆڵتسباری ئەوەیە کە کۆمیدیای گرێکی، بەتایبەتی لە ئەسینا بە تراژیدیا بەراورد دەکات، بێگومان ئەم بەراوردکارییە لە هەندێك لایەنەوە شتێکی ڕاستە، بەڵام تەنها لە هەندێك لایەنەوە. پێناسەکردن و دەست نیشانکردنی کۆمیدیا وەکوو (خوشکی بچوکی) تراژیدیا، کەمکردنەوەی بەهاکانی کۆمیدیایە، چونکە جیاوازییەکان لەڕووی چۆنییەتییەوە (چۆنایەتیانە) نییە، بەڵکو مەسەلەکە زیاتر لە ڕووی ستایل و شێوازەوەیە. هەڵبەتە لێك جیاکردنەوەو جیاوازییەکی توندی بەم شێوەیە، بینەرانی شانۆی ئەسینای ئەوکاتەی تووشی ناڕەزایی و سەرسووڕمان کردووە .

لەکاتی فیستیڤاڵەکانی دیۆنیسیۆس دا، کە لە نێوان مانگی سێ و چواری هەموو ساڵێکدا کراوە، لە پێنج شانۆنامەی کۆمیدی کەمتر نەمایش نەکراوە، هەروەها سێ ساتیریش (زیاتر نەمایشی گەمە و گاڵتەوگەپ بوون و لە میتۆلۆژیاکانەوە سەرچاوەیان وەرگرتووە) ئەمە شان بە شانی ئەو نۆ شانۆنامە تراژیدیانەی تر کە لە ماوەی سێ چوار ڕۆژی فیستیڤاڵەکەدا نەمایشکراون.<٨> لە زۆر ڕووەوە کۆمیدیا شتێکە کە تراژیدیا ئەوە نییە، لەبەر ئەوەی تراژیدی لەلایەکەوە لە داستان و میتۆلۆژیاکانەوە وەرگیراون و بنەمایەکی پڕ لە ڕاز و نهێنی لە خۆدەگرێت و دیدێکی مێتا–فیزیکییان هەیە، لە لایەکی تریشەوە کێشەو دەستەویەخەی مرۆڤی پاڵەوان ئاسا، لەگەڵ چارەنووسی خۆیدا دەخاتەڕوو، بەڵام کۆمیدیا بە تەواوەتی پابەندە بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ئەسیناوە. تراژیدیا کۆمیدیایە و کۆمیدیاش تراژیدیایەو بە پێچەوانەشەوە، ئەم دوو شێوازە دراماتیکییە، واتە تراژیدی و کۆمیدی تەواوکەری یەکترین و پێکەوە بەرجەستەی هەموو ژیانی واقیعی و ڕاستەقینەی ئەسینان، لەسەر ئاستێکی بەرز و نزم،لە لایەنی ڕۆحی و میتۆلۆژیا و دەنگۆی بێ بناغە، تا دەگاتە سەر مەسەلە ڕاستەقینەکان و ئەو شتانەشی کە بینەران تامەزرۆین، دەکەن .

هیچ شتێك نییە کە خەڵکی ئەسینا خۆیانیان تیا نەدۆزیبێتەوە، هەروەها هیچ شتێك لەو شانۆنامانەدا نەبوون کە لە فیستیڤاڵەکانی دیۆنیسیوس دا نەمایشکراون، لە دەرەوەی واقیع و ئەزموون و ژیان و بۆچوونەکانی بینەران و خەڵکی ئەسیناوە بووبێت. شانۆی گرێکی، بەتایبەتی لە ئەسینا، لە ساڵەکانی ٤٠٠ ی بەرلە زاییندا، تراژیدی، کۆمیدی یان گەمەی ساتیر پێکەوە، وێنەیەکی گشتگر و تەواوەتی گەردوون و کۆمەڵگای گرێکی بووە.<٩> ئێمە ئێستا لەم زەمەنەدا، بەشێوەیەك لە شێوەکان دەتوانین دووپاتی ئەو وتەیەی فیکتۆر هیگۆ بکەینەوە کە دەڵێت (هەمان هێزی هەناسەدان کە لە هەناوی تراژیدیاکانی ئێسخیلۆس دایە، لە هەناوی کۆمیدیاکانی ئەرستۆفانیس–یشدایە (

ئەریستۆ لە کتێبی هونەری شیعرەکەیدا (پۆیەتیکا) مەبەستی ئەوە بووە (لەوانەیە ئەم کتێبە لە کۆتاییەکانی ساڵی ٣٠٠ ی بەر لە زاییندا نووسرا بێت) تراژیدیا باسی ئەو کەسانە دەکات کە لە ئێمە باشترن، بەڵام لەوانەیە بەو ڕادەیە باش نەبن، چونکە بەهۆی کارێکی هەڵەوە تێك





دەشکێن و بەتەواوەتی خراپ دەبن.<١٠> بینەران لەو هاودەردیی و هەست و سۆز و ترسانەی کە لە بینینی نەمایشە تراژیدیاکانەوە، لەناوەوەیاندا سەرهەڵئەدات و دەورووژێت، پاکژدەبنەوە (کاتاریس) <١١> "کۆمیدیاکانیش خستنەڕوو و پێشاندانی ئەو مرۆڤانەیە کە خراپن، بەڵام نەك ئەوانەی کە هەر زۆر بێکەڵکن /.../ ئەو گاڵتەئامێزییە شتێکە کە بە هەڵە دەکەوێتەوە– ئەوە دزێوییە بەبێ ئازار و بە بێ وێرانکاریی ".

نووسینەکانی ئەریستۆ لەم بارەیەوە بە تەواوەتی نەگەیشتوون بە دەستمان، بەڵام لە دووتوێی هەندێك تێکست و نووسینی تری ئەریستۆوە، دەگەینە دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی سەبارەت بە کۆمیدیاش. هەر لەم دەروازەیەوە، لەوانەیە بگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە ئەریستۆ مەبەستی بووە بڵێت: کۆمیدیا چێژو پێکەنین دەبەخشێت بەبینەرەکانی، لەم ڕێگایەشەوە دەمانگەیەنێتە کاتاریس، واتە پاکژبوونەوە، بە ڕەچاوکردنی گەڕانەوە بۆ هەست و سۆزەکانمان. بەلایەکی تردا ئەریستۆ ئەوەمان فێر دەکات کە تراژیدی و کۆمیدی، هەردووکیان هەست و سۆزێکی قووڵ و گەورە لە دەروونماندا، لە بێئاگایماندا بە ئاگادەهێنێتەوە و ئەو هەستە توندوتیژەی، کە لە ناوەوەماندایە و ئێمە نامانەوێت بەردەوام بە شێوەیەکی جێگیر بوونی هەبێت، لە ڕێگای کارە هونەرییەکانەوە ڕزگارمان دەبێت لێیان. شیکارییەکانی ئەریستۆ بۆ کۆمیدیا هەمان شیکاری و لێکۆڵینەوەکانییەتی بۆ تراژیدیا و بەهەمان ئاراستە کاری کردووە، هەرچەندە ئەریستۆ ئەو دوو شێوازەی هونەر بە تەواوکەری یەکتری دادەنێت و هەر لەبەر ئەوەشە وەکوو دوو دیوی یەك چالاکی، چالاکییە گشتگرەکانی دراماتیك ناوزەدیان دەکات .

لەگەڵ ئەوەشدا کە لێکۆڵینەوەکەی نیکلاس هۆڵتسباری لە زۆر ڕووەوە بە شێوەیەکی باش نووسراوە، بەڵام کۆمیدیای گرێکی تەنها وەکوو ئامرازی چێژ وەرگرتنێکی ساکار، لە پەراوێزی کۆمەڵگادا دادەنێت،بەم شێوەیە تێزەکانی خۆیمان سەبارەت بە کۆمیدیای ئەرستۆفانیس، لە دیدو بۆچوونێکی کۆنەوە پێ دەفرۆشێتەوە. ئەم بۆچوونە ساکارەش وێنەیەکی گشتگر و ڕاست نابەخشێتە ئەو سەراپاگیری و مەودا قووڵەی کە لەو هونەرە بەرزە کۆمیدی و گاڵتەوگەپەی ئەرستۆفانیس– دا هەیە. لە کۆتایدا تەنها شتێك کە لەم بارەیەوە

ئاماژەی بۆ بکەم، ئەوەیە کە زۆر زەحمەت و دژوارە لەم خوێندنەوەیە بگەیت و بزانیت نووسەر مەبەستی چییە و بۆچی؟ هەر وەکوو ئەفلاتون نووسیوویەتی "ژنە خواوەندە هەوەسبازەکان کاتێك بە دوای پەناگەیەکی نەمردا گەڕان، ڕۆحی ئەریستۆفانیس– یان دۆزیەوە ".

سەرچاوە:

SvD, Understrecket. Den antika komedin var ingen fars av Hans-Roland Johnsson, 2012

پەراوێزەکانی وەرگێر

١-ئەرستۆفانیس لە ساڵی ٤٤٥ پ.ز لە دایکبووە و لە ساڵی ٣٨٥ پ.ز یشدا کۆچی دوایی کردووە. ئەم نووسەرە بۆ یەکجار لە ساڵی ٤٢٧ پ.ز دا یەکێك لە شانۆنامەکانی نمایشکراوە. کۆنترین شانۆنامەشی کە دەست ئێمە کەوتووە، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی ٤٢٥ پ.ز، ئەم شانۆنامەیەش یەکێك لە کارەکتەرەکانی ناوی (یوریبیدس) ە، وەك ئاماژەیەك بۆ نووسەری تراژیدیای گریکی یوریبیدس.

٢-ئەو شانۆنامانەی ئەرستۆفانیس کە بە دەست ئێمە گەیشتوون و پارێزراون بریتین لە: خەڵکی ئەفارینا، ئەسپ سوارەکان، هەور، زەردەواڵە، جەژنی تسمۆفۆریا، بۆقەکان، پەرلەمانی ستات، پلوتۆس، لیسیستراتا .

٣-ئۆلیمپن: ماڵی خواوەندی گریکەکان کە بەسەر ترۆپکی چیای ئۆلیمپۆس–وە بووە، لە هەمانکاتدا مانای جیهانی خواوەندەکانی گریکییە کۆنەکانیش دەگەیەنێت. ٤–شانۆنامەی (بۆقەکان) یەکێکە لەو شانۆنامانەی کە ئەرستۆفانیس توانا و سەلیقەی یوریبیدس دەخاتە تەرازووی ڕەخنە و بەراوردکاری و تەنانەت دانپیانانیشەوە. ئەم شانۆنامەیە نیشانەیەکی گەورەی ڕەخنەی ئەدەبی و شانۆیی گریکلاندە کە دوای مردنی هەر سێ شاعیری گریکی: ئێسخیلوس، سۆفۆکلیس و یوریبیدس نووسراوە. ئەرستۆفانیس شانۆنامەی "بۆقەکان" ی لە کاتێکدا نووسیوە کە گۆڕەپانی پێشبڕکێکان بەهۆی مردنی شاعیرە مەزنەکانەوە بۆشاییەکی گەورەیان دروستکردووە، ئەرستۆفانیس هەستی بەو بۆشاییە کردووە و لە دەروازەی شانۆنامەکەیەوە ڕۆڵی ئەو شاعیرانەی بەرز نرخاندووە. شانۆنامەی بۆقەکان هەڵسەنگاندنێکی شانۆیی و وردی توانای شانۆنامەنووسیی هەر سێ شاعیرە مەزنەکەی تراژیدیای گریکە. ئەرستۆفانیس لەم شانۆنامەیەدا زیاتر بەراورد لە نێوان ئێسخیلوس و یوریبیدس–دا دەکات، بەڵام یوریبیدس و سۆفۆکلیس–یش بەشێکی ئەو بەراوردکارییەن. ئەرستۆفانیس بۆ یەکجار لەم شانۆنامەیەیدا دادان بە توانای یوریبیدس و ڕۆڵی شانۆنامەکانی و هێزی تراژیدیاکانیدا دەنێت، لە دەرئەنجام و کۆتایی شانۆنامەکەیدا بەم شێوەیە پلەی شاعیرەکان دەستنیشان دەکات: ئێسخیلوس پلەی یەکەم، سۆفۆکلیس دووەم و یوریبیدس پلەی سێیەم .





٥-شانۆنامەی بۆقەکان لە ساڵی ٤٠٥ پ.ز دا پێشکەشکراوەو پاداشتی یەکەمی بەدەست هێناوە، دواتر بەهۆی سەرکەوتنی نەمایشەکەوە بۆ چەندین جار لە ئەسینا پێشکەشکراوەتەوە .

٦-ئەم کتێبە ٢٤٠ لاپەرەیەو لە ساڵی ٢٠١٠ دا لە دەزگای C H Beck بەئەڵمانی بڵاوکراوەتەوە.

٧-ئەم شانۆنامەیە فەوتاوە و نەگەیشتووە بە دەستمان.

٨)-بیترستراتۆس) یەکەم فەرمانڕەوا بووە کە بڕیاری دامەزراندن و سازدانی فیستیڤاڵ و پێشبڕکێ هونەرییەکانی نێوان شاعیرە تراژیدیکانی داوە، بۆ ئەم مەبەستە هەموو ساڵێك لە ئەسینا ڕۆژەکانی جەژنی دیۆنیسیۆس، خواوەندی شانۆ و بەروبووم تەرخانکراوە بۆ ئەو دیاردە گرینگە، دوای دەرکردنی ئەم بڕیارە و پەسەندکردنی لەلایەن ئەنجوومەنی شاری ئەسیناوە، یەکەم شانۆگەری لە ساڵی ٥٣٤ پ. ز دا نمایشکراوە. ئەم ریتواڵ و فیستیڤاڵە شانۆییە لە وەرزی بەهاردا سازکراوە و دە ڕۆژی خایاندووە، شانۆنامەکانیش لە سێ ڕۆژی کۆتاییدا پێشکەشکراون. لە سەرەتادا تەنها تراژیدیاکان بەشدارییان کردووە، بەڵام لە ساڵی ٤٨٦ پ. ز ەوە ڕێگا بە شانۆنامەنووسە کۆمیدییەکانیش دراوە بەشداری بکەن. بەهۆی بەشداری شاعیرە کۆمیدیاکانەوە، هەندێك ڕێسا و بنەمای تر بۆ تێکڕای نووسەرەکان دادەنرێت تا پەیڕەوی بکەن. بۆ نموونە شانۆنامەنووسە کۆمیدییەکان بوارێکی زیاتریان هەبووە بۆ گوزارشتکردن و جۆری دەربڕینەکانیان، بەڵام شانۆنامەنووسە تراژیدییەکان ئەو بوارەیان نەبووە. کۆرسی ناو شانۆنامە کۆمیدییەکان توانیویانە و بۆیان هەبووە ڕاستەوخۆ ڕووبکەنە بینەران، ڕەوتی شانۆنامەکە ڕابگرن و ڕای تایبەتی خۆیان سەبارەت بە مەسەلەیەکی هەنوکەیی، لە ڕووی رامیاری، ئابوری، هونەری، ڕۆشنبیری ... هتد دەربڕن و دواتر بگەڕێنەوە ناو ڕووداوەکانی شانۆنامەکە .

٩-ئەریستۆ لە کتێبەکەیدا هونەری شیعر (پۆیەتیکا) ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە شانۆگەری بە هەردوو جۆرەکەیەوە" تراژیدیاو کۆمیدی، لە هونەری شیعرەوە سەریهەڵداوە .

١٠-بە پێی هەندێك سەرچاوە بەشی دووەمی کتێبی هونەری شیعر دەربارەی کۆمیدیا بووە، بەڵام ئەو کتێبە فەوتاوەو نەگەیشتۆتە دەستمان .

١١-کاتاریس، پاکژبوونەوە یان قوتاربوون، وشەیەکی یان چەمکێکی گرانە و چەندین شیکردنەوەی بۆ کراوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی هەموو پسپۆرو لێکۆڵەرەوان لەسەر ئەوە ڕێکن کە مەبەست لە پاکژبوونەوەی دەروونە لە ترس و بەزەیی، ئەمەش بە هۆی پێشاندانی بەرهەمە تراژیدیاکانەوە. بۆ گەیشتن بەم مەبەستەش پێویستە تراژیدیا خورپە یان ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراو، گۆڕانکاری و جۆرە کارەساتێك لە خۆبگرێت .



# یوجین ئۆنیل

# هونەرمەندێکی گەرۆک

٧

نووسینی: د. نوورەدین سالمی
و. لە فارسییەوە: بابەك سەحرانەوەرد

هەندێك لە رەخنەگەرەکان، یوجین ئۆنیل بە یەکێك لە گەورەترین و پڕبایەخترین شانۆنووسانی جیهان پێناسە دەکەن و ئەم کەڵە نووسەرە دەخەنە ریزی شانۆنووسانیً وەك شانۆنووسەکانی کۆنی یۆنان، شەکسپیەر و جۆرج بێرناردشاو.

هەڵبەت ئەم نووسەرە وەك هەر نووسەرێکی دیکە دەقەکانی بە تەواوی لە هەلومەرجێکی بێ سنوور نەخوولقاون و هەندێك کەم و کوڕیان تێدا هەن کە رەچاو نەکراون. بۆ وێنە ژمارێك بەرهەمەکانی لە نەبوونی ئەکسپرسیونی شاعیرانە زەربەی بینیوە و ئەم جەوهەرە وەك خاڵێکی سەرەکی و گرینگ تێیدا دابین نەکراوە و بەرهەمە سەرەتایی و ئەزموونگەرییەکانی بایەخێکی ئەوتۆ و بەرزی هونەری تێدا نییە ، بەڵام هەمیشە جەوهەرێکی کاریگەر لە بەرهەمەکانی دیارە کە ئەم دانست و تایبەتییە دیاریکراوە تەنانەت لە کارە سست و لاوازەکانیشی نیشان دراوە .







بەشێك لە بلیمەتی ئەم نووسەرە بە هۆی ئەوەیە کە بە ئازایەتییەکی وەها شانۆی دابی و نەریت و پەیمانی خستە لا. پێش ئۆنیل شانۆی ئەمریکە شانۆیەکی پاك و خاوێن و بە گوتەی حەشامات، تەندروست بوو. ئۆنیل شانۆی خستە نێو خانەی ژیان و ئاوێتەکارییەکی رەسەنی لێ ساز کرد و بە یەکەمین شانۆنووسی وڵاتەکەی لە ئەژمار دێت کە ئەم باسە گرینگەی خستە ئاڕا. دەقە شانۆییەکانی ئۆنیل سەرەکیترین و دژوار و گرژترین مەسەلەگەلی مرۆڤی هاوچەرخی خستە ئارا و تیشکی خستە سەر قووڵترین باسە دڵتەزێنەکان لە ژیانی مرۆڤایەتی و لەولایشەوە رەخنەی بەرفراوانی بە خۆییەوە دیوە و راڤەی زۆری بۆ تەرخان کراوە .

ئەم نووسەرە هیچ کاتێك لاساییکەر نەبوو و نەیدەتوانی خۆی لە خەڵك نزیك بکاتەوە و لە واقیعدا سەحنەی شانۆ دوای ئۆنیل تووشی گەلێ باس و سەرنج و گۆڕانکاری بوو کە پێش ئەو لەم بوارەدا هەر بوونی نەبوو و ئاوڕیان لێ نەئەدا.

یوجین ئۆنیل لەمەڕ ئەرکی شانۆنووسی هاوچەرخ ئاوای وتووە:

)شانۆنووسی هاوچەرخ دەبێ رەگەزە نەخۆش و کارەساتەکانی چاخی خۆی بەو لەونە کە هەستی دەکا و دەیچێژێت، رەچاوی بکات .باسگەلێك وەك «مەرگی خودای کۆن١» و دەسەوەسانی زانست و ماتریالیسم لە بەخشینی مانایەك بە هۆی




دڵکراوەیی و رازی بوون لە پێناو ژیانە(. جیهانبینییەکی وەها لەم چەشنە، بووەتە بنەمای بەرهەمەکانی ئۆنیل و ئەم روانگەیە ئەگەر چی لە لایکەوە سستی و کزیشی تێدا گونجاوە ، بەڵام تیشکی خستووە سەر هونەرەکەی و هێز و توانایەکی بەبایەخی پێبەخشیوە.

یوجین گلادێستۆن ئۆنیل لە ساڵی ١٨٨٨ی زایینی لە ژووری میوانخانەیەك لە شاری نیوێۆرك لەدایکبووە. باوکی ئوجین بە ناو «جەیمس ئۆنیل» ئەکتەری شانۆ و خۆشەویستی ژنان بوو کە دائیمە لە سەفەر کردن بۆ زۆر شار و جێگای تر بوو و لە شانۆیەك کە لە رۆمانی «ئەلکساندەر دووما» رێکخرابوو، رۆڵی « کۆنت مۆنت کریستۆ»ی دەگێڕا. دایکی یوجین بە ناو « ئێلا» کە یوجین بە شەیداییەکی زۆرەوە خۆشی دەویست ، ژنێکی هەرە جوان و ناسك بوو بەڵام خۆی گیرۆدەی قورس و دەوا کردبوو و برا گەورەکەی ئۆنیل ناوی« جیمی» بوو کە ئەویش وەك دایکی خۆی گیرۆدە و ئالوودەی عارق کردبوو و بە تەواوی ژیانێکی پڕ لە ناخۆشی و خەفەتباری تێدەپەڕاند .

بنەماڵە وەك تاپۆیەك، دڵخراب و دڵڕەش هەمیشە لە رۆیشتن و هاتن بوو و ئۆجین هەر لە تاڤ منداڵییەوە خۆی بە مرۆڤێکی گەڕۆك دەزانی.ئەم گەڕیدەیی بنەماڵە بە جۆرێك منداڵی و ژیان و بەرهەمەکانی یوجین ئۆنیلی لە خۆیدا گرتبوو ، داپۆشیبوو و بووە بە یەکێك لە سەرەکی ترین ناوەرۆکەکانی تێکستگەلی ئۆنیل .









شانۆی « گەشتی رۆژی درێژ لە شەودا» کە دوای مەرگی ئۆنیل لە چاپدرا، یەك ژیاننامەی پڕبەپێستە و جەخت و تەلاشی ئۆنیل لەمەڕ داگیرکاری رۆح زۆر بە جوانی نیشان دەدا و بەرجەستەی دەکاتەوە و تا هەنووکە گەورەترین شانۆی ئەم کەڵە نووسەرە لە ئەژمار هاتووە.

ئۆنیل یەك جار بە تامەزرۆیی وتبووی: بە شێوەی ئاسایی، هەر منداڵێك یەك خانووی تایبەت و دیاریکراوی هەیە. من تەنیا ئەکتەرەکان و سەحنەی شانۆم دەناسی. دایکم لە هۆڵی شانۆ یا لە دیوی جل داکەنی، منی پەروەردە کرد و پێم رائەگەیشت. تەنیا ماڵێك کە بە تامەزرۆیی بۆ ماوەیەکی زۆر ژیانی تێدا بەسەر برد ئەو ماڵە بوو کە ئۆنیل لە یادەوەرییەکانی ماوەتۆ و ماڵێکی گەورە لە کەنار دەریا لە «نیولەندن» بوو و باوکی لە تاڤ منداڵی یۆجین کڕیبووی و بنەماڵە ئەگەر چی هەر یەك ژیانێکی دەروونی تاڵیان تێدا بەسەر بردووە بەڵام لەوێدا سەقامگیر دەبن و جێگەی روودانی شانۆی بە ناوی« سەیری رۆژی درێژ لە شەودا»یش بووە.

ئوجین دوا قوتار بوون لە قوتابخانە، بۆ ئەم خانووە دەچوو و کاتی پشوودانەکەی لەوێدا بەسەر دەبرد. کاتژمێرێکی درێژخایەن کە رۆحی ئۆنین ئاوری تێ بەرئەبوو ئەو کاتە بوو کە برا گەورەکەی تەواوی وەخت و ژیانی خۆی لە عارەق فرۆشییەکان (نادییەکان) تێدەپەڕاند و لەولاوە بە مەستی و کەلەلایی بەرەو



ماڵەوە دەگەڕاوە و دایکی تەواوی ئەم دیمەنەی ئەدی، دایکێ کە کڕیاری هەمیشەیی حەب و دەواکانی بوو و لە ژێر ئەشکەنجەیەکی گرانی نەفسی مابووەوە .
لە ماڵە بوو کە ئۆنیلی جاحێڵ ، بەرە بەرە ئاسەواری «شووپنهاور» و «ئیبسن»ی دەخوێندەوە و چێژی لێدەبرد و بیر و بڕوا ئایینی و مەسیحییەکەی هێواش هێواش بەرەو بێ ڕەنگی دەڕۆیشت .
لە شانۆی« سەیری ڕۆژی درێژ لە شەودا»، باوکی بنەماڵە بە ناو ( جێمس تایرۆن) بە کوڕە جاحێڵەکەی (دمۆند) دەڵێت:« تۆ ئەم چێژە ئەدەبییەی خۆت لە کام جەهەندەم بەدەسهێناوە؟ ئەم گەندەڵی، هیوابڕی و ڕەشبینییە.» ئاوا دیارە کە باوکی یوجین قسەگەلێك لەم چەشنە لە تاڤی مێردمنداڵی و جاحێڵی کوڕەکەی بەوی وتبێت.
لە ساڵی ١٩٠٦ دا یوجین دەچێتە زانسگای پرینستۆن بەڵام لەم دەورە بە زۆریی لە ژێر کاریگەریی براگەورە هەمیشە مەست و کەلەلاکەی دا دەبێت ، کە واتە بە خوێنەوارییەکەی پتر لە یەك ساڵ درێژەی نەداوە . ساڵگەلی ١٩٠٧ هەتا ١٩١٦ دا ، ساڵگەلی تەئسیر وەرگرتنی ئوجین لە ئەژمار هاتووە . بە واتەیەکی دیکە ئەم ساڵگەلە ڕۆڵێکی دیاریکراو و گرینگ لە ژیانی ئەودا دانابوو و ببووە ساڵگەلی ڕەنج ، شوێنگێڕی، هیوابڕی، کیشمەکیشی دەروونی و لە ئەنجام ساڵگەلی گەورەبوون و پەرەسەندنی ئوجین .
هەر لە نێوان ئەم ساڵانەدا بوو کە خێزانی







گرت و کەمتر لە یەك ساڵ کوڕێکیان دەبێ، بەڵام دوا ماوەیەکی کورت ژنەکەی لێی جیا دەبێتەوە. ساڵی ١٩٠٩بۆ پەیدا کردن و هەڵکۆڵین بە مەبەستی ئاڵتوون دۆزینەوە بۆ هێندۆڕاس دەچێت .دوا ئەمە بۆ دوو ساڵی ڕەبەق وەك مەلەوانێك لەسەر کەشتییەك ئیش دەکات و ماوەیەکیش لە شوێنێکی ناوزڕاو و گەندەڵ لە شاری نیۆیۆرك ژیان دەکا. ئەزموونگەلی ئەم تافە ، واتە ڕوانینی شوێنە سەیرو سەمەرەکان، کەسایەتییە نائاساییەکان و تێڕوانینێکی بەرفراوان لەمەڕ کونج و قوژبنی ژیان، مادەی سەرەکی سی شانۆنامەی ئەوی بەدیهێناوە.
هاوینی ساڵی ١٩١٢ لە ماڵێك بە ناو« کۆنت مۆنت کریستو»بەسەر دەبا کە فەزایەکی بۆ رووخساندوە پڕ لە کیشمەکێشی ڕۆحی و ئەشکەنجەی دەروونی. باوکی یوجین خۆی بە کەسب و ئیشەکەی سەرقاڵ کردبوو و دایکی هەر وەك جاران گیرۆدەی دەوا و حەب بوو و دەکرێ ئاماژە بدەین کە ئەم قۆناغە، قۆناغێکی قەیراناوی بۆ ژیانی دایکی یوجین بوو. براکەی(جیمی) زۆرتر لە هەر کاتێکی تر خۆی نوقمی عارەق خواردنەوە کردبوو و تەنیا یوجین بوو کە خۆی لە نێو دەق و کتێبە ئەدەبییەکان نووقم کردبوو. لەم ساڵگەلەیە کە یوجین هەست بە نەخۆشی سیل لە خۆیدا دەکات، بەو جۆرە کە لە تەمەنی ٢٤ ساڵیدا دەینێرن بۆ ئاسایشتگایەك و لەوێدا دەس دەکا بە لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی ژیان لە هەموو بابەتەکانەوە. مانەوە لەم ئاسایشتگایە کورت دەبێ بەڵام چارەنووسی یوجین لەوەدایە کە بنووسێت. چوونکا لەوێیە کە دەتوانێ شانۆنووسی گەورە« ستریندبێرگ» بدۆزێتەوە و ئاوڕ لە بەرهەمەکانی ئەم شانۆنووسە مەزنە دەدات.
ئۆنیل دواتر لە یادەوەرییەکانی ئاماژەی بەمەیش کردووە کە لە ئاسایشتگا چەن شاکاری دیکەیشی وەك بەرهەمەکانی «نیتچە»، «ستریندبرگ» و شاعیرە کلاسیکەکانی یۆنانی خوێندووە و هەر لەوێدا بڕار بووە کە ببێت بە نووسەر و بنووسێت وببێتە بێژەری ڕاستەقینە و حەقیقی مرۆڤ و دۆخە تاڵەکانی. بێژەرێك کە لە گۆڕەپانی واقیعدا هەستی پێکراوە.
لە نێوان ساڵگەلی ١٩١٢ و ١٩١٣ دوو شانۆی درێژ و یانزە شانۆی تەك پەردەیی دەنووسێت. لە ١٩١٤ باوکی خەرجی چاپی پێنج شانۆنامەی ئەو لە ئەستۆ دەگرێت، بەو هیوایە کە بتوانێ یوجین لە چارەنووس ڕەش و نەحسەکەی برا گەورەکەی رزگار کات کە بە پەنا دانی یوجین و پاراستنی ژیانەکەی بتوانێ

ژیانێکی جیددی و تەندرووستانەی بۆ دابین کات . بەم هۆیە یوجین هانددا کە لە دەرسگوتارە ئەدەبییەکانی « جۆرج پییرس بیکەر» کە لە زانسگای هاوارد رێخرابوو بەشداری بکات. ئاماژە بەم خاڵە گرینگەیش پێویستە کە لە راستیدا یوجین چەندە توانی لەم دەرسگوتارانە کەڵك وەرگرێت، چونکا یوجین روانگە سەوداگەرانەکەی ( بیکەر)ی بە نیسبەت شانۆوە بە گاڵتە گرتبوو و جیاوازییەکی زۆری لە نێوان هەڵوێستە هونەرییەکەی بیکەر و کارە شانۆییەکانی باوکی کە ە چەشنێکی ئاسایی لە ژیان دەیڕوانی ، نەئەدی . بەڵام مەسەلەی تەکنیکی لەمەڕ شانۆ لەم مامۆستایە فێر بوو و لە هەندێك لە شانۆنامەکانی بە کاری هێنا . بەر لەم مەسەلە ئەو فەزا کە بەسەر هارواردا زاڵ بوو بووە هۆی ئەوەی کە شەوقی یوجینی بۆ نووسینی شانۆی زۆر کات و ئەندێشە و زەینی پەرە بسێنێ. کاتێك هارواردی جێ هێشت ، بەڵێنیدا شانۆنامەیەك بنووسێت کە نە تەنها ئاڵۆز و ساختەیی نەبێت بەڵکوو شان بدات لە شانی ژیانی راستەقینە. واتە ژیانێکی زۆر حەقیقی لە دەقەکانی بەرهەم بێنێت .

یوجین بە هیوا بوو کە راستی و واقیع بخاتە سەر سەحنەی شانۆ ، بەڵام باوکی خۆی بە بڕیارێکی سەیر و سەمەرە بە نیسبەت داهاتوو و ژیانی نووسەری خۆی ناهۆمید و دڵشکاو کرد. دەسی کرد بە مەی خواردنەوە و لەم لاولا وێڵ بوون و ژیانێکی پڕ لە بێ هیوایی و ناحەز لەگەڵ کەسانێك کە ژیانەکەیان وەك خۆی لە بێ هیواییدا تێدەپەڕی .

بەو جۆرە کە نیشان ئەدرا، ئەنجامی یوجین هەر وەك براکەی لێدەهات بەڵام ئەو شوێنە سامناك و ترسێنەرە و ئەو هاوڕێ نالەبارانە هەر ئەو شتەی بە ئوجین بەخشی کە لەو تافە نیسبەت بەوە هەستی پێدەکرد. لە بەهاری ١٩١٦ لەگەڵ هەندێك نووسەر و هونەرمەندگەلی نائاسایی ئەو سەردەمە بۆ «ماساچووستێس» رۆیشت . ئەو جێگایە دێهاتێك بوو کە لە لایەن هەندێك نووسەر و نیگارڤانی نیۆیۆرکی پێشکەوتووخواز هەڵبژاردرابوو. یەك گرووپی شانۆی شۆڕشگێرینە لەم شوێنە رێکخرا و هەوەڵین ئاسەواری یوجین ئۆنیل لەم شوێنە پێگەی بۆ ساز بوو. ئەم گرووپە شانۆییە ، رێبازگەیەکی هەرە گەورەیان و بەرفراونی لە شانۆی ئەمەریکە داهێنا. داهێنەرەکان، ئەکتەرەکان و ئۆنیل لە شانۆنامە رۆمانتیکەکان کە بە چەشنی بازرگانی و سەودایی ئەمریکە دەهتانە بەرچاو، خۆیان دوور خستەوە و ریئالیزمێکی توندو تیژیان لە شانۆی





ئەمەریکە داهێنا و خستیانە ئارا .

لەگەڵ ئەم گرووپە بوو کە ئۆنیل چەند شانۆی یەك پەردەیی بەرهەم هێنا کە هەڵبەت دەسکەوتی ئاوارەبوونەکەی ئەو لەو دوورگە سەیر و سەمەرانەدا بوو و دیدار و دیمانە لەگەڵ مرۆڤە نائاسایی و ناوخراپەکان بوو. لەم چەند شانۆنامەیە کە بە ناو «دەورەی گۆلن کارێن» ناسرا بوو ، لە واقیعدا ئەمە دەریا بوو کە وەك پێکهاتەیەکی سەرەکی لەم چەند بەرهەمانە خۆی بەرجەستە دەکردوە .

دەریا وەك دیاردە و نیشانەیەکی زلی و زەبەندی جیهان بە کار هێنراوە. دەریا هێمانەیەك لە ئەژماردەهات کە بە شێوەیەکی دەروونشیکاریانە تەنیایی مرۆڤ و تارێنراوی ئەو بۆ هەسێرەیەکی نامیهرەبان بە ناو عەرزی دووپات دەکردەوە. شانۆکان لە روانگەی کەسایەتی پەروەراندن، ریئالیستی و تێکۆشانی نووسەر بۆ دۆزینەوەی زمانێکی هەستیار و بە پێز دیاردەیەکی روووە. شانۆی« ئەو بەری ئاسۆ» لە ١٩٢٠ خەڵاتی «پۆلیتزێر»ی بۆ ئۆنیل بەدەس هێنا کە لە واقیعدا رێگای ژیانی ئەویشی بۆ دابین کرد.

»ئەو پەری ئاسۆ» لەحنی کارەساتی و تراژێدیایی هەبوو کە ناوەرۆکی زۆربەی بەرهەمەکانی ئۆنیل لە خۆی گرتۆتەوە.

حیقایەتی پیرە پیاوێکە کە دەیەوێت بچێت بو دەریا ، بەڵام پێش گەیشتن بەم خەونەی حەز لە کچێك دەکا. دوا ژن هێنان، دەبێ بە دیلی ژیانی رۆژانەیی و هیچکاتێك بە دوایین خولیاکەی ناگات و تەنانەت ژیانێکی شادومانیشی نییە. لە ئەنجام مەرگ ئەو بە جەرگەی دەریا دەسپێرێت، جێگایەك کە دەبوایە یەکەمین خەونی لەوێدا بە ئاکام دەگەیشت.

لە شانۆی« ئانا کریستی» ١٩٢١ دەریا جارێکی دی وەك نیشانە و دیاردەی بەڕیوبردنی هێزێکی نالەبار و سامناك دێتە ئارا. راکێشەری دەریا ، پیاوەکە لە کچی خۆی دوور دەکاتەوە. «ئانا» دەرکراوە و روو دێنێت بە سۆزانی. کاتێ کە حەز لە پیاوێکی ئیرلەندی دەکا بۆ سزای تاوانەکانی رابردووی خۆی دەرئەکرێت کە دەسکەوتی ناڕاستەوخۆی داوێکە کە دەریای شەیتانی بۆ ئەوی دابین کردووە. ئۆنیل دووهەمین خەڵاتی پۆلیتزێر وەردەگرێ ( ئۆنیل پێکەوە چوار جار ئەم خەڵاتەی وەرگرتووە(.

»هەوەس لە ژێر دارە ناروەنەکان» ناوی بەهێز و پێزترین شانۆنامەی ئۆنیلە. ئۆنیل بۆ ئەم شانۆیە دێهاتێکی«نیۆئەنگلەند» هەڵدەبژێرێ و لە درێژایی شانۆکە، کیشمەکیشی کلاسیك لە ئەخلاقخوازی و

دژواری ژیانی ئەو وڵاتە نیشان ئەدرێت.
تراژێدیای پەیوەندی« ئانا» سێهەمین ژنی وەرزێرێکی ٧٦ ساڵانەی ئەنجیل خوێنی نێۆئەنگلەندی لەگەڵ زڕکوڕی«بن» کە لە هاوسەری دووهەمیەتی، دەگێردرێتەوە. باوکەکە بە ناو« ئەفریم»، هیچ ئەڤین و حەزی لە ژنەکەی لە دڵیدا نییە . ژنە گەنجەکە کاتێك لە ئاقاری خۆی بەخەبەر دەبێت کە ئاکامی عەشقی ئەو بە «بن» یەك منداڵە. بەڵام «بن» دەڵێت کە منداڵ لەو نییە، و لەوبڕوایەدایە کە ئانا بۆ بەدەس هێنانی میراتی باوکی لەو، ئەو منداڵە زۆڵەی بووە، و ژنی لاو بۆ پێداگەری لەسەر عەشقی خۆی بە بن لە ترۆپکی فیداکاری منداڵەکە دەکوژێ و ئاڵقەی تراژێدیاکەی ئەم شانۆیە بەم چەشنە دەبەسترێت.

لەم تافە سەرکەوتووە بوو کە زۆر کەس لەمەڕ بەرهەمی ئۆنیل وتبوویان کە بەکار هێنان لە بابەتگەلێ وەك مرۆکوژی(پیاوکوژی)، شێتی، هیوابڕی، بەرهەمگەلی ئەوی تیرە و تار کردووە بەڵام زۆربەی ئەم کەسانە هەر ئەوانە بوون کە شانۆیان بە ئامێرێك نە لە راستای شوناسی چەمکە ناوبراوەکان بەڵکوو بە مەبەستی رێگای راکردن لە تاڵی و دژواری حەقیقەت پێناسەیان دەکرد. داوەری راستەکییانە نیشان دەدات کە ئاسەواری ئۆنیل لە هەستی تراجیکی بە هێزێك سەرکەوتووە کە بە هێزێکی راچڵەکێنەری خۆی لە تازەترین تەکنیکگەلی وتەیی و هونەری هەیە .

ئۆنیل لە سرووشتخوازانەیەکی رەسەن دووری دەکا، لە شانۆی«ئیمپراتووری جۆنز) شانۆ لەمەڕ دیکتاتۆرێکی راکراوی کارائیبە. خەیاڵپەروەری و رێئالیسم لەگەڵ یەکدا ئاوێتە بووە، سەحنەگەلی درێژی بێ قسە لە دیاردەکانی شانۆیە کە لەوانە تەنیا دەنگی زرەی تەپڵ، راکردنی دیکتاتۆر لە خەڵکە توورەکان نیشان دەدات.

لە ساڵی ١٩٣٦ خەڵاتی نۆبێلی ئەدەبی کاتێك وەردەگرێت کە بەڕای رەخنەگەران، هێزی ئافراندنی ئۆنیل روو بە خامۆش بوون دەڕوات. دە ساڵ لەدوا ئەم رووداوە شانۆی« پیاوی یەخ فرۆش دێت» نووسرا کە رەشبین ترین بەرهەمی ئەو لە ئەژمار هاتووە، لەم تافە ئۆنیل بە هۆی نەخوشی لەرزۆکی کە زۆری رەنج لێدەبرت ناتوانێت وەك جاران بنووسێت . کاتێك لە ١٩٥٣ مرد« ٢» وایان دانابوو کە سەرجەمی دەقەکانی خۆی بردووە سەر سەحنە.
سالگەلەی دوایی تەمەنی خۆی لە تەنیایی و بێکەسیدا بە سەر برد و ژنەکەی(کارلۆتا) دوور لە بنەماڵە چاوەدێری دەکرد.





قۆناغی دووهەمی بەرهەمگەلی ئۆنیل دوا مەرگی ئەو دەسپێکرد.لە ١٩٥٥( گەشتی رۆژی درێژ لە شەودا) و لە ١٩٥٨( بەرهەمێك لە زەوقی شاعیر) و لە شەستەکان(هیوجی) لە گەورەترین و ناوازەترین ئاسەواری ئەو لە ئەژمار هاتوون.
بۆ زۆر کەس ئۆنیل دوایین شانۆنووسی گەورەیە بەڵام ئەگەر شانۆ بڕیار بدات کە جارێکی دی کەسایەتی درووس کردن و رێئالیزم بگەرێتەوە و تێکۆشانی گەورەی مرۆڤ نیشان بدات و بەرجەستەی بکاتەوە بێ گومان ئۆنیل لە جێگایەکە کە دەبێ لەو دەس پێبکەین و لەو فێر ببین و بەرزتر لەو رۆیشتن دیارە زۆر دژوارە.

تێبینی:

-1ئۆنیل بەم وتە تیشك دەخاتە سەر بیر و بڕوانی فرێدریك نیتچە فەیلەسووی ناوازەی ئاڵمانیا ، کە لە کتێبە فەلسەفییەکانی خۆی زۆر بە سانایی باسی« مەرگی خودای کۆنی» خستە ئارا و دوابە دوای ئەمە زۆر کەس لە بیرمەندەکانی فەلسەفەی نیهیلیزم و نیتچە، شرۆڤەی جۆراوجۆر لەمەڕ ئەم باسە قورسەیان هێنایە ئارا و زۆر کەسیش نیتچە بە باوکی رەسەنی نازیسم و فاشیسم لە ئەژماریان هێناوە و هەندێکیش ئەم روانگەیان قەبووڵ نەکردووە .
بەڵام ئەوەی کە زۆر دیارە ئەمەیە کە ئەم هزرڤانە بە نرخە لەسەر بونیادی ئێژەیی و هونەریی سەدەی بیستەم کاریگەری خۆی بە شێوەگەلی جۆراوجۆر نواندووە و بووەتە ریشاندەری ژیانی زۆر مرۆڤی ئازادیخواز و هزرڤان.
ئەم کەڵە فەیلەسووفە لە ساڵی ١٩٠٠ لە کاتێکدا تەسلیمی مەرگ بوو کە دە ساڵی رەبەق لە تاریکیدا بە رەنج و دەردێکی زۆر گران ژیانی بەسەر بردبوو.

-2 لە کتێب ناسی ئۆنیل زێدە لە بیست شانۆی کورت و درێژ هەیە کە هەندێکیان بە زۆربەی زمانە بیانییەکان هەم وەرگێراوە و هەم چووتە سەر سەحنەی شانۆ. پێویستە ئەم وتەیش لێرەدا بێت کە تا ئێستا چەند شانۆی بە پێز و هێز لەم شانۆنووسە بلیمەتە کراوە بە زمانی فارسی .

**سەرچاوە:**
**ماهنامە گردون، زندگی و هنر یوجین اونیل، نوشتە دکتر نورالدین سالمی، شمارەی ٥٠**



د. عصام اليوسفی

# چەمکی دراماتۆرگی وکاری دراماتۆرگ

و: یاسین قادر بەرزنجی

ئەم بابەتە پەیوەستە بە بواری پسپۆڕیم وەك مامۆیتا وتوێژەری وانەی دراماتۆرگی ونووسینی شانۆنامە لەپەیمانگای بالآی هونەری شانۆیی لە ریبات، هەروەها وەك دراماتۆرگ ووەرگێڕی چەندین تێکستی شانۆنانە.

ناونیشانی بابەتەکەم (چەمکی دراماتۆرگی وکاری دراماتۆرگ، نمونەی لێوەرگرتن– الاقتباس) وەك ناونیشانێك بۆ چوارچێوەیەکی گشتی داناوە، بەلآم لەئاقاری بابەتەکەوە پەل بۆ چەند لایەنێکی دیکەی پەیوەست بە چەمکی





دراماتۆرگی دەبەم، تیایدا لەخەسڵەتە تەکنیکی وئیستاتیکیەکانی سرووشتی کارەکە دەدوێم، هاوکات بەوردی لەئاستی کردەی (لێوەرگرتن– الاقتباس) دەدوێم، دواجار گشت قۆناغەکانی کاری دراماتۆرگی وەرگری دەرهێنەر شیدەکەمەوە، لەگەڵ ئەو مەرجانەی پێویستە لەو کارنەدا هەبن.

لەسەرەتاشەوە دەبێت پرسیارێك بکەینە دەروازەی ئەم بابەتە: بۆچی دراماتۆرگی وکاری دراماتۆرگ ولێوەرگرتن؟ پاشان وەلآمدانەوەی گریمانە لەسەر دامەزراوەکانی پرسیارەکە، کەبریتین لە :

یەکەم: نووسینی شانۆنامە یان بەشانۆکراو هەمیشە مەرجێکی بنچینەیی بووە لەپڕۆسەی ئەفراندنی شانۆییدا، پێویستە بەشێوەیەکی بەردەوام لێی بکۆڵینەوە وسەر لەنوێ پێگەی ئەو کاری نووسینە دیاری بکەینەوە وڕۆڵی لەگەڵ گەشەکردنی کارە شانۆییەکەدا دەست نیشان بکەینەوە.

دووەم: گەشەکردنی ئەو کردەو پیادەکردنە، واتە گەشکردنی چەمکەکە، بەشێوەیەك بیرکردنەوە لەواتا جۆراوجۆرەکانی ئەو چەمکە یەکجار پێویستە بۆ لابردنی تەمومژی ئەو ڕەگەزە سەرەکییە لەپڕۆسەی ئەفراندندا.

سێیەم: ئامادەبوونی دیاردەی لێوەرگرتن وسەرلەنوێ نووسین لەپانتاییە هونەرییەکەدا بەشێوەیەکی بەهێزو کاریگەر، وامان لێ دەکات بیر لەو هاندەرو ئارەزووانە بکەینەوە کە لەپشت ئەو هەڵبژاردنەوە خۆیان حەشار داوە، هاوکات هەوڵ بدەین ئەو حاڵەتە شیبکەینەوە، لە بیانووەکان تێبگەین وبزانین هۆکارە بابەتیەکان کامانەن کە پەیوەستن بەهەر ئەزموونێکەوە.

چوارەم: هەر سەبارەت بەو پرسە، پرسیاری گرنگیتر وباوی تر دێتە ئاراوە کە پەیوەستن بە پرۆگرامی لێوە نزیك بوونەوە وشیکردنەوەی تێکستی شانۆییەوە، بەرەو پرسیاری زاراوەکان ڕامانده‌کێشن.

لەدواییدا: وەستان لای تایبەتمەندیی کاری دراماتۆرگ سەبارەت بەتێکست ودیاریکردنی فرەیی ئەرکەکانی بۆ سەلماندنی ئەوەی کە تائێستا تێکست ڕەگەزێکی کاریگەرە لەنمایشی شانۆیی وبەهای هونەرییدا، لەگەڵ هەموو ئەو هەولآنەدا کە دەیانەوێ پێگەی تێکست بچووك وئامادەبوونی کەم بایەخ بکەنەوە.

1- لە دراماتۆرگیەوە بۆ دراماتۆرگ:

لەم بڕگەیەدا بەدیاریکراوی لەنێو چوارچێوەی شانۆ دەدوێین، بەبێ باسی



زمـــانی گوزارشـــتی دیکـــەی وەك دراماتۆرگیی سینەمان یان ئۆپێرا، یاخود ئەدەبی ڕۆمان.

گشت بیرمەندانی شانۆ هەر لەئەرەستۆوە تا دەگات بە باربا، هاوڕان لەسەر ئەوەی دراماتۆرگی بریتیە لەهونەری پێکهێنان وڕێکخستنی کردارو ڕووداوەکان بۆ هێنانە کایەی گەشەکردنی لۆژیکی بەمەبەستی گێڕانەوەی حەکایەتێك یان چیرۆکێك.

تێڕامانی کلاسیکی بەرامبەر بەو ووشەیە بریتی بووە لە "هونەری پێکهێنانی تێکستەکان" بەڵام واتای نوێ بۆ ئەو ووشەیە دەکاتە "سەر لەنوێ پێکهێنان وتێگەیشتن وشیکردنەوە"

چەمکی گشتی زاراوەکە هەندێك تێکەڵ وشێواوە، دەتوانرێت تێگەیشتن ولێکدانەوەی بەپێی سرووشتی کارەکە وئەو کەرەستەیە بێت کە ئیشی لەسەر کراوە، بەڵام ئەوەی بناغە بێت بۆی بریتییە لەپەیوەست بوونی بەکرداری ڕێکخراووە بۆ کرداری گێڕانەوە وڕەهەندی بینراو حەکایەتەکەوە.

لای ڕەخنەگر ئان ئیبرسفیلد دراماتۆرگی بەتەنیا بریتی نییە لە لێکۆڵینەوەی تێکست ونمایش، بەڵکو دراماتۆرگی بریتیە لەپەیوەندیی نێوان تێکست وبینەر، کە پێویستە وەگەر بێت ولەنمایشەکە بگات.









بەشێوەیەکی دی، چەمکی دراماتۆرگی تایبەتمەندی دەداتە نووسینی شانۆنامە، بەجۆرێك ڕەهەندە ئەدەبییەکە جێبهێلێت، زمانی شانۆ وئاستی دیمەن پێکەوە گرێبدات، ئەو چەمکە لەیەك کاتدا هەر دوو ڕەهەندی گوتراو وبینراو دیاریدەکات، هەر چۆن دەتوانرێت دراماتۆرگی لەپرۆسەی دەرهێنانی شانۆییدا بەقۆناغێکی پەتی دابنرێت.

تیایدا ئەو پرۆسەیە لەئایندەی تەختەی شانۆدا بەرجەستە بێت بەدیدو بینینەوەی دراماتۆرگییانەوە کە بتوانرێت ئەندازەی تەختە (سەکۆ) ی نمایش وئەندازەی شانۆ پێکەوە ئاوێتە بکرێن وهەر ئەوانیش کە پەیوەندیی لەگەڵ بینەردا دەبەستن.. واتە، بیرکردنەوەی دراماتۆرگی ونزیك کەوتنەوە لەهەر تێکستێکی شانۆیی دەبێت لەپێناوی چارەسەری گرفتەکانی نمایش ومەرجەکانی نمایشدا بێت، دەناکورت دێنێ ودەبێتە بەندی یەك ئاستی ئەدەبی، ئەمە بەشێوەیەکی گشتیی خەسڵەتی شانۆنامە نووسراوەکان لەیەکتر جیا دەکاتەوە.

خوێندنەوەی دراماتۆرگییانە هەڵبژاردنی بیرۆکەیەکی دیاریکراوە لەچوار چێوەی هەڵبژاردنەکان وخوێندنەوە چەند بارەکاندا ئەوەش بەهۆی تێکستەوە دێتە دی، کە دەشێ ئەو ئەنجامە، یان ئەو هەڵبژاردنە بەپێی شوێنکەوتنی مێژوویی ومیتۆدیی

دەرهێنان وئاسۆكانی چاوەڕوانی هۆشداریی بینەری چاودێر بگۆڕدرێن.

دراماتۆرگی لەزۆربەی كاتدا كارسازیی دەكات بۆ دەرهێنان وبەڕێوەبردنی ئەكتەرەكان، بەلاّم كارەكە لەوێنایەكی جێگیردا كۆت وبەند ناكات، چونكە دەرهێنەر ناتوانێ بەتەنیا ڕۆلّی جێبەجێكار ببینێ، بەلّكو ئاشكرا كردن وئەفڕاندن لەدایك بووی چركەساتی پێكگەیشتنی بەرجەستە كاراو وكتوپڕییە ئەرێنی ونەرێنیەكانە، دراماتۆرگی وسەر سەركەوتوو ئەو كەسەیە كە بتوانێ گونجان بخاتە نێوان جێگیرە هزرییەكان وستاتیكییەكانی تێكستی شانۆیی لەگەلّ ڕوانگەی دەرهێنەری پەیوەست بە بنەماكانی سەكۆی شانۆوە.

ب– پێگەی دراماتۆرگ وئەركەكانی:

پرسیاركردن بە دراماتۆرگ، زیاتر پەیوەستە بە كەسێكەوە، بە میتۆدی كاركردنیەوە، واتە جیاوازە لەدراماتۆرگی كە پەیوەندیی توندو تۆلّی هەیە بە بەرهەمهێنانی تێكستەوە بۆ مەبەستی شانۆیی.

پـشەی دراماتۆرگ پیشەیەكە كە سرووشتێكی گۆڕاوو گەشەكردووە، تایبەتمەندیی كارەكە لەتێكست وفۆڕم وهەورەها لەسرووشتی پەیوەندیدایە لەگەلّ دەرهێنەردا، هەندێك جاریش لەگەلّ دامەزراوەی بەرهەمهێنی نمایشدا.

ژمارەیەك لەپۆلین كردن هەیە، لەلایەن توێژەرانەوە بۆ پێناسەی دراماتۆرگ وئەركەكانی، لای نووسەری فەڕەنسی دانییل بێرنهارد چوارجۆر دراماتۆرگ هەیە:

1- دراماتۆرگیّ كە ئەركی دۆكیومێنت كردنە، كەوا لەتێكست ونووسەرەكەی دەكۆلّێتەوەو پیشنیازی سوود وەرگرتن لەتێكستی نزیكی دیكەوە دەكات لەخودی شانۆنامەی هەلّبژێردراوە، وەك بابەت وفۆڕم، هەر چۆن دۆكۆمێنتی بیستراوو و بینراویش دەخاتە بەردەست بەمەبەستی سوود وەرگرتنی دەرهێنەرو ئەكتەرەكان.

2- دراماتۆرگی وەرگێڕ كەوا كاری بەشانۆیكردن دەكات لەسەر چەند تێكستێكی ناشانۆیی، ئەو كار لەسەر پێكهاتەی گشتی دەكات، بڕگەكان دیاری دەكات وشتە زیادەكانی دەقرتێنێت، گرێ هەلّدەبژێرێ وەك ڕایەلّی پەیوەندیی لەكارەكەیدا، لەڕەهەندە درامی وشانۆییەكاندا دەكۆلّێتەوە هەمان چیرۆك دادەڕێژێتەوە بەلاّم بەپێكهاتەیەكی شانۆییەوە.

3- دراماتۆرگی بینەر پێش ئاسۆی





چاوەروانی بینەران دەكەوێت، بژاردە ستاتیكی وئایدیۆلۆژیەكانی نمایش ڕووەو هەستی بینەران وپرسیاری كۆمەلّگا دەبات، لێرەدا دراماتۆرگ وەك كۆمەلّناسە، لەدیدی خۆیدا پەیوەندیی نێوان هونەرو كۆمەلّگا دەبینێتەوە.

4- دراماتۆرگی نووسەر ڕەگەزێكی ئاوێتەیە لەگەلّ گروپی كارە هونەریەكان لەو نوسەرە پەناگیرانە نیە كە لەژوورەكانی خۆیاندا نایەنە دەرەوە، بەلّكو نزیكە لەپرۆسەی دەرهێنان وهەلّومەرجەكانی ئامادەكردنی نمایشەوە، هەر چۆن بەووردی گوێ بۆ خواستەكانی بینرەو دەرهێنەر ڕا دەدێرێت .



فرمێسك مستەفا

# شانۆیەی بۆ نەوەکان

شانۆ نەك تەنیا وەك ڕەگەزێکی زانستی و هونەری، بەڵکو وەك هونەرێکی پەروەردەو فێر کردنی کۆمەڵایەتی وهۆشیارییەکی سەردەمیانەیە. شانۆ تا ئێستا نە بۆتە یەکێك لە پێداویستیە سەرەکیەکانی ژیانی ئەمرۆکەی کۆمەڵگەی کوردەواریمان . بەڵکو شانۆ تەنیا ڕێگەیەکە یا ئامرازێکە بۆ وەدەستهێنانی بڕوا نامەیەکی ئەکادیمی، یاخود بەدیهێنانی خولیا و بەهرەو بەتاڵکردنەوەیەکی کاتی ئەو خولیایە. ئەمەش یەکێکە لە چەمکەکانی قەیرانی شانۆ لە ئەمڕۆی کوردستاندا .

گەر بمانەوێت شانۆ بەردەوامی پێبدەین ولە نەوەکانەوە بیگوازینەوە ، سەرەتا دەبێت بهێنرێتە ناوخودی ژیانەوە . بۆ ئەمەش پێویستە ژێرخانێکی پەروەردەیی بۆ دروست بکەین، تا بناسرێت بە هەموو توێژ وچینەکانی کۆمەڵگە و بڕژێتە سەرشەقام و بڕواتە نێوماڵەکان. واتە لە خودی کۆمەڵگەوە سەرهەڵبدات و جارێکی تر پێشکەش بە کۆمەڵگە بکرێتەوە. بەمەش دەبێت تاکەکانی کۆمەڵگە بەشداری پێبکەین، ئەوساکە بتوانین بنەمایەکی مەعریفی و ئەکادیمی بۆ دروست بکەین وە ببێتە شانۆیەك بۆ نەوەکان.





سەرەتا بۆگرنگە لە باخچەی ساوایان و قوتابخانە بنەڕەتی و ئامادەییەکانەوە دەست پێ بکەین؟ بۆ شانۆیەکی پەروەردەیی؟چۆن بڕژێتە شەقام و بچێتە نێو ماڵەکانەوە؟لەبەر ئەوەی شانۆ لە فێرگەکاندا دەتوانێت ڕۆڵی سەرەکی وڕاستەوخۆ ببینێت. وەك:

١ .بیناکردنی کەسایەتی قوتابییە لە ڕووی دەروونی وکۆمەڵایەتی وهزرییەوە .

٢.ناساندنی قوتابییە بە جیهانی چیرۆك وداستان و ئەدەبیاتی میلەتی خۆی و بێگانە. هەوڵدانە بۆ کاکردن لەگەڵ ئەنێشە و خەیاڵیدا. هاندانە بۆ نوسین وداڕشتنی چیرۆك کە دەبێتە ڕێگایەك بۆ دواندنی ناوەوەی خودی خۆی ودانانی کۆتایی و سەرەتا بۆ چیرۆکەکانی . لەمەوە فێری چارەسەر و دیالۆگ بەستن لەگەڵ دەروبەریدا دەبێت و بڕواو متمانەی بەکەسایەتی خۆی پتەوتربێت. وەك تاکێکی سەربەخۆ ڕەفتار دەکات وە توانای چارەسەری گرفتەکانی دەبێت.

٣.کارکردنە لەگەڵ ڕەوشتە فیزیکی و دەروونیەکانیدا. دروستکردنی پانتاییەکی پڕلە ئازادیە تا لەو پانتاییەدا خودی خۆی بدۆزێتەوە و مامەڵەی ڕاستەقینە لەگەڵ کەسایەتی خۆی و دەرووبەریدا پێکبهێنێت وبتوانێت ڕابەرایەتی کەسەێتی خۆی بکات.

٤.بەشداری کردن وفێربوونی کاری هەرەوەزی ویارمەتیدان وهاریکاریکردنە. مامەڵە کردنی لەگەڵ کۆمەڵگە بچوکەکەی خۆیدا کە پێکدیت لە قوتابییە هاوڕێکانی، چۆن بتوانێت ئەمە بگوازێتەوە بۆ نێو کۆمەڵگە وە فێری پەیوەندی پتەوی کۆمەڵایەتی ببێت.

٥.بەشداریکردنی دایك وباوکی قوتابیان لەم پرۆسەیەدا وببنەبەشێك لەڕاپەڕاندنی کارە هونەریەکە. تا پەیوەندی منداڵ بە دایك وباوکیەوە لەدەروەی ماڵ پتەوتربکات و بەشداریکردنێکی تری هەرەوەزیانەیە لەنێوان خێزانەکەدا. بێ لەناساندنی دایك وباوك بە بەهرەو توانای منداڵەکەی ، ناسین و پەیوەندی بەستنە لەگەڵ دایك وباوکانی تردا ودروست بوونی خێزانێکی پەروەردەیی و هونەریە لەو فێرگەیەدا. هاندانی فێرخوازە بۆ ئینتمای تەواو بە فێرگەکەیەوە و هاندانیانە بۆ خوێندن و ناسینی بەهرەو توانای خۆی.

بەم جۆرە دەتوانرێت شانۆ بچێتە نێو ماڵەکانەوە لە ڕێگای فێرگەکانەوە. شانۆ لە ناوژیانی ڕۆژانەدا سەرهەڵئەدات و خولیا لای کۆمەڵگەیەك دروست دەکات بۆ سەردانی نمایشە شانۆییەکان . بەڵام گرفتێکی تر لەبەردەم ئەم پرۆسەیەدا وەستاوە ! کێن ئەوانەی لە قوتابخانەکاندا



ئەم ئەرکە دەگرنە ئەستۆ؟
لێرەوە دەبێت لە دەرگای خوێندگا هونەرییە ئەکادیمیەکان بدەین، بچینە ناو کرۆکی بابەتێکی گەورەوە کە بریتیە لە بەرهەمهێنانی شانۆکاران کە وەستای ژێرخانەکەن. چۆن هەستن بەبیناکردن و کارکردن لە ژێرخانەکەدا؟.

پێگەی فێرگە هونەری وئەکادیمییەکان بناغەیەکی هێندە پتەوەیان نیە بۆ وەبەرهێنانی ئەو وەستا شانۆکارانە . بەڵکوماڵێکە بۆ وەدەستهێنانی بڕوانامەیەك. بێگومان ئەمە هەموو فێرخوازە شانۆییەکان ناگرێتەوە، مەخابن ژمارەیەکی کەم نەبێت تاکوتەرا ئەو خۆشەویستی و خولیایەی تێدا دەبینیت لە پێناو خودی شانۆ و فێر بوون و پەروەردە و بەردەوامیدا هاتۆتە نێو هۆڵەکانی فێرگە ئەکادیمیەکانەوە. هۆکاری ئەم دیاردەیە سەرەتا دەگەرێتەوە بۆ جۆری ستراتیجیەتی وەرگرتن وهەڵبژاردنی ئەم قوتابیانە، بێ لە ماڵە هونەرییەکە خۆی کە کەشوهەوایەکی وای پێنەبەخشیوە تا ئەو بەردەوامیە بخوڵقێنێت لای فێرخوازە شانۆییەکە. گەر سەیری نزیکترین خوێندگەی هونەری بکەم لە نزیکی خۆم ، پەیمانگەی هونەرەجوانەکان و کۆلیجی هونەرە جوانەکانی هەولێرە کە پایتەختی هەرێمی کوردستانە. بێ لە شارەکانی تر بەگشتی کەموکوڕیەکی تەواو هەیە لە ڕووی دابینکردنی هۆڵی شیاو بۆمەشق وڕاهێنان ، نەبوونی هۆڵی تایبەت بۆ نمایش . کەمی ژمارە ڕاهێنەرە تیۆرییەکان . کەمی ژمارەی پسۆران لە بواری تەکنیکی کاری شانۆیدا ، نەبوونی چەندین بەش کە بەشێکی گەورەن لە بنیادنانی زانستی شانۆ . وەك بەشی دراماتۆگی وڕەخنە گرتن، بەشی دیکۆر و سینۆگرافی شانۆ، بەشی جلوبەرگ. بەشی شانۆی پێداگۆگی ، بەشی پەروەردەی هونەری ، زانستی شانۆ و لێکۆڵینەوە، بەشی ماکیاژ، بەشی دەنگ ودەمودوو،







بەشی سەما ووەرزشی شانۆیی ، بەشی مێژوو و ئەدەبی شانۆ. بەشی ڕوناکی و تەکنیکیەکانی تری سەر سەکۆ وهۆلەکان . کە مامۆستای پسپۆرو مەنهەجی تایبەتی خۆیان هەیە . تەنانەت لەو دووبەشە سەرەکییەی کەهەیە(نواندن و دەرهێنان) هێشتا پسپۆری تەواومان کەمە . بۆ پەرەدان بە مەنهەج و توانای قوتابی ڕاهێنەری تەواومان نیە بۆ مەشەقە پێویستەکان . لە بوونی ئەم هەموو کەموکوڕی و کەلێنەدا لە فێرگەکاندا، بێگومان پرۆسەی قەیرانەکە پانتاییەکی گەورەداگیردەکات ، بچوك نابێتەوە.. بەشێکی تریش لە سیاسەتی کلتوری وەزارەتی ڕۆشنبیری و شارەوانی شارەکانی کوردستانە لە دامەزراوە کانی وەك تیپ و گروهە شانۆییەکان ، کە چۆن و بەچ ئاقارێکدا پەیڕەو پرگرامی ساڵانەی خۆیان دابڕێژن . نمایشە شانۆییەکان تەنها وەرزی نەبن ، ژمارەی هۆڵەکان زیاد بکەن لەگەڵ دابینکردنی هەموو پێداویستییەکان. تا بتوانرێت نمایشە شانۆییەکان بەردەوامی بدەنە نمایشەکانی خۆیان . سێ مانگ یا چوار مانگ مەشقی شانۆگەرییەك دەکرێت و بودجەیەکی باشی بۆ وەردەگیرێت ، تەنیا دووڕۆژ یا ئەو پەڕی سێ ڕۆژ نمایش دەکرێت، دواجار گشتی دیکۆرەکە فڕێ ئەدرێتە حەوشەیەکەوە بێ ئەویە بپارەێزرێت و جلوبەرگیش بەهەمان شێوە .

لە جیهانی ڕۆژئاوادا شانۆ نامەکان بەدرێژایی چەندین ساڵ لە نمایشی خۆیان بەردەوام دەبن بۆ نمونە شانۆنامەی مشکەکان ی ئاجاساکریستی ساڵی پار، ئاهەنگی شەستەمین ساڵێ خۆیان لە بریتانیا گێڕا. لەبەر ئەوەی لەسەر ستراتیجیەتێك و بنەمایەکی پتەو وزانستی کاردەکەن زۆر بە ئاگایی و ووردیەوە دەڕواننە لایەنە فەرهەنگی وکلتورییەکانی میللەتی خۆیان و شانۆبە دەستکەوتێکی شارستانی دەزانن .



حەیدەر عەبدولڕەحمان

# دروست کردنی ئەکتەر و ڕزگار بوون لە ئەکتەرە سواوەکانی شانۆی کوردی

تا ئێستا وێڕای هەبوونی چەندین سەرچاوەی زانستی و هونەری بۆ شانۆ ، لە چەشنی کولێژو پەیمانگا بەلاّم ڕەوتی شانۆی کوردی تا ئێستا نەگەیشتۆتە ئاستی پێویست لە ڕوووی بە ئەکادیمی بوونەوە و زۆر لەوانەی لەو کەنالاّنەدا دەردەچن بە گشتی ، شتێکییان پێ نیە بۆ شانۆ ، بە دەگمەنییان نەبێت ! لەو پێو دانگەشەوە کۆمەلێ پرسیار دروست دەبن کە دەبێ لە سەریان بوەستین ، ئەگەر مەبەستی ئەوەمان هەبێت جۆرێك لە چاکسازی لە شانۆدا بکەین ، بەر لە هەموو ئەوانەش ئەو پرسیارەیە ، ئایا ئەو کوردی و فاکتەرانە چین کە دەبنە







بەربەست لە بەردەم دروست بوونی شانۆی ئەکادیمی و دوور کەوتنەوە لە شانۆی تەقلیدی و ڕەمەکی ؟ چی بکرێت باشە بۆ گۆڕینی خوێنی شانۆییمان بە خوێنێکی نویێ ، ڕۆلّی دەزگا پەیوەندی دارەکانی سەر بە شانۆ چیە بۆ دەست هەلّگرتن لە چمکی ئیسپات وجودو قۆرخ کردنی دەرفەتە شانۆییەکان بۆ بەرژەوەندییە تایبەتییەکان و گۆڕینی بۆ دروست بوونی توخمەکانی داهێنانی شانۆیی ؟
لەو نێوەندەدا ناشێ خۆمان لەو ڕاستییە بشارینەوە ، کە بەر لە هەموو شتێك پێویستیمان بەو ڕاهێنەرو دەرهێنەرە شانۆییانە هەیە کە توانای دروست کردنی ئەکتەری ئەکادیمییان هەیە ، تا ئەکتەریش دروست نەبێت شانۆ نابێت ، دەمێکی دووریشە شانۆ لە هەندێ سنووری جوگرافیدا دووچاری جۆرێك لە نەزۆکی شانۆیی بووە ، بەهۆی دروست نەبوونی ئەکتەری نویێ ی ئەکادیمی و بەهۆی پشت بەستن بە نەوە کۆنەکان و ئەکتەرە تەقلیدیەکان کە زۆربەیان لە شانۆدا پەکیان کەوتووەو بە ناچاری بۆ پرکردنەوەی شانۆ دەهێندرێنە سەر تەختەی شانۆو دەبنە فاکتەری بنە ڕەتی ئیفلیج بوونی شانۆ ، بۆ دروست بوونی ئەکتەریش پێویستیمان بە جێ بەجێ کردنی ئەو چەند خالاّنە هەیە :




1.هێنانی راهێنەرو شارەزایانی بواری دەرهێنان لە ولاّتانی دەرەوە بۆ کەناڵە ئەکادیمییەکان ، یاخود تیپە هونەرییەکان بۆ کردنەوەی وۆرك شۆپی بەردەوامی شانۆیی و راهێنانی ئەو ئەکتەرانە لە سەر ستایلە نوێکانی نواری ندن .

2.کردنەوەی لابوری شانۆیی ، بە سەرپەرشتی هەندێ لە راهێنەرە ئەکادیمیاکانی خۆمان .

3.بەردەوام بوونی راهێنانی جەستەیی ئەکتەرەکان ، بە تایبەت لە روووی ئیلقاو دەنگ و ئەداوە ، بە شێوەیەکی رۆژانە

4.کردنەوەی خولی نواندن و پێشکەش کردنی سیمیناری زانستی و هونەری لە سەر ستایلەکانی نواندن

5.بەرز کردنەوەی ئاستی هوشیاریی و رۆشنبیریی ئەکتەرو دەوڵەمەند کردنی ئەزموونی بەهۆی بە سەر کردنەوەو لێك نزیك بوونەوەی لە ئەزموونی گەلان

6.سوود وەرگرتن لە بەهرە نوێکان ئەوانەی بە کۆتو پێوەندە تەقلیدییەکانی شانۆوە لە قالب نەدراون و دروست کردنیان لە سەر شێوازو بونیاتێکی نوێ ، هەتا ئەگەرمەودای پێگەیاندنی ئەو ئەکتەرانە مەودایێکی درێژ خایەنیش بێت رەنگە ئەزموونی راهێنەرو دەرهێنەرانی ئێمە لە بواری دروست کردنی ئەکتەری ئەکادیمی دا کەم بێت بە تایبەت لە





کوردستاندا ، بەشێك لەوانەی دەرچووی سالأنی حەفتاکان و هەشتاکانی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا بوونە توانیوویانە لە رێگەی پەیمانگاو تیپە شانۆییەکانەوە سوود لە ئەزموونی رابووردوویان لە ئەکادیمیا وەرگرن ، وێرای هەندێ ئەزموونی نیگار حەسیب قەرەداغی و شەماڵ عومەر لە دەرەوەو ئەزموونەکانی ، د. فازڵ جاف لە دەرەوەو ناوەوەی کوردستان و هەوڵەکانی گەزیزە عومەر لە سلێمانی و نیهاد جامی لە کەرکووك ..و کارۆخ ئیبراهیم لە هەولێر، هەولێك بوونە بە ئاراستەی دروست کردنی ئەکتەر، زۆرینەی دەرهێنەرەکانی تربۆ کارە شانۆییەکانییان پەنایان بۆ ئەکتەرە ئامادە کراوەکان بردووە نەك بۆ دروست کردنی ئەکتەر ..

لە رابووردوودا دەرهێنەرانی ئێمە لە چەشنی ئەحمەد سالار ، سەباح عەبدولرەحمان ، تەلعەت سامان ، هەر یەکەو بە ستایلی خۆی و بۆ پڕ کردنەوەی بۆشایی ئەکتەرییان دروست کردووە ، بەلأم ئەو ئەکتەرانە بەهۆی بەردەوام نەبوون گۆڕانیان بە سەردا نەهاتووە ، یان توانای بەرەو پێشڤەچوونیان نەماوەو سواون ، یاخود لە پەلو پۆ کەوتوون .

دەکرێ بڵێین گرنگە ئەگەر ئەو ئەزموونەی د. فازڵ بە شانۆگەری زریان لە کولێژی هونەرە وانەکان ئەنجامی دا پەرەی پێ بدرێت و بەردەوامی پێ بدرێت ، باشترین ئەزموونێك بێت بۆ دروست کردنی ئەکتەری ئەکادیمی ، بە هەمان شێوە بەدیعە دارتاش و گەزیزە بەر لە د. فازڵ سوودێکی زۆریان لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان وەرگرتووە بۆ دروست کردنی ئەکتەری ئەکادیمی .. بەلأم هەر هەموو ئەو هەولأنە هەولێ جێگیر نەبوونە و بەردەوامییان پێ نەدراوە تەنها هەندێکییان نەبێت ، بۆیە کاریگەرییان لە سەر شانۆی کوردی لاواز بووە و و پێداویستی و بۆشاییە فرەوانەکانی پڕ نەکراونەتەوە .



گۆران عەلی کەریم

# هاملێت وەک عاشقێکی دۆڕاو..

پرسیارە گەورەکەی هاملێت سەبارەت بە وجود جارێکیتر مرۆڤایەتی خستە بەردەم بەرپرسیاریەتێکی گەورە ئەویش ئەو پرسیارەبوو(من هەم یان نیم ئەمەیە پرسیارەکە) گەرانەوە بۆساتی وجودی ئینسان رەنگە لەهەمو شتێکی تری پرسیارو گەرانەکانی مرۆڤ سەرەکی تربێت من گومانم لە بەرز راگرتنی هاملێت نیە لەم پرسیارەیەوە . ئەوەی منی توشی گومان و دوولّی کردوە لەو ساتەوەختەوەیە کە هاملێت زۆر دلّرەقانەو دور لە عەشقی (رۆمیۆ و جولێت) انە ئۆفیلیای خۆشەویستی لەخۆی دور دەخاتەوە . دیمەنەکە لای شکسپیر لەپاش ئەو دیمەنەوەیە کە هاملێت توشی پرسیارە وجودیەکە دەبێت (من هەم یان نیم) پاش









ئەم دیمەنە ئۆفیلیا دەردەکەێت و خۆیو ئەو دیاریانەی کە رۆژانی عەشق هاملێت بەدیاری دابویێ دەی گەرێنێتەوە بۆی و پێی دەلّێ (سەروەرم پاش ئەم هەم و رۆژانە چۆنن. چەند دیاریەکی بەرێزتانم لایە دەمێکەیە دەمەوێ بتاندەمەوە تکاتان لێدەکەم ئێستا وەری بگرنەوە) هامێت لەوەلاّمی ئەمەدا دەلّێ (نا من نەبوم من قەت شتم پێشکەشی تۆ نەکردووە (
ئەو پیاوەی بەشوێن راستیدا دەگەرێت چەند



بێپاك درۆ لەگەڵ عاشقەكەیدا دەكات .
یەكەمین یادكردنی عەشق لە هاملێتی مرۆڤ دۆستا لێرەوە دەست پێدەكات بەوەی عەشقەكەی بەراورد دەكات لەگەڵ دایكی گرێی هامێت لە ژندایە بۆیە تەنها بەوەوە ناوەستێت واز لەم عاشقە پاك و بێگەردەی بێنێت بەڵكو بەردەوام داوای لێدەكات ببێت بە راهیبە بە ئۆفیلیا دەڵێت (بچۆ ناو دیرو ببە بە راهیبە لەبەرچی تۆش ناپك بخەیتەوە) بۆیە لێرەوە تێدەگەین هاملێت چی عاشقێكی دۆراو ئیرە كارە. ئەو كەسەی لە بەردەم وجودا گەورەیە لەبەردەم عەشقدا خاڵیە لە سۆزو خۆشەویستی .
تەنانەت دەیەوێ ئەو مێژووەی لەگەڵ مەعشوقەكەیدا هەیەتی ئاسان بیسرێتەوەو خۆی لێبێبەری بكات . هاملێت تەنانەت بەمەوە ناوەستێ بەڵكو رێگەی شوكردن لە ئۆفیلیا دەگرێت و پێی دەڵی (ئەگەر بەنیازی





شوبكەیت ئەوا توانجت خەڵات دەكەم )
كەواتە لێرەوە ئەوەمان بۆ روندەبێتەوە كە هاملێت دەیەوێت ئۆڤیلیا تەنها موڵكی ئەوبێت لە دەرەوەی ئەو هیچ پیاوێكیتر نەناسێت ئم رۆحی بە موڵك كردنەی ئینسان لە رێگەی عەشقەوە بەشێكە لە نەخۆشی . بێگومان دەبێت لەسەر ئەوە تەبابین كە هاملێت مرۆڤێكی نەخۆشە ئەم نەخۆشیەش بەرەو شێتی دەبات . ئەوەتا لەیەكێك لەدیالۆگەكانی پاشادا دەڵێ (خۆشم ناوێت و مەترسیدارە ئەگەر لەگەڵ ئێمەدا بمێنێتەوە . وازبێنن شێتیەكەی بدات بەدەم باوە) كەواتە هاملێت لەو ساتانەوەی كەتارمای باوكی دەبینێت وردە وردە بەرەو دونیایەكی تر دەروات جیاواز لەودونیا واقعیەی كە هاملێت تیًیدا دەژی هەر ئەم بینینەشە دەبێتە وەهم و هاملێت بەرەو تۆڵەو رق دەبات . هاملێت لە دیالۆگێكیدا لەگەڵ تارمای باوكیدا دەڵێ ( زو ئاگادارم بكەرەوە تاوەكو بەدو باڵی تیژ وەكو خەیاڵ یان ئارەزوی عاشقانە برۆم بەرەو تۆڵە) بۆیە بیركردنەوە لە تۆڵە دەبێتە ئامانجی هاملێت نەوەكو بیركردنەوە لە بایەخی مرۆڤ بۆیە بەر لە مەرگی هاملێت هەست بە كەرت بوونی خۆی دەكات بۆ دوو بەش بەشێكیان ئەو دیوەیە كەبەشوێن بیركردنەوەدا دەگەرێ بەشەكەی تریشی ئەوەیە كە بشوین تۆڵەدا دەگەرێ ئەوە هەستی تەنهاییە وا لە هاملێت دەكات دڵرەق بێت بۆیە لە دیالۆگێكیدا دەڵێ (ئێستا تەنیام ئاخ من چی مرۆڤێكی دەبەنگ و نەفامم(



کاردۆ

# بوونەوەرێکی شانۆیی

بۆیەکەمین جار ئەوم لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی کەرکوك بینی و یەکمان ناسی، هەگبەیەکی چکۆلانەی بەشانەوە بوو، جەستەی شەکەت و ماندوو دەهاتە بەرچاوو ،ماندووی رێگای سالآنێکی دوور لە سەفەر وگەڕانی بێ وچان ،پێدەچوو تازە لەلای بیکت گەڕابێتەوە ،نازانم لەئاکامی ئەو هەموو بێهوودەییەی نێوانیان ،ئەو دوانە چ رێککەوتنێکیان ئەنجامدابوو. ئەو تازە گەیشتبوو هێشتا هەگبەکەی دانەنابوو ،لێ بەدوای شوێنێکی بەتاڵدا دەگەڕا تا سەرلەبەری لێوڕێژبکات لەژیان، سەرەتا کەناسیم تووشی دڵەراوکێ و ترسێکی زۆری کردم ،چوونکە چاوەکانی پڕبوون لە ئومێد و خەونی مەزن ، کە پێشتر لەچاوی هیچ شانۆکارێکی ئەم شار







و وڵاتەدا وەها خەن و ئومێدێکم بەدی نەکردبوو، ئەمزانی کەسێکی ئاسایی نییە و خەونەکانیشی سەرلەبەری ئەو واقعە تاڵەی بزووتنەوەی شانۆیی لە کەرکوك دەخاتەبەر پرسیار و تارماییەکانی سەر سەکۆ لێی هەڵدێن ،بەڵام لەبەرامبەریشدا دڵنیابووم کە خەون بینین لەم شارەدا ئاسان نییە ، لەڕاستیشدا ئاسان نەبوو زۆری بەربەست هاتە رێ، لەگەڵ ئەوەشدا رانەوەستا ،ئەو باسی مانیفێستەکانی ئارتۆی بۆ جەستەکانی دەوروبەری ئەکرد ،بێ ئەوەی بزانێت خۆی لە بازاڕوقەیسەرییەکی کۆنی قەڵاکەدا چ مانیفێستێکی شوێن وجەستە دەکات ، جارێکی تر لەنێو خانوویەکی کۆنی هەمان قەڵادا ماڵێك بۆ گوناهەکانی هاملێت و باوك و ئۆڤیلیا و ئێمەی وەرگر درووستدەکات. شەوێك ئەدا لەشەقەی باڵ و لەقەیسەرییەکەی کۆیە سەمای دەکات، شەوێکی زستانیش لە رانیە هەموان سیخناخی بەلەمێك دەکات و سەمای مەرگمان فێردەکات ،دواجار ئەوەی ئەم کائینە کردوویەتی مایەی ئەوەیە سەری رێزی بۆ دابنوێنین ،چوونکە وەك ئێمە نییە ،ئەو خوا وای درووستکردووە بوونەوەرێکی شانۆییە.

# مەلەفێکی ڕەخنەیی بۆ قەقنەسێکی شانۆ



وەك نەریتێکی بەردەوامی گۆڤاری شانۆکار بۆ دواندنی نمایشە شانۆییەکان، ئەمجارەشیان مەلەفێکی ڕەخنەییمان بۆ نمایشێکیتر کردەوە، ئەویش شانۆگەری ( وەك قەقنەس دەسووتێم ) ی تیپی شانۆی هاوڕێیانی گەزیزە یە، نوسین ودەرهێنانی گەزیزە، نمایشەکە لە ٧-١١-٢٠١٢ لەهۆلی سەعد عەبدوللا لەشاری هەولێر نمایشکرا، لە نواندنی دیاری عومەر و دواتر لە شاری سلێمانی نمایشکرا بەلام ئەمجارەیان ( سۆزان بابە عەلی ) ئەکتەری نمایشەکە بوو، بەداخەوە ئێمە هیچ بابەتێکمان بەدەست نەگەیشت لەبارەی نمایشەکەی سلێمانی، بەلام لەبارەی نمایشەکەی هەولێرەوە سێ وتاری ڕەخنەیی لەم مەلەفە بلاو دەکەینەوە، بە ئومێدی خولقاندنی بۆچوونی جیاوازو تێڕامانی رەخنەی بۆ نمایشە شانۆییەکانمان.











حەمەسوار عەزیز

# چەند دێرێک بەدوای نمایشی ( قەقنەس)ی گەزیزە

## دێری یەکەم: "تێکستی قەقنەس لەژێر سێبەری چیخۆف دا"

پاش ئەوەی بیکێت تێکستی (بەدەم چاوەڕوانی گۆدۆ) دەنووسێت، زۆرینەی ئەو تێکستە شانۆییانەی کە دوای ئەو تێکستە نووسراون و قسە لەسەر چاوەڕوانی و بێهوودە بوونی مرۆڤ دەکەن ، سێبەری ئەو تێکستەی بیکێت بەڕوونی بەسەریانەوە دیارە، بە تایبەتیش سیبەری کارەکتەرەکانی (گۆدۆ، ڤلادیمێر ، ئیستراگۆن) کە لای زۆرێکمان بۆتە سێکوچکەی چاوەڕوانییەکی بێهوودە و زۆر ئەستەمە قسە لەو چەمکە بکەین و خۆمان لە کاریگەری ئەو کارەکتەرانە بپارێزین، تەنانەت خودی ساموێل بێکێت لە تێکستەکانی دواتری دەکەوێتە ژێر ئەم کاریگەرییە و زۆرێك لە رەخنەگرانیش پێیانوایە کارەکتەرەکانی ( هام و کلۆف)ی تێکستی ( کۆتایی گەمە) کە بیکیت دوای گۆدۆ نووسیویەتی درێژکراوەی کارەکتەرەکانی ڤلادیمێر و ئیستراگۆنن.

کارێکی نۆرماڵە نووسەرانی تێکست لەهەر شوێنێکی دونیا هەبن لەژێر کاریگەری نووسەرانی پێش خۆیان تێکستەکانیان دابڕێژن، ئەوەتا نووسەرێکی گەورەی وەك شکسپیر زۆرێك لە تێکستەکانی لەژێر ئەم کاریگەرییە نووسیوەتەوە، بۆیە من بە ئاسایی دەبینم کە گەزیزە لەژێر کاریگەری شانۆنامەکەی (گۆرانی ماڵئاوایی) چیخۆف تێکستەکەی دەنووسێتەوە، چونکە زۆر سەختە بۆ نووسەرێك تێکستێك بنووسێتەوە باس لە دوارۆژەکانی شانۆکارێك بکات کە چۆن دەخزێتە پەراوێزەوەو لە یادەوەری کۆمەڵگا دەسڕێتەوە، نەچێتە ژێر سێبەری کارەکتەری (ڤاسیلی) کە چیخۆف لە شانۆنامەی (گۆرانی ماڵئاوایی) دروستیکردووە، ئەم شانۆگەرییەش بەشێوەیەکی بەرچاو کاریگەری بەسەر هزرو نەستی شانۆکارانی کورد هەیەو وەك مۆنۆدرامایەك زۆرترین جار لەسەر تەختەی شانۆکانی کوردستان نمایشکراوەو زۆرینەی شانۆکارانی هەفتاو هەشتاکانی سەدەی رابردوو لەرێگەی ئەم شانۆنامەیە چیخۆفیان ناسیووەو رەنگە هەندێکیشیان چیخۆفیان لەم تێکستە کورتکردبێتەوە.

ئەوەی لێرەدا بۆ من زۆر گرنگە چۆنیەتی مامەڵەکردنی گەزیزەیە لەگەل ئەم کارەکتەرەو ئایا گەزیزە دەتوانێت چ ئیزافەیەك بخاتە سەر ئەو دیدگایەی چیخۆف و لەکوێدا دەتوانێت ئەو کارەکتەرە لەڕوانگەی بنیادی درامی و سایکۆلۆژییەوە کارەکتەرێکی گەزیزەو بێت و لە گەزیزە بچێت و لە ڤاسیلی نەچێت، ئەمەش ئەرکێکی یەکجار قورسە بە تایبەتی ئەگەر کارەکە تاك ئەکتەر واتا مۆنۆدراما بێت، چونکە لێرە گەزیزە ناتوانێت لەڕێگەی کارەکتەری ترەوە ئەو فۆرم و فەزا درامییە دروستبکات کە یارمەتی بدات لە جیاکردنەوەی کارەکتەرەکەی گەزیزە لە کارەکتەری (ڤاسیلی ) چیخۆف.

گەزیزە بۆ ئەمە پەنا دەباتە بەر هەمان ئەو تەکنیکەی چیخۆف خۆی ، ئەویش دروستکردنی کارەکتەری ترە لە پەراوێزی

کارەکتەرە سەرەکییەکەی، بەڵام جیاوازیەکە ئەوەیە کە کارەکتەرەکەی چیخۆف زۆر شانازی بەڕابردووی خۆی دەکات و هەمیشە ئەو کارەکتەرانە دووبارە دەکاتەوە کە لە ڕابردوو بە شکۆمەندییەکی زۆرەوە ئەدای کردوون، بەڵام کارەکتەرەکەی گەزیزە لەرووی سایکۆلۆژییەوە جیاوازەو تەنانەت لە رابردووشدا جیاواز بووەو بە پێچەوانەی کارەکتەرەکەی چیخۆف، کارەکتەرەکەی گەزیزە هەمیشە لە ناخی خۆی کارەکتەرێکی تێکشکاو بووەو هەستی بە تەنیایی و پەراوێزبوونی خۆی کردووەو هەموو ئەو روناکییانەی سەری لە راگەیاندن و ئیعجابی بینەر نەیانتوانیووە تەنیایی و هەست بە نامۆبوونی ئەو کارەکتەرە کەم بکەنەوە، کارەکتەرێك هەموو شتێکی بە بینەرو شانۆ بەخشیووە لە بەرانبەردا ئەو هیچ بەدەست ناهینێت، کەسێك نییە لەدەرەوەی موجامەلە رێزی بگرێت و خۆشی بووێت.

ئەوەی زیاتر لێرەدا گەزیزە زەقیدەکاتەوە ئەو دوو فاقی و ئیزدیواجیەتەیە کە لە کۆمەڵگەی کوردی و تەنانەت لەنێو خودی شانۆکاران خۆیان هەیە، گەزیزە لێرەدا بەڕوونی باس لە ژن دەکات، ئەو ژنەی کە لەسەر شانۆ چەپڵەی بۆ لێدەدرێت و



لاپەڕەی میدیاکانی پێ پڕدەکرێتەوەو هەمیشە جێگەی ستایشە، بەڵام لەخوار ستەیجەکەی شانۆو لەو دیو جیهانە خەونئامێزەکەی هونەر، کەس نایبینێت و نایناسێت، کەس ئامادە نییە جگە لەو فۆرمەی کە شانۆ وەك لیبۆك پێیبەخشیوە، لە دەرەوەی ئەو فۆرمە وەك مرۆڤێکی ئاسایی کە پێویستی بە خۆشەویستی و دامەزراندنی ژیانی کۆمەڵایەتییە، کەس نایەوێت بەو شێوەیە بیخوێنێتەوە، تەنانەت ڕەنگە نزیکترین کەس و هاوڕێکانی بوارەکەی خۆیشی نەیانەوێت لە لیبۆکێك زیاتری پێ ببەخشن، لیبۆکێك کە دەتوانێت هەموان دڵخۆش بکات بەڵام کەس نییە فرمیسکە





پڕ تەنیاییەکەی بسڕێتەوە.

لێرەداو لەم هەڵوێستە کارەکتەرەکەی گەزیزە رێك لە ڤاسیلی دەچێت و هەردووکیان لەسەر شانۆ رێزیان دەگیرێت و لە دەرەوەی شانۆش وەك مرۆڤێکی ئاسایی نین و زۆر لە مافەکانی ژیانکردن لەدەست دەدەن.

ئەو جیاوازییەی کە لەنێوان هەردوو کارەکتەرەکەی گەزیزەو چیخۆف دایە، جیاوازییەکە کە فەرهەنگ و ژینگەیەکی جیاواز دروستیانکردووە، کارەکتەرەکەی گەزیزە جیاواز لە ڤاسیلی ناگەڕێتەوە بۆ ئەداکردنی ئەو کارەکتەرە شانۆییە مەزنانەی کە لە رابردوو ئەدای کردوون، بەپێچەوانەوە دەبینین زۆرینەی ئەو کارەکتەرانەی کە ئەدایان دەکاتەوە ئەوانەن کە لە ژیانی کۆمەڵایەتی ئەودا کاریگەرییان هەبووەو هیچ پەیوەستێکییان بە شانۆ و رۆژە گوڵڕەنگەکانی شانۆوە نییە، جیاواز لە کارەکتەری ڤاسیلی ، کارەکتەرەکەی گەزیزە کە ناوێکی نییەو هەموو یادەوەرییەکانی پڕن لە حەسرەت و بێ ئومێدی، ئەو کاتێك کە لەسەر شانۆش بووە هەر تەنیا بووەو هەستی تەنیایی داگیریکردووە، بۆیە دەبینین ئەو لە کاتی نمایشیشدا بینەر نابینێت و هەمیشە چاوی بە شوێن کەسێکەوەیە، کەسێك کە



دەتوانێت لەو غوربەت و بێکەسییە ڕزگاری بکات، بۆیە کارەکتەرەکەی گەزیزە لەڕابردووشدا پێچەوانەی ڤاسیلی هزری لای چەپڵەی بینەر نەبووە، ئەو کە هەرگیز هەستی بە بینەر نەکردووەو هۆڵەکە لای ئەو لە چۆلەوانییەك زیاتر نەبووە، بۆیە کاتێ لە درزی پەردەکانەوە سەیری نێو هۆڵەکە دەکات بۆ ئەوە نییە بزانێت ئاخۆ بینەرێکی زۆر هاتووە یان نا، ئەو تەنیا بەدوای یەك بینەردا دەگەڕێت ، ئەو بینەرەی کە ئەو دەیەوێت لەسەر شانۆوە لەڕێگەی روانین و جەستەوە مەسجێکی بۆ بنێرێت، ئەو حاڵەتە گەڕان نییە بەدوای داهێنانی ئەکتەرێك لەسەر شانۆ، بەقەد

ئەوەی گەڕانە بەدوای خودی ئەکتەرو دەربازبوونیەتی لە نامۆیی و گومان.

لایەنێکی تری جیاوازبوونی گەزیزە لەم تێکستە ئەوەیە گەزیزە ئەگەرچی مۆنۆدراما دەنووسێت بەڵام بەشێوەیەکی بەرچاو خۆی لە مۆنۆلۆگی دوورو درێژ پاراستووە، زۆرینەی تێکستەکەی لەشێوەی دیالۆگ دارشتووە، دیالۆگ لەگەڵ کەسێکی بەرامبەر کە هەندێجار ئەو کەسە خودی کارەکتەر خۆیەتی، هەندێجاریش لە فۆڕمێکی برێختییدا دیالۆگەکە دەکاتە دیالۆگی نێوان ئەکتەرو کارەکتەر یا ئەکتەرو بینەر.

بە بینینی من لەگەڵ هەموو ئەو جیاوازییانەش ناکرێت سێبەری تێکستەکەی چیخۆف لەسەر تێکستەکەو دواتریش نمایشەکەی گەزیزە نەبینرێت، بۆیە من پێموایە دەبوو هەر هیچ نەبێت لە فۆلدەری نمایشەکە گەزیزە ئاماژە بەوە بکات.

**دێری دووەم:**

**"ئێستا و ئێرە لە نمایشی قەقنەس دا"**

جیاواز لەو نمایشانەی گەزیزە کە من دیوومە، گەزیزە لە دروستکردنی ئەم نمایشە هەوڵیداوە کۆمەڵێك میتۆدی شانۆیی ئاوێتەی یەکتر بکات و لە فۆرمدا خۆی لەو ستایلە ریالیستی و سامبولئامێزە بپارێزێت کە لە نمایشەکانی پێشووتری کاری لەسەر کردبوون، هەرچەندە زۆرکات بەبێ دەسەڵاتی خۆی لەرێگەی ئەدای پاڵەوانی نمایشەکەی (دیاری عومەر) بەو ئاقارەدا گوزەر دەکات، بۆ ئەم مەبەستەش گەزیزە پەنا بۆ تەکنیکی نامۆکردن (تەغریب) دەبات هەرچەندە هەستدەکەین پەنابردنێکی شەرمنانەیەو گەزیزە نایەوێت نمایشەکەی خاڵیبکاتەوە لە سۆزو هەستەوەرەکان کە کاریگەری بەسەر بینەرەوە بەجێدێڵن.

ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە دەرهێنەرێك پەنا بۆ تەکنیکی تەغریب دەبات، دەبێت کار لەسەر ئێستاو ئێرە بکات، بەو واتایەی ئەم رووداوە لە ئێستاو لە ئێرەدا ڕوودەدات، ئەو ئێستا و ئێرەیەی کە کاتی نمایشکردنەکەیە، گەزیزە نمایشەکەی بە هاتنەژوورەوەی پیرەژنێك بۆ نێو ماڵەکەی دەسپێدەکات، کەواتە ماڵ دەبێتە ئێرەو زەمەنی پیری کارەکتەرەکەش دەبێتە ئێستا، بەڵام لە کۆتاییەکانی نمایشەکەی گەزیزە لە دیمەنێکدا ئەکتەرەکەی دادەبەزێنێتە نێو بینەرو هەوڵدەدات دیالۆگێك لەگەڵ بینەر دروست بکات، بێگومان گەزیزە بە ئاگاییەوە ئەم کردارە بە ئامانج دەگەیەنێت و کردارێکی عەفەوی





نییە کە هیچ ئامانجێکی بەدواوە نەبێت، گرنگترین ئامانجی ئەمەش کارکردنە لەسەر چەمکی ئێستا و ئێرە بەتێکشکانی ئەو دیوارە وەهمییەیە کە بینەرو نمایش جیادەکاتەوە و فاکتەرێکیش بێت بۆ بەشداریکردنی بینەر لەو بەرپرسیاریەتییەی کە نمایشەکە قسەی لەسەر دەکات، بەو واتایەی کە ئێمە وەك بینەر بێ گوناح نین دەرحەق بەو چارەنووسەی کە پاڵەوانی نمایشەکەی گەزیزە پێی دەگات، بە پێچەوانەوە ئێمەی بینەر جا بینەری ئاسایی بین یا شانۆکارو هونەرمەند تاوانباری سەرەکین لەو کێشەیەی کە گەزیزە دەیخاتە سەر تەختەی شانۆ، بۆیە ئەکتەرەکەی گەزیزە ئەو پرسیارە رووبەرووی بینەرانی دەکاتەوە کە ئەو پیاوە چی لە ئەکتەرەکە(کارەکتەری ئەکتەرەکە) ویستووە، بەڵام لەڕاستییدا پرسیارەکە ئەوەیە کە " ئێوە چیتان لە ئەکتەرە ژنەکان دەوێت، ئێوە چۆن تەماشای ئەو ئەکتەرە ژنانە دەکەن، چ جیاوازییەك لەنێوان ئێوەو کارەکتەرە وەهمییەکەی نمایشەکە هەیە؟."

ئەوەی کێشە لەو نمایشە دروستدەکات ئەوەیە کە ئێستای نمایشەکە زەمەنێکی تره جیاواز لەو زەمەنەی کە ئەکتەر تیاییدا دادەبەزێتە نێو بینەر، بەو مانایەی گەنجێتی کارەکتەرەکە خۆی قسەکردنە لەسەر رابردوو، کارەکتەرەکە لەسەرەتاوە وەك پیرەژنێك لە نێو ماڵەکەی دەردەکەوێت و لە ئێستادا قسە لەسەر یادەوەرییەکانی رابردووی دەکات، کۆتایی نمایشەکەش وەك سەرەتاکەی بە حاڵەتی پیرییەکە کۆتایی دێت، بۆیە لەم نمایشە ئێستا دەگۆڕدرێت بۆ زەمەنی رابردووی کارەکتەر، لەو حاڵەتەش کە ئەکتەر لە زەمەنی رابردووی کارەکتەر دادەبەزێتە نێو بینەر ئێزدیواجیەتێك لە زەمەنی نمایشەکە دروستدەکات کە دەکرا دەرهێنەر لەسەرەتاو کۆتایی نمایشەکە چارەسەرییان بۆ بدۆزێتەوە

.

**چەند دێرێکی تری بەدوادا دێت**

**نیهاد جامی**



# مانای سێیەم لەپرۆسەی دەقئاوێزان

هەڵوەستەکردن لەسەر نمایشی (وەك قەقنەس دەسووتێم) رووبەروو بوونەوەی وەرگرە لەبەردەم مۆنۆدرامایەك لە ئەزمونی دەقئاوێزانەوە پرۆژەی شانۆیەکی فێمێنیستی لەخۆیدا هەڵدەگرێت، ئەوەش دەرگای فرە خوێندنەوەیی و تێرامانی جیاوازمان بۆ دەکاتەوە.. بۆ ئەوەش پێویستمان بەوە دەبێت لەتەواوی رووبەرو پێکهاتەکانی گوتاری نمایش بوەستین.

لەم دەقەدا شانۆکار بەرەو خودی خۆی دەگەڕێتەوە خانمە ئەکتەرێکی بە ساڵا چوو دوای ئەزموونێکی درێژ لەگەل شانۆ سەرەنجام بینەران فەرامۆشی دەکەن و بەرەو لەبیر چوونەوە دەروات، ئەوە لەساتێکدا ئەو رۆژگاری هەرەتی لاویش ئەو دەمەی لەسەر شانۆیە ئەوەی بینەر لەوی دەوێت قەبووڵکردنی نیە وەك ئینسان، بەلکو قەبووڵکردنیەتی وەك ئەکتەرێك بۆ نەستی کۆمەڵی. بۆیە گرفتی گەورەی کارەکتەرەکە لەگەل خۆشەویستەکەیەتی کە نەك بیر لەوە ناکاتەوە ماڵێك عەشقەکەیان کۆ بکاتەوە تەنانەت ئامادە نیە بێتە سەیرکردنی شانۆگەریەکانیشی.

کارەکتەری سەرەکی نمایشەکە رووبەرووی کێشەو گرفتی تایبەت ئەبێتەوە کە ئەتوانێ خۆشەویستی بە بینەرانی ببەخشێت، بەلام کەس ئەو خۆشەویستیە بەو نابەخشێت، بۆیە ئەو دەمەی بەرەو پیریش هەنگاو دەنێت هەست بە تەنیاییەکی سەخت دەکات، تەنیاییەك کە شانۆی لەدەستچووەو ئەوەی بۆ ئەو ماوەتەوە تەنیا یادەوەریە.. یادەوەری رۆژانی گەنجی کە بریتیە لە شوناسی ئەوی ئەکتەر.

ئێمە لەبەردەم ئەو دەقەدا، شانۆگەری گۆرانی ماڵئاوایی چیخۆف دەکەوێتە خەیالمانەوە بۆیە ئەو دەمە پرسیاری ئێمە پرسیارە لە شوناسی شانۆکار ئایا ئەوانەی چیخۆف بە ئازاری ئەکتەری پیاوی دەزانێت گەزیزە ئەو ئازارە دەگۆڕێت بۆ ئەکتەری ژن؟ ئەوەش ئەو پرسیارەیە لەو نووسینەدا هەوڵ ئەدەین نهێنیەکانی بخەینە ناو پرۆسەی گومانەوە

تاکە ئەکتەری نمایشەکە لە فەزای ماڵێکی بەتاڵ رووبەرووی تەکنیکە تایبەتیەکانی نواندنی خۆی دەبێتەوە، لەڕێگەی دەنگ و جولەی جەستەوە دەیەوێت گوزارشت لە رۆحی تێکست بکات و بچێتە ئەودیو ماناکانی ووشەوە.

دیاری عومەری ئەکتەر لەم نمایشەدا سەرەتا وەك ژنێکی بەساڵا چوو دەیبینین کە لەو ساتەوەختە پیر بوون زەمەنی ئێستای ئەوە، ئەو هەوڵ دەدات لەرێگەی جولەو دەنگەوە گوزارشت لەو ساتەوەختە زەمەنیەی کارەکتەر بکات هەرچەندە لەهەندێك باردا دەنگ ئەو دوو زەمەنە لەدەستی ئەکتەر دەسەنێتەوەو دەیداتەوە بە زەمەنی نمایشەکە

ئەگەر بیانوی دیدی دەرهێنان ئەوە بێت کە زەمەنەکان کۆی مێژووی کارەکتەر بنیات دەنێن، ئەوا لەڕوویەکی تردا ڕاستیەك هەیەو دەشاردرێتەوە کە ئەکتەر لەناو زەمەنی ئینتیما بۆ کراو دەبێت هەلگری رۆحی کارەکتەر بێت هەرچەندە ئەو بە پەیوەندیکردن بە بینەرو دۆزینەوەی پرسیارە شاردراوەکەی کە خۆشەویستەکەی لەهەرەتی لاوی چی لەو دەویست لەوێوە ئیدی ئەو کارەکتەری نمایشەکە نیە، بەلکو کارەکتەری سێیەمە لەراستیدا ئەتوانین بلێین دیاری عومەر خۆیەتی، واتە نە ئەکتەری ناو یادەوەری تیکست و نە خانمە بە سالا چووەکەی تەمەنە ئەگەرچی ئەو لەرێگەی ڕاگوزار



لەگەل بینەر بە بوێریەكەوە رەفتار دەكات، ئەو بوێریە لەلای كارەكتەرەكە وونە بەلام خودی ئەكتەری راستەقینەكەمانە بەرجەستەی دەكات.

دەرهێنەر لە شانۆیەكی ڕوتدا كە ماتریالەكانی بریتین لە چوار چوارچێوە كە پێشەكەیان لەشێوەی ئاوێنەیە لەگەڵ تەنافێكی جل هەڵواسین كە جل وبەرگی ئەكتەرەكەی پێ هەڵواسراوە.

شوێن بریتیە لە ئاڵوگۆری زەمەنی ئەو دەمەی ئێمە لە زەمەنی هەنووكەییدایین شوێن دەبێت بە ماڵ، ئەو كاتەشی بەرەو یادەوەری كارەكتەر دەگەڕێینەوە شوین دەبێتە هۆلی شانۆ، بەواتای كارەكتەرەكە كۆی ژیانی بریتیە لە هۆڵی شانۆ و ماڵ، هۆلی شانۆ بەواتای ئامادەبوونی خود و ماڵ چاوەروانیەكە بۆ قەدەری مەرگ.

دەرهێنەر لەم ڕووبەرە كراوەیەدا دەیەوێت ئەكتەر لەتەك ماتریالەكانی گوزارشت لەو دیدە تراژیدیەی ناخی كارەكتەر بكات،







بۆیە چوارچێوەكان چەندین وەزیفەی جیاواز وەردەگرن (باخچە.. گۆڕ.. دەرگا.. كورسی) ئەوەش چربوونەوەی ماتریالە بۆ دەلالەتی جیاواز كە یەكێكە لە فرە دەلالەتی بە ماتریالێك كە بە خاڵێكی گرنگی ناو نمایشەكە دادەنرێت لەپاڵ ئەوەدا دەیەوێت ئەكتەر جگە لە دەربرینە دەنگیەكان دوو توانای تەكنیكی تر بخاتە پانتایی ماڵ و هۆلی شانۆكەوە ئەویش شینێكە كە زیاتر لەڕێگەی هۆرەی هەورامی و ئەویتریش هەندیك جوله لەپشت ماتریالەوە كە ئەكتەر لەرێگەی درێژكردنەوەی قاچەكانی دەریدەخات

هەلبەت هەرچی سەبارەت بە و سیستمە كەرنەڤاڵیەی دەنگیە بوو كە دیاری بە توانایەكی بەرزەوە بەرجەستەی دەكرد كە گوزارشت لە شینێكی خودگەرایی شانۆكاری كورد دەكات، بەلام گرفتەكە



لەوەیە چی دەنگ دەجولێنێت ئەو دەیویست جولە بۆ دەنگ رەسم بکات، لەکاتێکدا ئامادەبوونی هێزی دەنگ دەبێت ئەکتەر بجولێنێت نەك بە پێچەوانەوە.

هەرچی سەبارەت بە هەندێك جولەی ئەو دیو ماتریالە دەشێت پێچەوانەی وەزیفەی ماتریال بوبێت، ئەگەر ماتریالی وەکو چوارچێوەکان زۆرترین دەلالەت بەخۆوە دەگرێت، بەلام ئەو جولانە وەك جۆرێك لە زیادرەویی لەشێوەی ئامادەبوونی جەستە دەخرێتە روو، کە تەنیا بەمەبەستی خولقاندنی جۆرێك سەرسامی دروست کردنە کە هیچ کاریگەری لە پرۆسەی نمایش نیە، بەلام لەپال ئەوەدا ئەگەر هاوکێشەی نمایشی کوردیی زۆرجار بریتی بێت (دەق+ دەرهێنەر+ ئەکتەر) ئەوا گەزیزە لە پیناو فراوان بوونی گوتاری نمایش ئەو هاوکیشەیەی کردووە بە (دەق+ ئەکتەر+ دەرهێنەر) ئەوەش شتێکی هەرمەکیانە نیە، بەلکو





بەرەنجامی کارکردنیەتی لە شانۆی مۆنۆدرامی کە ئەکتەر دەکاتە کەناڵی پەیوەندیی نیوان دەق و دەرهێنەر.

بۆیە ئەگەر لە مۆنۆدرامای پێشووی گەزیزە (پالتۆکەی میر) کە خۆی ئەکتەر بوو بەهۆی ئەکتەر بوونی خۆی نەیتوانی زاڵبێت بەسەر هەندیك ئیشکالیەتی شوین، بەلام لەم نمایشەدا چونکە خۆی دەرهینەرەو ئەکتەر نیە ئەو ئیشکالیەتانە چارەسەر دەکات.

نمایشەکە شانۆیەکی مۆنۆدرامی بوو بەواتای تاکە ئەکتەرێك دەیویست ئینیتما لەناو ئەو دوو زەمەنە بکات، زەمەنی ئێستاو زەمەنی یادەوەری گێرانەوە لە ئێستادا بەرجەستەکردنی زەمەنی یادەوەری بوو هەڵبەت ئەزموونی گەزیزە لەتەك ئەم شانۆیە ئەزموونێکی جدیە بەهۆی ئەوەی لەرێگەی مەنەلۆژی ناخی کارەکتەرەوە دیدی کۆمەلایەتی بۆ گرفتەکانی کۆمەلگاو ژن بەتایبەتی دەخاتە روو، بەلام ئەمجارە ئەو دیدگایە دەبەخشێتە ئەکتەرێکیتر تاوەکو بتوانێ بە تەواوی بەسەر بونیادو جومگە سەرەکیەکانی نمایشەکە زاڵ بێت.

ئێمە تاکە ئەکتەرێك لەسەر شانۆ دەبینین ئەکتەرێك هەر لەسەرەتاوە دەیەوێت بە چیرۆکی ژیانی خۆی ئاشنامان بکات، ئەگەر ئەو کارەکتەرە لە دۆخێکی دەروونی سەختدا نەبێت، دەبێت بپرسین ئەو قسە بۆ کێ دەکات چونکە دەربرینی مەنەلۆژ زادەی دۆخێکی نەستی مرۆڤەن ئەوەش یەکێکە لە خاڵە جەوهەریەکان کە بەهۆی ئەزموونەکانی پێشووی لەتەك مۆنۆدراما بۆیە دەزانێت ئەگەر تەواوی نمایشەکە لەناو یادەوەری کارەکتەر بوایە ئەوسا هیچ رەوایەتیەك وەرناگرێت کە خاوەنی مەنەلۆژی کارەکتەر بین، ئەوەش بە بروای ئێمە لایەنێکی گرنگە بۆ کاری مۆنۆدرامی.

نووسینەوەی دەق بەرەنجامی پرۆسەی دەق ئاوێزانە لەتەك دەقێکیتردا ئەویش شانۆگەری (گۆرانی ماڵئاوایی) چیخۆفە، ئەو پرۆسەیە بەچ مەبەستێك ئەنجام ئەدرێت؟ ئاخۆ مەبەست لە گۆرینی کارەکتەرێکی پیاوە بۆ ژن؟ ئاخۆ گەزیزە دەیەوێت بلێت خەمەکانی شانۆکار خەمی ژنن نەك پیاو؟ بۆ ئەوەی باشتر بتوانین بگەرێینەوە سەر پرسیارەکانمان با پێناسێکی خێرای دەقئاوێزان بکەین .

دەقئاوێزان بریتیە لە پەیوەندی نێوان دەقێك لەگەڵ دەقێکی تر، یان لەگەڵ چەند دەقێك، ئەوەش دەق دەکات بەسێنتەرێك بۆ پەیوەندیەکی دیالەکتیکی، کە دەق دابراو نییە لە دەقەکانی بەر

لەخۆی، بەڵکو لە گفتوگۆی نێوان دەقەکاندایـن، بەڵام دەقە نوێیەکە لەناو ئاگاییەکی مێژوویدا دەجوڵێتەوە، کە ڕەهەندێکی ئەبستمولۆژی پێدەدرێت، ئەوەش دەق وەك زانستێکی سەربەخۆ سەیردەکات، بۆیە بە بڕوای ژۆلیا کریستیڤا دەبێت دەقە نوێیەکە وا لە زەمان بکات تواناتی کارکردنی هەبێت لەسەر مادییەت بۆ ڕێگەی پەیوەندیی و تێگەیشتن لە کۆمەڵگا، ئەوەش نابێت بۆ نووسەری دووەم ببێت بە کارێکی نامۆ لەسەر زەمان.

لێرەوە تێبینی ئەوە دەکەین پرۆسەی دەقئاوێزان لەم نمایشەدا پرۆسەیەك نیە لەتەك کۆمەڵە دەقێکیتردا، بەڵکو پرۆسەیەکە لەتەك تاکە دەقێك بە ئەنجام دەگەیەنرێت، ئەویش لێرەدا بە دەقی یەکەم و دەقی دووەم ناو دەبەین.

دەقی یەکەم.. دەقی چیخۆف لە (گۆرانی ماڵئاوایی) و دەقی دووەم.. دەقی گەزیزە لە (وەك قەقنەس دەسووتێم) ستراتیژیی پشت ئەو پرۆسەیە لابردنی کێشەی ڕەگەزیە بەوەی ئەوە تەنیا ئەکتەرێکی پیاو نیە هەڵگری خەمی شانۆیە، بەڵکو لە دەقی دووەمدا دەبینین ژن بەهەمان شێوە هەڵگری هەمان خەمە، گۆڕینی ئەو کارەکتەرە بۆ ژن گۆڕینی ڕەهەندێکی ڕەگەزیە بۆ ڕەهەندێکی مرۆیی، بەڵام ئەو ڕەهەندە لەڕێگەی ژنەوە


twilight years she reflects on the lack of r
she received.

بەرجەستە دەکرێت.

دەقی دووەم دەیەوێت ڕووبەڕێکیتر بە دەقی یەکەم ببەخشێت کە جیا لە ڕەهەندە مرۆییەکەی ڕووبەڕووی مانای سێیەممان دەکاتەوە، لێرەدا مەبەستمان لە مانای سێیەم مانایەکە لەو دیو دەقی یەکەم و دەقی دووەم، مانای سێیەم بەرەنجامی نمایشە شانۆییەکەیە، کە ئەکتەرەکەمان لەسەر شانۆ بەرجەستەی دەکات، بەتایبەت کاتێ دێتە ناو بینەران ڕەهەندی دەقی دووەمیش جیدێڵێت بەتایبەت لەساتی پرسیارکردن لە بینەر بۆ مەبەستەکانی خۆشەویست و دواتر بەرجەستەکردنی وێنەی ئەویتر لەڕێگەی





چەپلەو فیکە لێدانەوە مانایەکە لەبنەماوە لە دەقی یەکەم هاتووە کە هەموو چەپلە بۆ ڤاسیلی لێدەدەن، بەلام کەس ئەو پیرە ناباتەوە ماڵەوە، وەك چۆن کاتێ داوا لە خۆشەویستەکەی دەکات شووی پێبکات پێی دەڵێت "واز لە شانۆ بێنە" لە دەقی دووەمدا ئەو دێرە بەجۆرێکیتر ئیشی تیا دەکرێتەوە بە خانمە ئەکتەرەکە دەوترێت "تۆ شووت بۆ چیە ئەی تۆ شووت بە شانۆ نەکردووە"

بەلام مانای سێیەم مانایەکە لەدەرەوەی ڤاسیلی و لەدەرەوەی کارەکتەری دەقی دووەمە، مانایەك هەڵگری زەمەنی نمایشە، کە خەمی کارەکتەری ناو تێکستێکی شانۆیی نیە، بەڵکو خەمی خودێکی شانۆییە، ئەو دەمەی دیاری دێتە ناو بینەران ئەوە تێگەیشتنێکی زۆر لاوازە ناوی بەرین بە لابردنی دیواری چوارەم و تیۆری نامۆبوون، بەڵکو ئەو هاتنە بەشداریکردنی ئاگایی وەرگرە لە نێوەندێکی شانۆیی کە خەسڵەتی بێدەنگی تیا بگۆڕێت بە پرسیار لە ڕێتمێکی مۆنۆدرامیەوە دەیگۆڕێت بۆ شانۆیەکی ژۆرنالیستی، بەلام زوو بە ئاگامان دێنێتەوە لەڕێگەی چوونەوە سەر شانۆ.

لەدیدی دەرهێناندا دەشێت ئەوە خەوشێك بێت بەهۆی ئەوەی مەنەلۆژ بەرەنجامی جۆرێك لە بێئاگایی کارەکتەرە، بەڵام کاتێ ڕیتمێکی ژۆرنالیستی وەردەگرێت، واتە لەحالەتێکی نەستیەوە دەپەرێتەوە بۆ ئاگایی کارەکتەر، هەرچەندە هاتنی ئەکتەرەکەمان بۆ لای ئێمەی بینەر هاتنی کارەکتەرەکە نەبوو، بەڵکو ئەوەی هەڵگری خەمی کارەکتەرەکە بوو، خۆی بە بەشێك لە کارەکتەرەکە دەبینی، واتە چەمکی (خود) ی بۆ کارەکتەرەکە تێکدەشکاند و لەشوێنیدا (ئێمە) ی شانۆکاری بەرهەم دەهێنا.

ئەگەر ئەم نمایشە لە دیدێکی فێمێنیستیەوە بخوێنینەوە ئەوا پرۆسەی خوێندنەوە ڕەخنەگرتنە لە گوتاری ئەنتلجنسیای کوردیی بەوەی ئەو نوخبەیەی پێی دەوترێت شانۆکاری کورد نوخبەیەکی نێرانایەو هەڵگری عەقڵیەتێکی دواکەوتووی ناو پاشخانی کۆمەڵایەتیە.

بۆیە ئێمە یەك ئەکتەر دەبینین ئەویش ژنە، پیاوەکان هیچ نین، جگە لە دەنگی یادەوەری ئەوان بیرچوونەتەوە.. بوونەتە دێوەزمەو خەیال خەونێکی لەدەستچوو، بوون ئەوەی نەمری تیا ماوەتەوە گوتاری ژنبوونە.

ئەو یاخی بوونەی کارەکتەر بەرەنجامی ئیشکردنێکی درێژخایەنی گەزیزەیە بۆ شانۆیەکی فێمێنیستی، شانۆیەك



بنەماکانی لەنووسینی دەقەوە بنیات دەنێت و دواتر دەیەوێ لەدیدی دەرهێنان ئەو کێشەیە لە ناو ماڵی کوردیی رووبەرووی گرفت بکاتەوە، سەرەنجام تێدەگەین ماڵ بۆ خۆی گەورەترین گرفتە ئێمە کارەکتەری نمایشەکەمان لە رابردوودا خوازیاری ئەوەیە ماڵێکی هەبێت تا مانای زیندەگی تیا بدۆزێتەوە، بەلام لە کۆتاییدا ئامادەبوونی ئەو لەماڵ ئامادەبوونی ژنە لەناو رووبەری تەنیایی.







ئەوەش دەرگا بۆ پرسیاری تاك و ماڵ دەکاتەوە بەوەی لەدایکبوونی فەرد لەماڵدا وابەستەی پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکانە یاخود بە یاخی بوونی مرۆڤە لە ماڵ؟

بۆ ئەوەی بگەین بە وەلامی ئەو پرسیارە گەزیزە درك بەتراژیدیای ئەخلاقی ماڵ دەکات کە خەونی یادەوەری بووە بە حەقیقەتی وەهم، بەلام حەقیقەتێك کۆی مێژووی شکست و تراژیدیای تیا دەگێڕدرێتەوە، تەنانەت مێژووی ئەزموونی کاری شانۆیش لەناو هۆلی شانۆ ناگێردرێتەوە، بەلکو لەناو ماڵ دەگێردرێتەوە.. ئەوەش ئەو حەقیقەتەیە کە ئەکتەرەکەمان سەر شانۆ جێدێلێت و دێتە ناو مەجلیسی دانیشتنی ئێمە بەواتای گواستنەوەی پرسیارەکانی شانۆیە بۆ ناو کایە کۆمەلاّیەتیەکان

کە دواجار وێنەکان خیرا بەربەرچاوی ئێمە تێدەپەرن، لەناو ماڵدا باخ ئەبینین ژووری نووستن وگۆرستان لەناو ماڵ ئەبینین.. کە لەرێگەی چوارچێوەکانەوە دروست ئەکریت، ئەوەش پێمان ئەلێت ماڵ بۆخۆی لەکۆتاییدا خودی گۆڕستانەکەیەو چاوەروانی مەرگی تیا ئەکەین، مەرگێك چەندە ئێمە تەسلیمی نەبین دواجار ژیان تەنیا بریتیە لە یادەوەری وەك ئەو سەرینەی لە گوڵی بینەران دروست کراوە، هەموو شتێك ئەوەستن ئەبن بە یادەوەری.. بۆیە بە یادەوەری بوون زەمەنی ئینتیما کردنی کارەکتەرەکەمانە بۆ ماناکانی جوانی کە جوانی بریتیە لەبیرکردنەوە لە یادەوەری بیرکردنەوەیەك کە ئێستامان توانای ئەوەی نیە وابکەین یادەوەری لەبیر بکەین.

*شانۆگەری (وەك قەقنەس دەسووتێم) بەرهەمی تیپی شانۆی هاورێیانی گەزیزە نووسین و دەرهێنانی گەزیزە و نواندنی دیاری عومەر رۆژی ٧-١١-٢٠١٢ لەهۆلی سەعد عەبدوللا لەشاری هەولێر نمایشکراوە



شکۆ عومەر

# ئایا گەزیزە شانۆکەی وەک قەقنەس سوتاند؟

ئەبێ بپرسین چ جیاوازییەك هەبوو لە نێوان (وەك قەقنەس دەسوتێم)ی گەزیزە عومەر و (گۆرانی چایکا)ی ئەنتوان چیخۆف؟

گۆرانی چایکا یاخود گۆرانی ماڵئاوایی دەقێکی مۆنۆدرامای ئەنتوان چیخۆفە و تەواوی ڕووداوەکانی لە دەوری(ڤاسیلی) ئەکتەرێکی(پیاو)ی بەساڵاچوی شانۆدا دەسوڕێتەوە کە تەواوی تەمەنی لەسەر تەختەی شانۆ و بۆ خزمەتی شانۆ تەرخان کردووە و لە دوا دواییەکانی تەمەنیشدا هەست بە شکست و دۆڕان دەکات بەوەی کە لە پای ئەو هەموو خزمەتەی پێشکەشی کردووە هەمیشە بینەران لە دوای تەواو بوونی هەر نمایشێك جگە لە چەپڵەڕێزان و گوڵبارانکردنی، هیچ شتێکی تریان پێی نەبەخشیووە، بە مانایەکی تر ئەم ئەکتەرە هەموو تەمەنی خۆی بەشانۆ





بەخشیووە بۆ ساتە خۆشەکانی بینەران و چێژوەرگرتنیان لە نواندنەکانی ئەم، بەڵام دواجاری هیچ کامێك لەو بینەرانەی کە گوڵبارانیان کردوە ئامادە نەبوونە وەکو مرۆڤێکی ئاسایی بۆ ئەم ئەکتەرە بڕوانن و مامەڵەی لەگەڵدا بکەن."ڤاسیلی: بەڵام هیچ کەسێکیان ئامادەنەبوون کچێك یان خوشکێکی خۆیان بکەنە هاوسەرم."........

بەشێکی تری دەقەکەی چیخۆف باس لە ژیانی ئەکتەرەکە دەکات کە لە ناو هۆڵی شانۆدا دەیگوزەرێنێت و ئەم حاڵەتەش توشی کێشەی بەردەوامی دەکات لەگەڵ (ئیکۆرگا و پیترۆشکا) کە ئەم دووانە هەمیشە توشی سەرئێشەی دەکەن و هێندەی تر ئازارەکانی زیاد دەکەن.

لە پاڕتێکی تری تێکستەکەشدا (ڤاسیلی) ئەو دیمەنانە نمایش دەکاتەوە کە ڕۆژانێك لە ڕێی نواندنیانەوە هەر لەسەر ئەو تەختەیە بینەرانی پێی سەرسام کردووە ئەوانیش دیمەنەکانی (هاملێت و شالیر و ئۆتێلۆ)ن. دواتریش هەر خۆی پێکەنینی بە خۆی و پیشەکەی دێت.

شانۆیی (وەك قەقنەس دەسوتێم)ی گەزیزە عومەریش سەرگوزشتەی ژنە ئەکتەرێکی شانۆیی دەگێڕێتەوە کە لەگەڵ دەرکەوتنی لەسەر تەختەی شانۆ گوێبیستی مشتومڕی نێوان ئەو و کادرانی پشت کەوالیس دەبین ئەو مشتومڕەش جارێك لەگەڵ دەرهێنەر و جارێك لەگەڵ جێبەجێکاری ڕووناکیدایە هەمان حاڵەتی (ڤاسیلی) دوبارە دەبێتەوە لە مشتومڕەکەیدا لەگەڵ ئیکورگا و پیترۆشکا. لە درێژەی نمایشەکەدا ئەکتەری نمایشەکەی گەزیزە هاوشێوەی (ڤاسیلی)ی چیخۆف دەست دەکات بە نمایشکردنەوەی ئەو دیمەنانەی کە ڕۆژانێك بەر لە ئێستا لەسەر تەختەی شانۆ بینەرانی پێیان سەرسام کردووە لە دواجاریشدا دەداتە قاقای پێکەنین وەك گاڵتە کردنێك بەو مێژووەی خۆی کە ئەمیشیان نزیکیەکی زۆری هەیە لەگەڵ دیمەنەکانی هاملێت و شالیری شکسپیر کاتێ ڤاسیلی نمایشیان دەکاتەوە.

چیخۆف لە زمانی کارەکتەرەکەیەوە بە درێژایی نمایشەکە باس لە بێئەمەکی و بەرژەوەندخوازیی بینەران دەکات بەرامبەر ئەکتەرەکەی، گەزیزەش لە سەرتاپای نمایشی (وەك قەقنەس دەسوتێم) جەخت لەسەر هەمان حاڵەت دەکاتەوە بەڵام حاڵەتەکە لای گەزیزە بە جۆرێکی تر دەگۆڕێ بەوەی کە ئەم بە شێوەیەکی گشتگیر باس لە بینەر ناکات بەڵکو باس لە تەنها یەك بینەرێك دەکات کە ئەویش

(خۆشەویست)ی ئەکتەرەکەیە. کۆی باس کردنەکەش لە چەند گۆشەیەکی پوختدا دیاریدەکرێت، ئەوانیش بەهەند وەرنەگرتنی پیشەی ئەکتەریی لەلایەن خۆشەویستەکەیەوە بۆیە ئامادەی نمایشەکانی نابێت، یاخود گرنگیدان و خۆشەویستنی ئەکتەرەکە لە لایەن خۆشەویستەکەیەوە بۆ مەبەستێکی تایبەت و شەخسی کە دواجار وا لە ئەکتەرەکە دەکات بێتە نێو بینەر و پرسیار لە نیازپاکی خۆشەویستەکەی بکات کە ئایا ئەوی بۆ چی و بۆ چ مەبەستێك دەوێت و لە پرسیارکردنیش بەدەوام دەبێ و بۆچوونی بەشێك لە ئامادەبووانی نمایشەکە وەردرگرێت بەبێ ئەوەی کە بۆچوونی کەسیان راست دەربچێت و ئەکتەرەکە بگەیەنێتە ئەو بڕوایەی کە ئایا خۆشەویستەکەی ئەوی بۆ چی دەوێت. دیارە ئەمەش وا دێتە پێش چاو کە بە هەند وەرنەگرتنەی بۆچوونی ئامادەبووان کارێکی پێشوەخت بریار لێدراو بێت و تەنها وەکو تەکنیکێکی نواندن بێت، ئەگینا ناکرێ هەموو بۆچونەکان هەڵەبن و ئەکتەرەکە بە هیچیان رازی نەبێت تا لە کۆتاییدا خۆی ئاشکرای دەکات کە خۆشەویستەکەی بۆچی ئەمی ویستووە.



ئێستا دوای خستنەڕووی پوختەی دەقەکەی ئەنتوان چیخۆفی ڕووسی با بەراووردێك لە نێوان ئەم تێکستە و شانۆیی (وەك قەقنەس دەسوتێم)ی گەزیزە عومەر بکەین و خاڵە جیاوازەکان بدۆزینەوە. گرنکترین خاڵی جیاکاری گەزیزە لەگەڵ چیخۆفدا گۆڕینی کارەکتەرەکەیە لە کارەکتەرێکی پیاوەوە بۆ کارەکتەرێکی ژن، ئەمەش ڕەنگە پەیوەندی بەو گوتارە فیمینیزمییەوە هەبێت کە تەواوی شانۆی گەزیزە عومەری لەسەر بنیات نراوە و دەیەوێت شانۆکەی شانۆیەکی ژنانە بێت و تێیدا ئازارەکانی







ژن تەرح بکات، هەر لە گۆڕینی ڕەگەزی کارەکتەریشەوە چەند جیاوازییەکی تر وەك حەتمیەت خۆیان فەرز دەکەن ئەویش بە هۆی گۆڕینی ڕەگەزەکەوەیە بۆ نمونە ڕوانینی بینەران بۆ ئەکتەرەکە وەك کالآیەکی مادی و ڕوانێکی تەجرید کە تەنها لە جەستەدا چڕ دەبێتەوە، یان خەم و ئازارەکانی ئەکتەری ژن لە ساتەکانی نێو هۆڵدا لە کاتی پرۆڤە یان پێش و دوای نمایش کە هەڵبەتە جیاوازترە لە موعاناتی ئەکتەری پیاو.

دەقئاوێزان کردن لە نێوان وەك قەقنەس دەسوتێم و گۆرانی چایکا ئەزمونێکی جیاواز بوو لە لایەن گەزیزە عومەرەوە ئەنجامدرا، بەلآم پرسیار ئەوەیە ئایا دەرهێنەر خۆی چ وەلآم و تەبریرێکی هەیە بۆ ئەم پرۆسەیە؟یاخود ئایا ئەسلّەن ئەو دان بەوەدا دەنێت کە (گۆرانی چایکا) سەرچاوەی دەقی (وەك قەقنەس دەسوتێم)ە؟ئەگەر نیەتی ئەو دانپێدانانەی هەبێ بۆچی لە پەراوێزی نمایشەکەدا ئاماژەی پێی نەداوە؟! یاخود بۆچی هەر لە بنەڕەتەوە ئیشی لە تێکستەکەی چیخۆفدا نەکرد؟خۆ ئەکرا هەر هەمان دەق بێت بەلآم ڕەگەزی کارەکتەرەکە بگۆڕێت بۆ ڕەگەزی مێ بەو پێیەی شانۆکەی ئەو وادەخوازێت.بەلآم ئەکرێ ئەم گریمانە و پێشنیارەی ئێمە بایەخێکی ئەوتۆی نەبێ بەو پێییەی هەمیشە گەزیزە عومەر لە بەرهەمەکانیدا وەکو(دەرهێنەر و نوسەری دەق) ناسراوە، بە مانایەکی تر رەنگە تەنها گەزیزە خۆی بزانێت کە گەزیزەی دەرهێنەر چ جۆرە دەقێکی دەوێت بۆ ئیشکردن!

## نادیاری زەمەنی کارەکتەر و زەمەنی نمایش

بە دەرکەوتنی ئەکتەرێکی پیر و دەنگ نزمی بێتوانا دەسپێکی نمایش ڕادەگەیەنرێ، دوای ووتنی چەند حیوارێك بەو شێوەیە ئیتر نواندن دەچێتە ئاستێکی تر، واتا دابڕانێکی ڕیشەیی ڕوودەدات بەوەی کە ڕووندەبێتەوە ئەو دەرکەوتنەی

سەرەتا نواندنەوەی دیمەنێکە لە نمایشەکانی پێشووی ئەکتەرەکە، ئەم حاڵەتی بە بەردەوامی لە نمایشەکەدا دووبارە دەبێتەوە ئەمەش وا لە بینەر دەکات کە زەمەنی ئێستا و ڕابردووی ئەکتەر و ئەو زەمەنەی کە نمایشی تێدا دەکرێ تا ڕادەیەك ئاڵۆز وەربگرێت و توشی شەڵەژانێکی زهنی بێت. هەڵبەت ئەمە ناچێتە ئەو قاڵبەوە کە دەرهێنەر بە مەبەستەوە کاری لەسەر تێکشکاندنی زەمەنی نمایش کردبێت دووبارە زەمەنێکی جیاوازتر بخولقێنێتەوە چونکە لە وەها حاڵەتێکدا بینەر توشی ئەو شڵەژانە نابێت و پلانە داڕێژراوەکانی دەرهێنەر دەبنە دەلیلی ڕێکخستنەوەی بینینی بینەر، بەڵکو ئەمە چارەسەر نەکردن و جیانەکردنەوەی حاڵەتەکانە کە بەسەر ئەکتەردا تێدەپەڕێت و دەرهێنەریش بەرپرسی یەکەمی دروستبوونی ئەو دۆخەیە. بۆیە نەدەکرا ئەو حاڵەتە بەسەر شانۆکارێکی وەکو گەزیزەدا تێپەڕێت کە ساڵانێکە شێواز و ڕێچکەیەکی تایبەت بە خۆی دۆزیوەتەوە لە ئیشکردنیدا لەنێو شانۆدا.

تەوزیفکردنەوەی پێدراوەکانی سەر شانۆ

جۆزیف شاینا دەڵێ "ئیشی ئەکتەر گۆڕینی تەنە ئاسایی و سواوەکانی سەر تەختەی شانۆیە بۆ تەنی جیاواز و کەشف نەکراو، بۆ نمونە ئەشێ ئەو کورسییەی کە ڕۆژانە بۆ دانیشتن بەکاریدێنین لە شانۆدا چەندین وەزیفە و دەلالەتی جیاوازی پیببەخشین، وەك زیندان یان کۆشك یان هەر شتێك کە بمانەوێ بەکاریبهێنینەوە. یاخود پێڵاو کە لە ژیانی ئاساییدا بۆ جوانکاری و پاراستنی پێیەکانمان بەکاردێنین ئەشێ لە پرۆسەیەکی شانۆییدا تەواو خاڵی بکەینەوە لەو وەزیفە سواوەی کە لە ژیاندا پێی دراوە"(١) ئەگەر بێئەمەکی نەبێ دیوی ناوەوەی ئەم ڕستەیە بەشێوەیەکی زۆر پشتگوێ خرابوو لە شانۆییەکەی گەزیزە عومەردا لەبەر ئەوەی ئەو پێدراوانەی لەم نمایشەدا بینران لەسەر تەختەی شانۆ بریتی بوون لە ستونێکی جلهەڵواسین و چەترێك و چوار ستێجی چوار گۆشە و کۆمەڵێك جلوبەرگ بوون. لە تەواوی ئەم ماتریالانەدا ئەوەی کە زۆرترین ئیشی لەسەر کرابوو و بەکارهێنابوو واتا مانای جیاواتری پێبەخشاربوو لەوەی کە هەیە چوار ستێجە چوارگۆشەکە بوون ئەوانیش لە ڕێگەی پێدانی دەلالەتەکانی (ماڵ و سجن و حەشارگە و ئاوێنە و تەختەی شانۆ و ......هتد). بەڵام ئەم تەوزیفکردنەوەیەی ستێجەکان لە هیچ کام لە تەنەکانی تری سەر شانۆ نەدەبینران تا بینەر هەست بە (زیادە)بونیان نەکات لەسەر شانۆ. چەترەکەی دەستی دیاری عومەر زۆر لەوە سادەتر بوو کە دەبینرا واتا تەنانەت وەکو ماتریالە بنەڕەتیەکەی خۆشی مامەڵەی لەگەڵدا نەکرا! ئەمە لە کاتێکدا چەتر لە نمایشەکانی شانۆکاری عێراقی صەلاح قەصەب و شانۆ وێنەییەکەیدا زۆر بە دیقەت ئیشی لەسەر دەکرێ و بە تەواوی دادەماڵرێت لە مەفهومە سواوەکەی خۆی دیارە من لێرەدا مەبەستم نیە گەزیزە لە مەنزوری صەلاح قەصەبەوە بۆ ئەو ماتریالە بڕوانێت، نا بەڵکو دەبوو زۆر قوڵتر کاری لەسەر ئەو پێدراوە بکردایە تاکو ئەو بەکارهێنانانەی پێشووی چەتر بیری بینەر بەرێتەوە کە پێشتر بینراوە و لە زاکیرەی بەشێك لە بینەردا چەسپیووە، چونکە هەمیشە کەسی داهێنەر وا لە کەسانی دوای خۆی دەکات کە قوڵتر بۆ بەو بابەتە بڕوانن کە ئەم داهێنانی تێدا کردووە تا بتوانن ئەو داهێنانە تێپەڕێنن و ئەلتەرناتیڤی تازە بخەنە شوێنی، بەمانایەکی تر لێپرساویەتی زیاتر دەکەوێتە سەر کەسەی کە دەیەوێ دووبارە مانای تازە بەو بابەتە ببەخشێت.

نواندن وەك ڕەگەزی بنەڕەتی لە نمایشەکەدا

ووشەی وێنەیی پانتاییەکی فراوانتر لە زهنی بینەردا بەجێدەهێڵێت و وا لە بینەر دەکات تەواو ڕەها بێت لە لێکدانەوە و وێناکردنی ووشە دەربڕدراوەکە ئەگەر لە حاڵەتێکا کە چاوەکانیشی داخستبێت، ئەمەش کاتێك بەرجەستە دەبێت کە ئەکتەر لەوپەڕی ڕەهاییەتەوە نواندن بکات و دەربڕی ووتەکانی بێت نەك تەنها سەرپێییانە و سەر زارەکی بێت، چونکە وێنەی لەفزی دەتوانێت جۆرێك لە زمان بخولقێنێت کە لە سەروی زمانی ئاساییەوە بێت. هەڵبەت ئەکتەری (وەك قەقنەس دەسوتێم) سەرزارەکیانە نەبوو بە واتای ووشە، بەڵام لە بەرامبەردا هەست بەو هێندەش بەو قوڵییە نەدەکرا کە پێویستە بۆ گەیاندنی ئەو حاڵەتەی سەرەوە کە باسکرا. ئەکتەر لەم نمایشەدا بۆ دەبڕینی بەشێك لە خەمەکان جۆرە دەنگێکی نائاسایی دەردەبڕێت ئەویش لە ڕوونترین پێناسەیدا بە هۆرە یان سیاچەمانەی ناوچەی هەورامان ناودەبرێت ئەمەش تەحویل بوونێکی باشە وا دەکات ئەکتەر لە قەتیش بوون و خۆدووبارەکردنەوە دەرباز بێت و هاوکاتیش وەك سروت و شیوەنێك لەو ڕێگەیەوە ئازار و خەمەکانی دەریدەبڕێت کە بە هۆی هونەرەکەیەوە توشی هاتووە، بەڵام ئەمانە بەس نین بۆ

ئەکتەری نمایشی مۆنۆدراما چونکە سێنتەری سەرەکی نمایش هەر خۆیەتی و تەواوی میحوەرەکان بە دەستی ئەوەوەن، بۆیە هەمیشە دەرهێنەری بە ئاگا لە نمایشی مۆنۆدرامادا پشتە بە ئەکتەری بە ئەزموون و خاوەن خەزینەی مەعریفی دەبەستێت بەڵام ئەمە نەچێتە ئەو بارەی کە کەمکردنەوە بێت لە هەوڵەکانی مامۆستا گەزیزە و دیاری عومەری ئەکتەر باشترین ڕێگا بۆ دۆزینەوەی کارەکتەر لە ڕێگەی کردەی درامی مەدلولەوە دەبێت(٢) ئەگەر لەم دێرەوە هەڵسەنگاندن بۆ کارەکتەرەکانی شانۆیی (وەك قەقنەس دەسوتێم) بکەین دەکەوینە بەردەم ئەو دووڕیانەی کە ئایا دیاری عومەری ئەکتەر لە رێگەی نواندنە مۆنۆدرامیەکەیەوە توانی کارەکتەرەکان بە ڕوونی بخاتەڕوو یاخود تەنها جووڵە و گوزارشتەکانی بۆ هەموو کارەکتەرەکان دووبارە دەکردەوە؟ دیارە لێرەدا ناکرێ حوکمێکی کۆنکرێتی یەکلاکەرەوە بدرێت بەوەی کە یەکێك لەو دوو ئیختیارە هەڵبژێردرێت بەڵکو تەواوی نواندنی ئەکتەرەکە دابەش بکرێت بۆ دوو میحوەر کە یەکێکیان ئەوەیە دیاری عومەر بە هەندێك ئاماژەی جەستە و دەنگەوە کارەکتەرێکی تەواو ڕوونی دروست دەکرد و لە میحوەری دووەمیشدا ئەو حاڵەتە لاواز دەبوو بەرادەیەك وێنای کارەکتەر وون دەبوو و نەدەما ئەم حاڵەتەش بە ڕوونی لەو کاتەدا دەرکەوت کە ئەکتەر لەسەر تەختەی شانۆ هاتە خوارەوە و کەوتە دیالۆگکردن لەگەڵ بینەردا.

2012_11_7نمایشی (وەك قەقنەس دەسوتێم) دەرهێنانی گەزیزە عومەر و نواندنی دیاری عومەر وەك دوا بەرهەمی تیپی هاوڕێیانی گەزیزە لە هۆڵی سەعد عەبدولاّ لە هەولێر نمایش کرا.

(1)ئەم زانیارییانە لە چاوپێکەوتنێکمدا لە دکتۆر فازڵ ئەلسودانی وەرگیراوە کە چەندین لێکۆلینەوەی هەیە دەربارەی تەوزیفکردن و پێدانەوەی دەلالەت بە مەوجوداتەکانی سەر شانۆ بە تایبەتی لە تێگەیشتنی(جۆزیف شاینا)وە.

(2)صناعه المسرحیه، تالیف ستیوارت کریفش، ترجمه د.عبدالله معتصم الدباغ

*خوێندکاری دوا قۆناغی ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی بەغدا/بەشی هونەرەکانی شانۆ











سدیق عزیز

# سرووت و پیرۆزیەکان وەک بە شێک

# لەنمایشی تەنیایی خۆر ئاوا بوون

ئەم ووتارە بەدوای بینینی شانۆگەری تەنیایی خۆرئاوابوونە لە سایتی یوتوب کە بەرهەمی گروپی شانۆی كولتوریی ونوسینی د. صلاح القصب ودەرهێنانی نیهاد جامی لە ٢٩-٣-٢٠١٢ لە قەلای كەركوك نمایشكراوە

(1)

ئەگەر چی سەیركردنی شانۆیەك بە تەلەفزیۆن یان بە ڤیدیۆ ،كۆمەڵێك لایەنی جوانی دەكوژێت ،دەشێت چەندین ووردە ئاماژەی جوان ونبكات ،كە ئەو ئاماژانە لەساتە وەختی سەرشانۆدا خاوەن بەهای جوانی و چێژی تایبەتی بێت.لێرەدا لە ناو گرتە ڤیدیۆكاندا هێندەی كامێرا تەحەكوم دەكات و چاوی ئێمە دەگوێزێتەوە لە گۆشەیەكەوە بۆ گۆشەیەكی تر، هێندە ئێمە خۆمان نین تا لە ڕیگەی ئەكتەرەوە بتوانین دوای نمایشەكە بكەوین .بەلام من هەوڵ ئەدەم ئەوەندەی بتوانم لە ژێر تەحەكومی كامێردا خۆم دەربازكەمو لە گۆشەنیگای خۆمەوە جارێكی تر بیكەمەوە بە نمایشێكی شانۆیی .

شوێن قەلایەكی كۆنە ،قەلای قشڵە ،شوێنیكی مێژوییە ،بەلام نمایش وەك









بابەت لەم ڕۆدایە لەدایك بووی رۆژگارو ژیانی رۆژانەی ئەمڕۆیە،كەواتە لیرەدا بەستنەوەیەك هەیە لەنێوان ئەمڕۆ و دوێندا ، لەنیوان مێژوو و ئێستدا.،لێرەدا شوێن تەنها دەلالەتی شوێنێكی مێژوو نیە ،تەنها نیشاندانی شوێنێك نیە وەك بە شێك لە شارەستانیەتی میلەتەێك .لێردا هەلیژاردنی شوێن لا نیهاد دەر ئەنجامی پرسیارێكە و لەهەمانكاتاد دروستكردنی پرسیارێكە لە لای ئێمەوە وەك بینەر. نیهاد دەیەوێت لە ڕێگای ئەو پرسیارەوە ئێمە بخاتەوە ناو بیرەوەری شووێنەوە ،كەواتە لێردا شوێن دوو دەلالەتی هەیە ،دەلالەتێكی پرسیاری و دەلاتەی بیرەوەری . كاتێك كە بینەر دەچێتە ناو قەلاكەوە وەك شووێن دەبێتە مایە پرسیار وە لە ڕێگای ئەم پرسیارەوە دە چێنە ناوبیروەی مێژووە وەك مێژووی قەلاكەو پرسیاركردن و گە ڕانەوە بۆ چۆنیەتی ژیانی سیاسی و ئابوری و كۆمەلایەتی ئەو سەردەمە ، بەلام لەكاتی دەست پێكردنی نمایشدا زەمەن دەبێتە ئیستا و ئەمرۆ،لێرەوە وبینەر دە چێتەو ناو ژاینی ڕۆژانەی خۆیەوە ،بەریەك كەوتەێك دروست دەبێت لە نێوان خۆی ئەمڕۆو دوێنی مێژوودا.بەلام كاتێك بینەر لەدوای تەواو بونی نمایش دەڕواتە دەروە دەبێتە خاوەنی دوو بیرەوەری دووهەم ، بیرەوەری شوێن و بیرەوەری نمایش ،لەبەر ئەوەی نمایشەكەی ئەمڕۆژ جارێكی تر دەبێتە بیرەوەریەكی دی ناو زهنی بینەر. بینەر كە دێت تەنها خاوەنی یەك بیرەوەریە ،بەلا دوای نمایش دەبێتە خاوەن بیروەری دوهەمی لە مرۆدا ،بەلام




گرنگی نمایش لەوەدایە کە بیرەری دووهەم تەنها وەك بیرەوە ڕووت لای بینەر نە مینیتەوە ،بەڵكو بیروەری دووهەم سەراتی پرسیارێك بێت بۆ ئەمرۆی ساتەوەختی بینی ، بەشێوەیەك بینەر بتوانێت لەگەڕاندابێت بەدوایداو لە چاوەڕونیدا بێت بۆ نمایشیكی تر.

لەسەرەتی نمایشدا دابەشكردنیكی جوان هەیە لە نیوان دوو بەشەی قەلاكەدا وەك بەشی خوارەوە كە كەسێك بە قوماشیكی رەشەوە لە سەر زەوەی پاڵ كەوتوە ،لە هەمانكتدا لەبەرزای قەلاكەدا كەسێك بەجلی سپیوە فلوتێك دەژەنێت ،لێرەدا هەم وەك دابەشكردن شوێن جوانە وەك مەنزور وەهەم لە ڕووی دابەشكردنی رەنگەوە جوانیەكی تری تیایە لەنیوان سپی و ڕەشدا.بەلام كاتێك كە بیەنەران دێنە شونی نمایش تەواو تەوازن و جوانی دابەشكردنەكان دەكوژێت،لەبەر ئەوەی شوێنی بیەران بە شیوەیەك دابەشكراوە كە ،زۆریك لە بیەران دەچنە ژێر ئەو شوێنەوە كە كەسی سەروە فلوتێك دەژەنێت،لێرەدا هەندێك لە بیەنەران بێبەشن لە بینینی ئەو بەشە جوانەی كە لە یەكەم بەریەك كەوتنی نێوان بینەرو نمایشدا دروست دەبێت ، كەواتە لیرەدا تاونی بینەر نیە كە لەیەكەم ساتی جوانی و لە سەرەتای بینی نمایش بێبەشە كە ئەمەش دەبێتە زەحمەتیەك بۆ بینەر كە لەسەرتای هیماكان و ئاماژەكان تێبگات، وەك ئەوە وایە كەمە كاری دەرهێنەرە كە بە شیوەیەك شوینی نمایش ئامادەكات ك





بیەنەر لەیەكەم ساتی بینیەوە بتوانێت لە هەموو گۆشەكانەوە توناى بینی هەبێت . بینی هەموو سەرەتایەك كار ئاسانییە بۆ ئاسان تیگەیشتن لە سەرجەم نمایشەكەو ئاماژە جەستەیەكان.

جگە لەوەی كە دابەش بوونێكی ئۆرگانی و سیستەمی نیە لە نیوان بینەرو نمایشدا تا بتوانێت لە هەموو گۆشەكانوە توانی بینی هەبێت ،لە هەمانكاتدا ،دەركەوتنی ئەكتەرەكان لە شوێنە جیوازەكانەوە جۆرە پشێوی و نارێكێەكە لە جوولەی بینەراندا دروسدەكات كە زۆر لە جوانیەكانی نمایش دەهێنێتەوە خوارەوە،كاریگەری هەیە لە سەر ریتمی نمایشکە بەمانایەكی تر كە ئێمە وەك بینەر چەندێن ئاماژەو وێنەی جوان دەبینین ،بەلام جولەكانی بینەرو نە گونجانی شوێنەكانیان بۆ ئاستی بینین ، كاریگەری هەیە لە سەر ئاستی بینی نمایشەكە. بینەرو ئەكەتەرو هەردوكاین لە پرۆسەی نمایشدا تەواوكەری یەكترین ، نمایش لەهەرشوێنێك بێت ،لە ژوورێكی بچوكەوە بۆ ناو گەورەترین هوڵ .لە كەلاوەیەی بچوكی ناو گەرێكەوە تا ناو یارگایەكی گەرەورەی تۆپی پێ ، گرنگە بیر لە چونیەتی بینی نمایش بكرێتەوە لە چاوی بینەروە بۆ تێر بوونی چێژوی جوانی و ئاماژە شانۆییەكانی نمایش.

یەكێك لە تێبینەیكانی تر هەر سەبارەت بە شووێنەكە ئەوەیە كە بینەر دێتە ژوورەوە بەسەر پارچە خشتو ، هەنگاو نان بەسەر كۆمەڵە پارچە خشتی كۆكراوە،كە ئەمەش لەلایەكی ترە كاریگەری هەیە لەسەر زەوقی بینەر لە دوو لایەنەوە، یەكەم ئەگەر بینەرێك پێشتر بۆ سەردانی ئەو قەلایە چوبێت تەنها بۆ بینیێكی ئاسای ،كە جاری دووهەم دێت بۆ نمایشێك هەر بەهامان شیوە دەیبینیت، لیرەدا جیوازی ناكرێت لە شوێندا ،كاتێك كە بۆ نمایشەو كاتێك كە هەربوونیكی ئاساییە.كە پێویستە بینەر هەست بەو جیوزیەبكات كە شووێن بۆ نمایش بەكار هاتووە ،جیوزە لەو شوێنەی كە دشێت بۆ كۆریك بەكار هاتبێت. كاریگەری دووهەم ئەوەیە كە ئەو شوێنە بینەر دەكاتە خاوەن ریتمێكی نە شاز ،نەشاز لە جولەی هەوڵدان بۆ بینینی نمایش لە گۆشەیەكەوە كە ئاسان نیە بۆ بینین ،ئەوە شوێنە كە تەحەكوم دەكات لەسەر شێوەی وەستانی تۆ، وە هەر شوێنە كاریگەری هەیە لەسەر چۆنیەتی جولەی تۆ، جا ئەو جولەیە ئەگەر ئاوڕدانەوەیەكی بچوكیش بێت، لەم نمایسەشدا لەكاتی دەركەوتنی ئەكەتەرەكان لە شوێنی جیوازەوە




وایکردبوو کەبینەر بخاتە جولە لە گوشەکانەوە تا بتوانێت نمایشەکە ببینێت،لەکاتی جولەکانی بینەردا دەنگی خشتو،دەنگی پیَ و هەندێك شتی تر،کە ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر ریتمی نمایشەکەو چێژی بینین.

لە گرتەیەکدا کاتێك ئەکتەرێك دەردەکەوێت لەهەمان شوێنی فلوت ژەنەکە ،بەلام شیوەی وەستانی ئەو ئەکتەرە ریگری دروستکردووە بۆ موسیك ژەنەکە تا ئەوەی بەریەك دەکەون، بەلام دوای بەریەك کەوتنەکەش ئەم ئەکتەر هەولّنادات یەك تۆز بچیتە پیشەوە تا جولەی ئەکەتری موسیك ژەنەکە ئاسانتر بێت ،تا ئەکەتەری فلوت ژەن بە ناچاری جولەکانی تێك دەداتو هەموو جارێك بە خۆلادانێکی نەشاز جێگای خۆی دەکاتەوە تا بتوانێت بروات.

ئەوەی گرنەگە لە بەکار هێنانی شوێندا ڕەچاوکردنی کۆمەلێك ووردەکاریە لەسەر ئاستی بینی و چێژی جوان و بەخشینێك هێمایەك بە شوێنەکە و ەك شوێنێك بۆ نمایش.

(2)

هەموو نزیك بوونەوەیك لە ئاسمان ،نزیك بوونەوەیە لە پیرۆزیەکان و ەکو مانا ریتوالیەکەی ،نزیك بوونەماوەمان لەئاسمان هەستکردنە بە ئاسودەی و پاك





بوونەوەی ڕووح. لە رووی میتۆلۆژیاوە ئاسمان هەمیشە شوێنی جەنگی خواوەندەکان بووە، ئاسمان جێگای ساغکردنەوەی ماناکنی باشەو خراپەو جوانی و ناشرینی و ئاشتی و شەڕ بووە.دەر ئەنجامی هەموو ئەو جەنگانەش ،سیفەتە جوان و وپیرۆزەکان لە ئاسماندا ماونەتەوە.قورئان لە ئاسمانوە سێتە خوارەوە و مەسیحیش پاش لە خاج دانی بۆ ئاسمان بەرزدەکریتەوە. فریشتەکان هەموو خاوەن بالّن و بە ئاسماندا چاودێری ویژدانی مرۆڤرکان دەکەن.لەزۆربەی دینەکانیشدا دەست بەرزکردنەوە بۆ ئاسمان یەکیکە لە دیاریدەکانی پیرۆزی. لە کاتی نەبوونی بارانو ووشکە سالیدا، دەبێت لەسەر کێوکی بەرزو لەژێر ئاسمانێك بەرفەواندا پاڕانەو نوێژ ئەنجام بدرێت. بە هەموو مانە دیەنیەکان ئاسمان بەخشینی تواناو هیزو بەخشیەنەوەی ژیانە نمایشەکە لەسەر سروتە دین و پیرۆزەکان ،لە کەسایەتی فلۆت ژەنی بەشی بەرزایی قەلاکەدا ڕەنگ دەداتەوە، لیرەو وەك هەولّێك بۆ گەیشتنی دەنگەکان بە ئاسمان ،دەرهێنەر بەرزاییەکی هەلّبژاردووە تا توانای نزیك بوونەوەمان لە ئاسمان ئاسانتربیت ، بۆ بەگشتی کردنی ئەو دەنگەو تێپەڕاندنی لەدەنگێك زیاتر دەست نیشانکردنی هەوایەکی کراوەو ژیر ئاسمانێکی فراوانیکردووە، بەلام لێرەو لەنمیشەکادا نزیك بوونەوە لە ئاسمانو گەیشتن بە شتە پیرۆزەکان هەلگری مانایەکئ سەلەڤی نیە ،هەلگری لێکادانەوەیەکی دینی و ریتوالی سەرفنیە، لێرەدا ووشە بوونینیە ،پەیوەندی نیوان فلوت ژەن وئاسمان وەك پەیوەندی پاڕانەوەی کە سانی ناو کەنیسەو مزگەتەکان نیە، بەلکو تەواو خالّیە لەهەموو پیرۆزیە دینیەکان ، لەڕیگای فلۆتێك و میلۆدیەکەوە پەیوەندیەکانی نیوان مرۆڤ ئاسمان بەرجەستە دەبیت . فلۆتێك وك بوونێکی مادی و ئاوزێك وەك بوونێکی مەعنەوەی دەلالەتی گەیشتن بەدەنگی ئازاد و ڕەنگی ئازاد و ئازادبوونی ئینسان وەك کەسیکی تاکی سەربەخۆ. ئاوزێك کەدەمان گەڕێنێتەوە بۆ جوانیەکان. دەرهێنەر دەیەوێت بلّیت کە جوانیەکان لەسەر زەوی نەماون ،زەوی بۆتە دۆزەخ،زەوی بۆتە کەلاوەیك بۆمرۆڤەکان. ئێمە کاتیك ئەتوانین بگەڕێینەوە بۆ جوانیەکان ،کە پێمان لەزەوی دەبڕێت و هەنگاوەکانمان بەرەو ئاسمانە

# فیگەری حەز لە نمایشی "دەبا هەڵسم"

**بەیان سەلمان.. پاریس**

لـــە میانـــەی فیـــستیڤاڵی هونـــەر لـــە هەندەرانـــدا، ڕۆژی ٢٩ ئۆكتۆبـــەری ٢٠١١ هونەرمەندی شـانۆكار سـەركاو گـۆرانی بـە پارچە شانۆگەریی "دەبا هەڵسم" بەشداری كرد .

سەركاو گۆرانی ئەم نمیاشەی دەرهێناوە و لەگەڵ ژان بۆنریزا و لـویز مـونتیزا و مـاتیۆ سولێی، بەشداری لە نواندنیشدا كردوە .

ناوەڕۆكی شـانۆگەریەكە بەربـەرەكانێی دوو ژنە لەسەر پیاوێك. قین و توند و تیژی حەزی كەسـایەتیەكان تێكـەڵ بـە ئـەڤین و ژیانەی ڕۆژانەیان دەبێ.

سەركاو بە نێوەندی نووسین و دەرهێنان و نوانـدنی ئـەم پارچـە شـانۆگەریە دیـەوێ

چێمان پێبڵێ؟

لـە پانتاییـەكی دیاریكراودا بـە دیكـۆرێكی نێـو مـاڵی كلاسـیك و بـە روناكیـەكی بـێ دابڕان تیـشك دەخاتـە سـەر پەیوەندیـەكی ئاڵۆزی نێـوان ئـەو كەسـایەتیانە. سـەركاو لێهاتوانـــە پەنجـــە دەخاتـــە ســـەر دووبەرەكانێی نێوان دوو مێ لەسەر نێرێك و دوو فاقەی حەز و قین تێكەڵ بە ئاڵۆزیی ئەو پەیوەندیەوە دەبن .

شـانۆگەریەكە لـە پارچـەیەكی سـەرەكیی پێكهاتبوو و چەند دیمـەنێكی تێكهـەڵكێش تێاندا دیمەنەكان بە گۆڕانی كەسایەتیەكان جێگۆڕكێان پێدەكرێ، بێ ئەوەی پانتـایی دیـاریكراو وەك سـەكۆی شـانۆكە بگـۆڕێ.





ونبـــوونی كەســـایتیەكان لـــە پـــشت پەردەیـەكی لاتەنیـشتی سـەكۆی شـانۆكە تەنها بۆ ئەوەیـە كـە فیگـەری حـەز لـەبری ئـەوان دێتـە سـەر شـانۆ و قـسە دەكـات. تەنانەت هەڵبژاردنی سەكۆیەكی تەخت كـە لە هەمان ئاستی جەماوەردا بێ ئاماژەیەكە بـــۆ تێكـــەڵكردنی هەســـت و خواســـتی جەماوەر لەگەڵ كەسـایەتیەكان، جـەماوەر بەشـێكن لـــە نمایـــشكە بـــا لەملاوئـــەولای شانۆكەوەش دانیشتبن، واتە لە هەمان ئەو كاتەی كە پەروایزن بە ئامادبوونی فیگەری حەز ئەوانیش دەبنە بەشێك لە نمایـشەكە. دیـالۆگ لـیرەدا ڕۆڵێكـی كـەمی هەیـە، كـە هەشـــە بـــەلای تونـــد و تیژیـــدا دەچـــێ، ئەوەنـدەی فیگـەری حـەز بـە دەمامـك و شەپقەكەیەوە لە فیگەری فاوەستدا خۆیان دەنـــوێنن و دیـــوێكی ئەمـــدیوی حـــەزی شـاراوەی كەسـایەتیەكانمان بـۆ دەخاتـە بەرچاو، خودی كەسایەتیەكان ئەو ڕۆڵەیان نیـە كـە ئاشـكرای هەسـت و ئارەزوویـان بكەن. هـەر ئەویـشە لـەبری حـەزی ئـەوان قسە دەكـات، روخـساری راسـتی ئـەوانمان پێ نیشان دەدات كە لە روخسارێكی جوان و گەنجێتیـدا دەردەكـەون. فیگـەری حـەز ئەوەشە كە دەزانێ گاڵتە بـە چارەنووسـی ئەوانـە بكـات، بیخاتـە بەرچـاو جـەماوەری ئامادەبوو و كەسایتیە ونبووەكانی ئـەودیو



پـــەردەی شـــانۆكە، لـــە كاتێكـــدا ونبـــوونی ئەوان لە پانتایی دیاریكراو ناكاتـە ونبـوون و نـــەمانی حـــەز و ئـــارەزوو، هـــەر بۆیـــە فیگـــەری حـــەز مەترســـی ئـــەوانمان بـــۆ دەگوازێتـــەوە و بـــە خـــۆی و ماســـك و شـــەپقەكەیەوە هانمـــان دەدات ســـەرقاپ لەســەر ئــەو دیــوە راســتیەی لــە خۆمانــدا شـاراوەتەوە هەڵدەینـەوە و بـە راشـكاویی قسەبكەین. ونبوونی دیـالۆگی راسـتی ئـەو دیوەشمان بۆ رووندەكاتەوە، هەر ئەوە لـە بری ئەوان قسە دەكات با بڵێین بە راسـتی قسە دەكات با ماسكیشی لـە سـەر دەم و چاوی دانابێ. لێرەشـەوە خـودی فیگـەری حەز لە كاسایەتیەكان شاراوەیە بەڵام نـەك لـە ئێمـە، ئـەوە تـەنها ئێمـەی جـەماوەر



دیبینین و ئاگادارمان دەكاتەوە كە ئەوان چۆن تەماشای یەكتر دەكەن، چۆن درۆ دەكەن.
تەقسی خواردنەوە، سوراو و ئاوێنە و دەفتەری تۆماركردنی رۆژانەی كەسایەتیەكی ژن بەشێكی تەواوكەرن لەو حەزە شاراوەیە. ئەمەشە وا لە فیگەری حەز دەكات كاتێ دێتە سەر سەكۆ دەمامك و شەپقەكەی بگۆڕی، دانەیەك بە دانەیەكی دی دەگۆڕێ بێ ئەوەی حەز لە ناوبەرێ.
ئێمە ناچارین بیر لە فاوست بكەینەوە وەك فیگەرێكی كلاسیكی ئیمزاكردنی كۆنتراكتێك لەگەڵ حەزی كەسایتیەكان.
دوو خوشك حەز لە برایەك دەكەن. شەر و







ناكۆكی و بەربەرەكانێیان لەسەر ئەو نیرە دیوێكی ئەمدیوی كۆنتراكەتەكەی فاوەستە لەگەڵ رۆحی میفیستۆفیلیس. حەزی قەدەغە بەرابەر بە فرۆشتنی رۆح دیوێكی ئەو نمایشەیە، بێ ئەوەی بە تەواویی خۆی لە لایەنی ساكاریی شیكردنەوەی دەروونیی بدات. كاری ئەو نیە حەزێك قەدەغە بكات، ئەوەندەی كاری بە جەستەی كەسایتیەكانەوە هەیە لە پانتایی شانۆ وەك ئەلتەرنەتیڤی سەكۆی ژیان بیانجوولێنێ و پێمان بڵێ هەن.
لێرە هونەرمەند كاری بە جووڵەیە نەك شیكردنەوەی دەروونیی، لایەنی هێزی ئەم شانۆگەریەش پەیوەندی بەمەوە هەیە. سەركاو گۆارنی ئیشی تەواویی لەسەر جەستە كردەوە، بە شیوەیەكی ئاكادیمی سزای جەستە دەدات و لە قالبە كلاسیكەكانی ئامادەبوون و نمایشی جەستە دەریانی كردوە. كاری بە حەزی كەسایەتیەكانەوە هەیە كاتێ دەزانن چۆن لە دیالۆگێكی پڕ ورێنە سامناكیی حەزی ژن دەتەقێننەوە. ئەم تەقاندنەوەیە ئەوەندەی مەبەستێتی پێمان بڵێ ئەمە هەیە با شاراوەش بێ با ئێوە نكۆڵیشی لێبكەن، مەبەستی لایەنی سادەیی حەز نیە. ئەو ئیشی لەسەر ئاڵۆزیی جەستە و حەز كردوە نەك حەز وەك ئامرازێكی كاتیی كە بەسەر دەچێ و تێپەڕدەبێ. كۆتایی نمایشەكەش هەر بە فیگەری حەز تەواو دەبێ. ئاگاداركردنەوەیەكە بۆ بەردەوامیی ئالۆزیی ئەو چەمكە لە ژیانی بەشەردا سەرەڕای رەتكردنەوەی لە لەلایەن كۆمەڵەوە. بەم واتایە شاردنەوەی ئەو حەزە ناكاتە نەبوونی بەڵكوو توند و تیژیی لێدەبێتەوە و ئاكامی مردنی لێدەكەوێتەوە. حەز و مردن لە سەر شانۆ یەكدەگرنەوە. تەنها لەو پانتاییەدا باس دەكرێ ئەو دەمەی ئاشكراش كرا ون دەبێ.
لە چركەی دەرچوونی كەسایەتیەكان لە سەكۆی شانۆكە بەرەو حەوشەكە، شۆكێكی تەواومان لەلا درووست دەكات. دەرگایەكی جامخانە كرایەوە، بایەكی سارد خۆیكرد بە ژوورا، لەم دیوەوە كەسایەتیەكانمان وەك خۆمان و وەك كەسانی بێگانە دەبینی(بێگانە لە دەقەكە و لە خودی شانۆكە كە پێش تۆزێك نمایشیان لەسەر سەكۆكەی دەكرد)، جووڵە و كردەوە و قسەكردنیان چیدی بایەخی نەما. بە بڕوای من، هەر ئەم چركەیەشە تەواویی ناونیشانەكەی "دەبا هەڵسم" ئاشكرادەكات وەك بێەوێ بەخەبەرمان بهێنێ، ئەو بایە ساردە تەنها ئاگاداركردنەوە و لە خەو هەڵسانمان وەبیر



دەهێنێتەوە، ئەمدیوی ڕۆژ و ئەو دیوی شەومان بۆ بەرجەستەدەکات، دەروە و ناوەوە و حەز و قین، هەموو ئەمانە دوو فاقەی ئەو بەربەرکانێ ئەنتۆلۆژیەیی مرۆڤمان بۆ وێنا دەکات، تەنانەت شەو و ڕۆژیش تێدا دەبنە ئاکتەرێك و دیوی شاراوەی کاسایەتیەکانمان بۆ ڕەوان دەکاتەوە، واتە ئەو دیوە شاراوەیەی کە خۆشیان لێی دەترسێن. ئەو دەرگا کردنەوەیە چرکەیەکی ئیجگار جوان بوو تێدا سەرکاو گۆرانی دەیەوێ پێمان بڵێ ئەو جۆرە شۆکە جەماوەر چاوەڕێی







ناکەن، چوونکە وەك ئەوە وایە هەموو شتێ بۆ ئێمە جێهێڵن و ئیدی خۆمان ببینە ئاکتەری داهاتووی ڕووداوەکان. ئەوان لەوێدا ڕۆڵیان کۆتایی پێهات و لەمەودوا ڕۆڵی ئێمە دێتە پێشێ و تەنها ئەمەیان ڕاستە، یاخود بەرەوڕووی ئەو ڕاستیەمان دەکاتەوە سا یان بە باشیی پێی هەڵدەستین یاخود خۆمانی لێدەشارینەوە و وەك کەسایتیەکانی نێو شانۆکە لە سەکۆی ڕووداوەکان خۆمان دەدزینەوە و تەنها فیگەری حەز بە دەمامك و شەپقەکانیەوە لەبری ئێمە دێتە قسە و ناواخنمان ئاشکرادەکات .

# باکۆ سۆرانی:



## شانۆ پرسیار لە بوونی مرۆڤ دەکات لە هەر کولتورێکی جیاوازدا بێت

**گفتوگۆ: کامەران سوبحان**

باکۆ سۆرانی، لەم چاوپێکەوتنەدا تیشکدەخاتە سەر کارو چالاکییە شانۆییەکانی لە وڵاتی هۆڵەندا و باس لە دروستکردنی (تیپی شانۆی بێ سنوور)دەکات بەهاوکاری کۆمەڵێك هونەرمەندی نەتەوەو زمان جیاواز، باکۆ دەرچووی بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانییە و لە قۆناغی قوتابیەتییەوە لە پەیمانگە یەکێك بووە لە شانۆکارە جدییەکان و هەمیشە لە کارو چالاکی شانۆیی بەردەوام بووە، ماوەی نزیکەی ١٨ساڵە لە هۆڵەندا دەژی، وەك شانۆکارێك توانیوویەتی خۆی لەگەڵ ئەو کولتوورەدا بگونجێنێت، کە تێیدا دەژی و بەردەوام لە کاری شانۆیی دانەبڕێت، بەمەش هەمیشە جێگەی گرنگی رۆژنامەو میدیاکانی هۆڵەندابوو، باکۆ سۆرانی لە ساڵی ١٩٩٤ یەکێك بوو لە دامەزرێنەرانی (تیپی شانۆی بێ سنوور) کە ئەم گروپە شانۆییە بەردەوام لە فێستیڤاڵە هونەرییە ناوخۆییەکانی هۆڵەنداو ئەوروپا ئامادەبوونێکی بەردەوامیان هەیە، یەکێکن لە گروپە شانۆییەکانی ئەو وڵاتەکە کە لە کاری شانۆیدا پشت بە بابەت و ئەکتەر و نمایشی فرە کولتووری دەبەستن و پێیان وایە ئەوروپای مۆدێرن ئەوروپای فرە زمان و فرە رەنگ و فرە کولتوور و فرە ئاینە، پێویستە ئەم هەمەچەشنییەش لە بەرهەمەکانیاندا رەنگ بداتەوە.

***دەکرێت بزانین (تیپی شانۆی بێ سنور) ئامانج لە دامەزراندنی چییە و ئەو گروپە وەك تیپێکی شانۆیی لە هۆڵەندا چی کاریگەرییەکی هەبووە لەسەر بزوتنەوەی شانۆیی؟**

-لە راستیدا من هەر لە گەیشتنم بەم وڵاتە بەردەوام لە شانۆ دانەبڕاوم و سەرقاڵی کاری شانۆییم، بەمەش توانیومە لەرێگەی (تیپی شانۆی بێ سنور)ەوە بەردەوامبم لە کاری شانۆیی و تا ئێستاش چەندین بەرهەممان هەبووەو توانیومانە پردێکی باشی پەیوەندی نێوان شانۆ و بینەرو چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی هۆڵەندی دروستبکەین. چونکە هۆڵەندا و ئەوروپا ئێستا بەهۆی کۆچ و جیهانگەراییەوە بووەتە نیشتیمانێکی فرە کولتوور و فرە زمان، ئەم پەیوەندییە دروستکردنەی کولتووریش بە بڕوای من یەکێکە لە ئامانجە سەرەتاییەکانی شانۆ لە مێژووی هەموو میلەتاندا و پێویست ئێمەش بە وردی و هۆشیارییەوە کار لەسەر ئەو پەیوەندییە کولتوورییە بکەین.

*کەی (تیپی شانۆی بێ سنور)دامەزراوە، ئامانجی سەرەکی لە دامەزراندنی گرووپە شانۆییەکەتان چییە ئایا هەموو هونەرمەند و ئەندامانی گرووپە شانۆییەکەتان کوردن؟

-نەخێر هەموومان کوردنین، تیپەی (تیپی شانۆی بێ سنور) لە ساڵی ١٩٩٤ لەسەر دەستی کۆمەڵێك شانۆکاری کورد و هۆڵەندی و میللەتە جیاوازەکانی تری هۆڵەندە دامەزراوە، لەو شانۆکارە کوردانەش کە بەشداری شانۆییەکان دەکەن وەك ئەکتەر، بریتین لە (فەیسەڵ سابری، باکۆ سۆرانی، هاوژین باخریا، زاگرۆس جەبار، سامان ژین و... هتد)



ئەمە جگە لە شانۆکارانی نەتەوە جیاوازەکانی تری ناو هۆڵەندە، کە هەموویان شانۆکاری باش و جدین و بەردەوامن لە کاری هونەریی و تا ئێستا دەیان بەرهەمی جیاوازی فرە کولتووریمان لە فێستیڤاڵ و چالاکییە شانۆییەکانی هۆڵەندا و ئەوروپادا نمایش کردووە.

***ئایا تا ئێستا (تیپی شانۆی بێ سنور) دوای ئەو بەشداری کردنانەی هیچ خەڵاتێکی هونەریی لە فێستیڤاڵەکاندا بەدەستهێناوە؟**

-بەڵێ، بە دڵنیاییەوە تا ئێستا چەندین خەڵاتی شانۆییمان وەك ئەکتەر و دەرهێنان بە دەستهێناوە، بەردەوامیش ئامادەییمان لە فێستیڤاڵە شانۆییەکانی هۆڵەندا هەیەو توانیوومانە ببینە جێگەی سەرلانجی ناوەندی میدیایی و ڕاگەیاندنی ئەو وڵاتە.

***هۆڵەندا تازەکە) یەکێك بوو لە بەرهەمە شانۆییەکانی ئێوەو تا ڕادەیەکی زۆریش دەنگدانەوەی هەبوو لە ناوەندی میدیایی و هونەریی هۆڵەندادا، چیرۆکی ئەم شانۆییە باس لە چی دەکات و لەسەر چ بابەت و باسێك چیرۆك و تەکنیکی شانۆییەکەتان داڕشتووە؟**

-چیرۆکی ئەم شانۆییە چیرۆکێکی سەرنجڕاکێش و گەرماو گەرمی کۆمەڵگەی





هۆڵەندییە، باس لە گەڕان و پرسیارکردن دەکات لە خود و لە پرسیارە کەینونییەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵگەیەکی وەك هۆڵەندا دەکۆڵێتەوە، باس لە مامەڵەی هاوڵاتیی بیانی دەکات لەو کۆمەڵگەیەو چۆنییەتی خۆگونجاندنی لەگەڵ کولتوورێکی تازە کە کولتووری هۆڵەندییە، دیارە ئەم باسەش گەرموگوڕییەکی لە ڕادەبەدەری هەیە لە کۆمەڵگەی هۆڵەندەدا، چونکە ئێستا پرسی پەناهەندە و بیانی لە وڵاتانی ئەوروپا و هۆڵەندا پرسێکی زۆر گەرموگوڕەو بەردەوام لە میدیا و کەناڵە جۆراوجۆرەکانەوە باسی لێوە دەکرێت.

***کێ ڕۆڵی سەرەکی لەم شانۆییەدا دەبینێت؟**

-پاڵەوانی شانۆییەکە ئەکتەرێکە بەناوی (عەبدۆ) ئەم ئەکتەرە لەم شانۆییەدا دەگەڕێت بەدوای خودی خۆیدا و دەیەوێت پانتاییەکی تازە لەو کولتووورە تازەدا بدۆزێتەوە کە ئێستا لە هەوڵی ژیاندا تێیدا، هەوڵی بەردەوام ئەم کارەئەکتەرە لەم شانۆییەدا بەردەوام بۆ پانتایی ئازادو بیرکردنەوەی ئازادەلەو کولتوورە جیاوازەی کە بەری دەکەوێت و جیاوازە لەو کولتوورەی کە خۆی تێیدا ژیاوە لە وڵاتەکەی خۆیدا، (عەبدۆ) بەردەوام دەیەوێت لەو کولتورە تازەدا خۆی بگونجێنێت و لەگەڵ کەشی وڵاتە تازەکەدا هەڵبکات، بەڵام ئەو بەردەوامی لەژێر سانسۆردایە، بۆیە بەردەوام لە ڕاڕایی و نا دڵنیاییدا دەژی، لەبەر ئەوەی ناتوانێت لەگەڵ ئەو کولتووورە تازەدا خۆی بگونجێنێت.ئەمەش بێگومان حاڵەتێکی تەندروستی و دەرونی خراپی بۆ دروستدەکات لە چیریکی شانۆییەکەدا.

***دەکرێت بڵێین پرسی پەناهەندە و کولتووورە جیاوازەکان لەم شانۆییەدا پرسێکی گەرم و گوڕەو گوڕەو ئێوەش بە مەبەست کارتان لەسەر کردووە؟**

-بەڵێ بە دڵنیاییەوە وایە، چونکە ئەمڕۆ وەك وتم ئەو باس و خواستانە لە نێوەندە سیاسی و میدیاییەکەی ئەوروپا باس و خواستی زۆری لەسەرە، شانۆش لەو نێوەندەدا داتەبڕاوەو پرسیار و هەڵوێست و قسەی خۆی هەیە ئێمەش هەر لەم لایەنەوە ویستوومانەکارەکانمان پێشکەش بکەین، چونکە پرسی ناسنامە و پەناهەندە گەرمترین پرسی بیست ساڵی ڕابردووی وڵاتانی ئەوروپایە.

***شانۆ لەو باس و خواستەدا کە لەسەر**



**پەناهەندە و ناسنامەی مرۆڤی هاوچەرخ دەکرێت لە وڵاتانی ئەوروپادا دەتوانێت چی بکات؟**

-دەتوانێت زۆر شت بکات، شانۆ پرسیار لە بوونی مرۆڤ دەکات لە هەر کولتوورێکی جیاوازدا بێت، شانۆکاری کورد دانەبڕاوە لە کولتووری هۆڵەندای تازەدا، چونکە ئێمە لە تیپەکەمان تەنها کوردنین یان هۆڵەندی نیین، چەند زمان و کولتوورێکی جیاوازین.بەهەموومانەوە دەمانەوێت







پرسیارێکی ئینسانی بوروژێنین نەك پرسیار و شتێکی لاوەکی.

باکۆ سۆرانی–یەکێکە لە دەرهێنەرە شانۆییە چالاکەکانی کوردی ئەوروپا، دەرچووی بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانییە، لەساڵی ١٩٩٤ لەگەڵ کۆمەڵێك لە ئەکتەر و هونەرمەندی فرە نەتەوەو فرە رەگەز تیپی شانۆی بێ سنووریان لەو وڵاتە دامەزراند، ئەم تیپەش یەکێکە لە تیپە شانۆییە چالاکەکانی هۆڵەندا و ساڵانە لە بۆنە و مەراسیمە تایبەتییە هونەرییەکاندا بەرهەمی کولتووریان هەیە و لەلایەن حکومەتی ئەو وڵاتەوە پشتگیریی مادی و مەعنەوی دەکرێن، ئەم تیپە شانۆییە وای دەبینن هۆڵەندا و ئەوروپا ئێستا بەهۆی کۆچ و جیهانگەراییەوە بووەتە نیشتیمانێکی فرە کولتوور و فرە زمان، هەربۆیە هەموو شانۆگەریی و چالاکییە هونەرییەکانیان گرنگ دەدات بە پرسی فرە کولتووری لە کۆمەڵگەی هۆڵەندا و ئەوروپاو ئەو بابەتە رەنگدانەوەی لە شانۆییەکانیاندا هەیە.

نیگار حەسیب و شەماڵ عومەر

# خەڵاتی تایبەتی (باشترین دەنگ و شانۆی ڕیتوالی)یان لە ئوردون پێ بەخشرا









) بەو پێیەی ئەم ئەزموونە خاسیەتی شانۆی ڕیتوالی لە خۆ گرتووە و وەکو نووماەیشتێکی ڕیتوالیش بە تەواویی لەتەك ئامانج و خواست و ناونیشانی ئەم فیستیڤاڵەدا دەگونجێت، هەروەها بۆ ئەو پێشنیارە داهێنەرانەیان لە بەکارهێنان و بەجێهێنانی دەنگ و بە یەکداچوونی هارمۆنی دا، جگە لەمانەش لە مامەڵەکردنیاندا لە تەك سەرچاوەی میتۆلۆژیادا و بەرجەستەکردنی بەشێوەیەکی داهێنەرانە و خولقێنەر، هەروەها بۆ ئەو توانستە دەنگی یە باڵایەی هەردووکیان، ئەوا لیژنەی فیستیڤاڵ بڕیاری دا (خەڵاتی لیژنەی تەحکیمی تایبەت) بۆ نووماەیشتی شانۆی ڕیتوالی (مۆنۆس) ی هەردوو داهێنەر نیگار حەسیب و شەماڵ عومەر ببەخشێت(

ئەمە بڕیاری لیژنەی تەحکیمی پێنجەهەمین فیستیڤاڵی (عشیات گقوس المسرحیە الدولیە) بوو لە ئوردون لە ماوەی ٢ بۆ ٦ ی مانگی سێپتەمبەری ٢٠١٢ کە لەشاری عەمان سازدار ، کە ساڵانە لە لایەن (فرقە گقوس المسرحیە) یەوە بە ئەنجام دەگات.

شایانی باسە سەرجەمی بۆچوون و سەرنجی بینەران و ڕەخنەگران و لیژنەی باڵا و هەروەها دادوەری فیستیڤاڵەکە لەو خاڵەدا یەکیان دەگرتەوە، کە ئەزموونەکەی لابۆری شانۆی لالشی نیگار حەسیب و شەماڵ عومەر تاکە ئەزموونێك بوو کە لەم فیستیڤاڵەدا کە بە شێوەیەکی سەرنج ڕاکێش و سەرسوڕهێنەر مامەڵەیەکی داهێنەرانە لەتەك چەمکی ڕیتوال و ووزەی ڕیتوالیدا بکات. ئەوەی شایانی باسە کارەکانی تری ئەم فیستیڤاڵە سەرەڕای توانستی هونەرییان، ئەوا وەکو هەر نووماەیشتێك بەدوور لە خستنەکاری چەمکی ڕیتوال لە شانۆدا، بەجێ گەیشتوون .

هەڵبەتە هەر لە سەرەتاوە وا بڕیار بوو کە لەم فیستیڤاڵەدا تەنیا تاکە خەڵاتێك بە باشترین نووماەیشتی ڕیتوالی ببەخشرێت، بەڵام سروشتی کارەکان وایانکرد کە خەڵاتی فیستیڤاڵی ئەمساڵ وەکو هەر فیستیڤاڵێکی تر بەدوور لە خاسیەتی شانۆی ڕیتوالی بەسەر کاتیگۆری جیاوازدا دابەش بکرێت.

لێرەشدا لیژنەی دادوەری بەوپێیەی کە ئەزموونەکەی لابۆری شانۆی لالش تاکە ئەزموونی ڕیتوالی بووە لەم فیستیڤاڵەدا ئەوا خەڵاتێکی تایبەتی بۆ باشترین




خستنه کاری دەنگ و ڕیتوال بە ئەزموونی (مۆنۆس) ی نیگار حەسیب و شەماڵ عومەر بەخشی.

نیگار حەسیب دەڵێت: (زۆربەی ئەو فیستیڤاڵە جیهانیانەی کە ئێمە تا ئێستا بەشداریمان تیادا کردووە، بریتی بوون لە فیستیڤاڵی ئاڵوگۆڕ نەك فیستیڤاڵی نوومایشت و پێشبڕکێ. سەرەڕای ئەمەش هەندێ لەو فیستیڤاڵانە کە کاتیگۆری خەڵاتیان هەبووە، ئەوا لیژنەکانی دادوەری بەدیدەیەکی ترەوە ئەزموونەکانی ئێمەیان بینیوە و هەمیشە ئەوە سەرنجی ڕاکێشاون کە کاری لابۆری شانۆی لالش وەکو ڕەوتێکی تری ئەزموونکاری بەدەرە لە چەمکە ناسراوەکانی "نوومایشتی شانۆیی" ، هەروەها زۆر بە گرنگی یەوە "پێکهاتەی پێرفۆرمانسی" و "سروشتی پێرفۆرماتیڤی" ئەزموونەکانمانیان لەبەرچاو گرتووە.

بۆیە هەردەم لە هەڵسەنگاندنیاندا خەڵاتێکی تریان ئیزافەکردۆتە سەر کاتیگۆری خەڵاتی فیستیڤاڵەکە، بۆ نموونە ساڵی ٢٠٠٩ لە سارایڤۆ "خەڵاتی دەنگی مێس" بۆ (باشترین بەکارهێنانی دەنگ لە پێرفۆرمانسدا) بە ئێمە بەخشرا، لەمساڵدا لە مەکەدۆنیا خەڵاتی جیهانی "شانۆ وەکو دیالۆگی نێوان شارستانیەکان" و لە ئوردون بۆ "باشترین خستەنکاری دەنگ و ڕیتوال". بۆیە بە دڵنیاییەوە دەڵێم، ئەوەی دڵخۆشمان دەکات تەنیا خەڵاتەکە








و کاتیگۆرییە تایبەتیەکەی نی یە، بەڵکو زیاتر دیدەی بینەران و ڕەخنەگران و هونەرمەندان و لیژنەی دادوەرییە کە هەمیشە ئەزموونەکانی ئێمە بەرز دەنرخێنن و وەك ڕێگەیەکی تری گەڕانی ئەزموونکاری دەبێتە جێگەی سەرنج و سەرسوڕمانیان(.

هەروەها جگە لەم خەڵاتەش ئەوا لە ئێوارەی ئاهەنگی کردنەوەی فیستیڤاڵەکەشدا "خەڵاتی ڕێزلێنان لە کاری لابۆری شانۆی لالش لە فیستیڤاڵەکەدا" لەلایەن وەزیری ڕۆشنبیری ئوردونەوە بە شەماڵ عومەر بەخشرا و هەروەها لە ئێوارەی ئاهەنگی



کۆتـایی فیتـسیڤاڵەکەشدا لیژنـەی باڵـای فیـستیڤاڵەکە داوایـان لـە لابـۆری شـانۆی لالش کـرد کـە کردنـەوەی سـێرەمۆنی ئـەو ئێوارەیـە بـەجێ بگەیـەنن. لێرەشـدا دوای ووتەیـەکی شـەماڵ عومـەر ئـەوا نیگـار حەسیب ئەکتسیۆنێکی دەنگی بـە ئـەنجام گەیانـد، کـە بـووە مایـەی سەرسـوڕمان و چەپڵەڕێزانی ئامادەبووان.

ئەم ئەزموونە کوردییـەی نیگـار و شـەماڵ لەلایـەن باڵیۆزخانـەی نەمسا لـە ئـوردون بەگەرمی پشتگیری و هاریکاری کراوە.

شایانی باسە لابۆری شانۆی لالشی نیگار و شـەماڵ لـە مـانگی مـارتی ئەمـساڵەوە لـە گەشـتێکی بەردەوامـدان بـە جیهانـدا، لـە





پـاش ئەزموونەکـەیان لـە مەکـەدۆنیا لـە مـانگی حـەوتی ئەمـساڵدا کـە تیاییـدا خەڵاتێکی نێودەوڵەتیان پی بەخشرا، ئـەوا تا ئێـستا جگـە لـە بـەڕێوەبردنی "لابـۆری کـراوە" لـە ڤییـەنا، چـەندەها ئـەزموونی تریـان لـە هـاوینی ئەمـساڵدا لـە چـەند شارێکی تری نەمسا بەئەنجام گەیاندووە.

جگە لەمانـەش کۆتـایی مـانگی هەشـت لـە گونـدێکی نزیـك شـاری نـاپۆلی لـە ئیتالیـا بوونــە میــوانی ســەنتەرێکی نــوێ ی توێژینــەوەی شــانۆیی کــە یەکــەمین ئـەزموونی ئـەم سـەنتەرە بـە ئـەزموونی لابۆری شانۆی لالـش کرایـەوە و تیایدا بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك بە پـێ ی پرۆگرامێکـی لابۆریانە نیگـار و شـەماڵ کاریـان لـە تـەك بەشـداراندا کــرد و ئەمــەش پێکهێنــانی سەرەتای پرۆژەیەکی ئایندەیە لە ژێر ناوی پرۆژەی (نەمسا، کوردسـتان، ئیتالیـا) کـە وا بڕیــــارە زنجیرەیــــەك ئــــەزموونی پێرفۆرمانــسی و کــۆنفرانس و ئــاڵوگۆری میتــۆدی و ۆرك شــۆپ بگرێتــە خــۆی بەسەرپەرشتی نیگار و شەماڵ.

ئێـستا لابـۆری شـانۆی لالـش بەگـەرمی سـەرقاڵی پـرۆژە و توێژینـەوە و گـەڕانی ئەزموونکارانــەی بەردەوامــە، لەوانــەش کـارکردن لـە پـرۆژەی (نۆمـادن)دا لەتـەك گرووپــە نێونەتەوەییەکەیــدا و ، کــاری توێژینەوەی پراکتیکی بەردەوام لە هەردوو ئـەزموونی (مۆنـۆس) و (بـێ سـێبەر) دا و، هەروەها خـۆ ئامـادەکردن بـۆ گەشـتەکانی تـری لـە سـەرەتای مـانگی ئۆکتۆبـەری ئەمساڵەوە بۆ چەند شارێکی تری نەمسا و چەند وولآتێکی تری ئەوروپا.



## هارۆڵد پنتەر

# سیستمی نوێی جیهانی

و: لە فارسیەوە: مەجید ساڵح

(پیاوێك كە چاوی بەستراوەتەوە لەسەر كورسیەك دانیشتوە. دوو پیاو (دس و لیوئل) سەیری دەكەن)

دس: ئەتەوێت شتێك سەبارەت بەم پیاوە بزانی؟

لیوئل: چی؟

دس: كابرا هەر بەخەویش نازانیٚ ئێمە دەمانەوێت چی پێبكەین.

لیوئیل: بەڵیٚ، بە خەویش نایبنیٚ.

دس: بەڵیٚ، هەر بە خەویش نایبینیٚ. ئەم زنجیرە كارانەی كە لەوانەیە ئێمە پێی بكەین، هیچ بەخەویش نابێنیٚ.

لیوئیل: ئەو كارانەی كە ئێمە دەمانەوێت پێی بكەین.

دس: ئەو كارانەی كە ئێمە دەمانەوێت پێی بكەین.

(وستان)

دس: باشە، هەڵبەت ئێمە هەندێك لەو كارانەی پیٚ دەكەین.

لیوئیل: لەوانەشە هەموی پیٚ بكەین.

دس: بەو جۆرە لەوانەیە بیٚ سود بێت.

لوئیل: بێمانایە.

(سەیری پیاوەكە دەكەن، ئارامە)

دس: بەلاّم لە هەموو حاڵەتەكاندا ئەو لێرەیە، لێرەیەو بە قەد نوكە دەرزیەكیش نازانیٚ ئێمە دەمانەوێت چی لێبكەین.

لیوئیل: هەڵبەت لەوانەیە بە قەد نوكە دەرزیەك بزانیٚ.

دس: شتێكی زۆر نادیار، بەڵیٚ. لەوانەیە.

(دس بەسەر پیاوەكەدا دەچەمێتەوە)

دس: ئەزانی؟ بۆ خۆت چی دەڵێی؟

(دەوەستیٚ)

دس: بەڵیٚ با بەم جۆرە بیلێین. ئەو شتێكی كەم سەبارەت بەو كارەی لەوانەیە ئێمە پێی بكەین دەزانیٚ، لە راستیدا ئەو كارەی كە دەمانەوێت پێی بكەین.

لوئیل: یان لە گەڵ ژنەكەیدا. ژنەكەیت لە بیر نەچیٚ. ئەو شتێكی كەم سەبارەت بەو كارەی لەوانەیە ئێمە لە گەڵ ژنەكەیدا بیكەین دەزانیٚ.

دس: باشە، لەوانەیە شتێك بزانێت، ئەگەری ئەوەیە هەیە گەیشتنبێتە هەندێك شت. ئاخر ئەو رۆژنامەی خوێندوەتەوە.

لوئیل: كام رۆژنامە؟

(وەستان)

دس: ئەویش قسەیە.

لوئیل: ئەم "گزگڵ"ە كێیە؟ چی كارەیە، لادێییە یان ئوستادی ئەدەبیات؟

دس: ئەمە ئوستادێكی ئەدەبیاتی زباڵەیە.

لوئیل: ئەی ژنەكە؟

دس: خۆ ژنان حەزیان لە ئەدەبیات نییە.

لوئیل: ئاە، نەمدەزانی. من هەموجارێك لە گەڵ دایكمدا لەسەر ئەو مەسەلەیە دەبوە دەمەقاڵەمان، تەقریبەن هەمووجارێك.

دس: كام مەسەلە؟

لوئیل: ئاە خۆت دەزانی، مەسەلەی مێینەو حەزكردنیان لە ئەدەبیات.

(وەستان)

دس: دایكت چیدەوت؟

لوئیل: دەیوت ...

دس: چی دەوت؟

(وەستان)

لوئیل: لەبیرم نەماوە.

(دەگەڕێتەوە بۆ لای پیاوی سەر

کورسیەکە)

لوئیل: چەپەڵ

دس: نارەسەن.

(بەدەوری کورسیەکەدا دەسورێتەوە)

لوئیل: ئەزانی بەلای منەوە چی لە هەموو شتێك زیاتر مرۆڤ بێ ئومید دەكات؟

دس: چی؟

لوئیل: ئەوەی کاروبارمان کەوتوەتە دەست کۆمەڵە خەڵکێکی نەزان... یەکێکیان ئەم ناپیاوە درێژی نەزانەیە.

دس: دواین جار پێت وت گزگڵ.

لوئیل: چی؟

دس: دواین جار پێت وت گزگڵ. ئێستاش پێی دەڵێی گونە. چەند جار پێت بڵێم؟ دەبێ ئەو وشانەی بەکاری دەهێنی باش بناسی و ئەنجا بەکاری بهێنیت. نابێت جارێك پێی بڵێت گزگڵ و جارێکیش گونە. ئەو دوو وشە لە زمانەوانیدا جیاوازن. تۆ لە زمانەوانیدا بە قەد کەرێك نازانی. چیت پێدەڵێم لە گوێی بگرە.

لوئیل: من تێناگەم؟

دس: بەڵێ وایە. تۆ کە نایزانی سودی چیە بۆت. تۆ کە دەزانی قسەکردن چ سودێکی بۆت هەیە.

لوئیل: بەڵێ، دەزانم.

دس: بەڵێ دەبێ بزانی. وەك ئەم کابرایە سەیری کە. ئەمە نمونەیەکی پلە یەکە. تێدەگەی چی دەڵێم؟ پێش ئەوەی بگاتە ئێرە پیاوێکی سەرزل بوو، هەرپرسیارێك بە مێشکیدا بهاتبایە دەیکرد. ئێستا ـ لەبەرئەوەی نێگەرانی ئەو شتەیە کە بەسەریدا دێت ـ کپ و دامرکاوەتەوە، هیچی بۆ وتن پێ نییە. دەمەوێ بڵێم تا ماوەیەك پێش ئێستا پیاوێکی خاوەن ئیمان بوو، پیاوێکی بە ئەخلاق، بەڵام ئێستا چییە؟ تەنها لاق درێژێکە .

لوئیل: یان گزگلێك.

دس: هێشتا کارمان پێی ماوە. بگرە هەر دەستمان پێ نەکردوە.

لوئیل: بەڵێ، هێشتا کارمان پێی ماوە. بگرە هەر دەستمان پێ نەکردوە. باشە، دەستمان پێ نەکردوە.

دس: دوای ئەوەش نورەی ژنەکەی دێت.

لوئیل: بەڵێ. هێشتا کارمان پێی ماوە. بگرە هەر دەستمان پێ نەکردوە. باشە، دەستمان پێ نەکردوە.

دوای ئەوەش نورەی ژنەکەی دێت.

دس: ئەسڵەن دەستی پێنەکردوە.

(لوئیل دەست دەخاتە سەر دەموچاوی و دەست بە گریان دەکات)

دس: ئێستا تۆ بۆ دەگریت؟.

لوئیل: حەز دەکەم حەز دەکەم. حەز دەکەم.

(خۆی بە شانی دیسدا ئاوێزان دەکات)





لوئیل: سەیرەکە. دەبێ شتێکت پێ بڵێم. دەبێ پێت بڵێم. ناتوانم بە کەسی دیکەی بڵێم.

دس: باشە. بیڵێ. چییە؟ بە من بڵێ؟

(وەستان)

لوئیل: هەست دەکەم من زۆر پاکم.

(وەستان)

دس: باشە حەقی خۆتە. حەقی خۆتە هەست بە پاك بونی خۆت بکەی. دەزانی بۆ؟

لوئیل: بۆ؟

دس: چونکە تۆ لە پیناوی دیموکراسی و یەکسانیدا و هەموو شتەکان دەکوژی.

(سەیری چاوەکانی یەکتری دەکەن)

دس: حەزم لێیە تەوەقەت لە گەڵدا بکەم.

(دس تەوقە لە گەڵ لوئیلدا دەکات. دوای زمان لەو پیاوە دەردێنێ کە لە سەر کورسیەکە دانیشتوە)

دس: ئەو ناپیاوەش دیتە سەر خەت....

(سەیری سەعاتەکەی دەکات).... نزیکەی سی و پێنج دەقەی دیکە...